(وَلا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ)

ئابووری لە ئیسلامدا

نووسەر:

مامۆستا عبدالقادر توحیدی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس وسەنای شایان پێشکەش بەزاتی خوای خاوەن بەخشش وکەرەم لافاوی ڕەحمەتی خوا بڕژێ بەسەرگیانی پاکی پێغەمبەرویارولایەنگرانی هەتاهەتایە.

ئیسلام ڕێبازیخوای خاوەن بەخشش وکەرەمەو هەروەکو خاوەنەکەی هەرگۆشەیەکی هەڵدرێتەوە ئەوەندە ووردەکاری تیاکراوە وائەزانرێت کەتەنیا لەوگۆشەدا ئاگادارەو پڕیەتی لەخەیروبەرەکەت وبۆهەرگۆشەیەکی ژیانی ئادەمیزادبەرنامەیەکی تێروتەسەلی وای هەیەکەهیچ بەرنامەیەکی دەست کردی بەشەرناگات بەتۆزی قولیاو هەموومرۆڤێکی ژیرودانالەبەرانبەریەوەسەری ڕێزی بۆنەوی ئەکات وەدەستی بۆبەسینگەوە ئەگرێت ودان بەوەدائەنێت کەتەنیاخاوەنی ئەویاسایەماڤی گوێڕایەڵی وپەیڕەوی کردنی هەیەوکەسی تر.

گۆشەیەك لەوگۆشانە ئابووری یە(الاقتصاد)کەلەم بوارەدا تاقانە ڕێبازی دادپەروەری کۆمەڵایەتی یەوتائەویاسا، کاربەدەستی وولات بووەکەسێك بیٚ مشورخۆرنەمابووتەنانەت لەوئەفریقای کەئەمڕۆ ڕۆژانەلای کەم چل هەزار منالٚ لەبرسیا ئەمرێت وگویٚ ی خەڵك لەقسەی بریقەدارو ووشەی ماڤ مرۆڤ خەریکە هەلا هەلا ئەبێت فەقیرێك نەمابوو زەکات لە(بیت المال)وەرگرێت جابائەوانەی کەخۆیان بەدڵسۆزی مرۆڤ ئەزانن زانایانەوبیٚ غەرەز سەرنجێك لەم ئایینە ئینسان پەروەرە بدەن وقازانج وسوودی خۆیان وگەلەکەیان لەو وەرگرن ولەمە زیاتر باگەلان بەتایبەت گەلی بەشخوراوی کوردمان دەربەدەروچەوساوەو ژێر چەپۆك نەبێت وتراوە(هەڵە لەهەرکوێیدا وازی لیٚ بێنیت هەرقازانجە)هەرشتێك کەمایەی خەیروخۆشی مرۆڤ بێت ئیسلام داواکاریەتی وهەرشتێکیش کەمایەی خراپەو کەمی وزیانی مرۆڤ بێت ئیسلام بەتوندی بەگژیائەچێت کەوابووباهەموخەڵك بزانن کەدڵسۆزانی ئەوانەن پەیڕەوانی ئیسلامن وناحەزانی لایەنگروپەیڕەوانی بەرنامەو ڕێچکەکانی ترە جائەو کەسەی کەلەبارەی ئیسلامەوە شتێکی ناڕێکی لەدڵدایە بابێتە مەیدان ودەستی لەسەرتاقە خاڵێکی ناتەواوی دانێت وەئەگەرمەردی مەیدان نی یە بادەست لەشەیتانی و خەڵك فریودان بکێشێتەوە ئیسلام چیایەکی زۆر بەهێزەو هەرکەس سەری لیٚ دات تەنها مێشك پڕژانی بۆئەمێنێتەوە، بەهیواین هەموخەڵك، بەرەوڕێبازی خوای خۆیان بگەڕێنەوەویەك دلٚ ویەك دەست بۆخۆشبەختی هەموان تیٚ بکۆشن.

ئەگەرخوایاربێت گۆشەیەکی کورت وبچوکی ئابووری لەئیسلام دا بەزمانی هاوولاٚتیانم ئەخەمەبەردەست لاوەخوێن گەرم وتازە پێگەیشتوەکانم تاچاکتر ڕێبازەکەی خۆیان بناسن وچالاکانەتربۆی هەولٚ بدەن وخۆیشیان باشتربناسن وئێمەیش لەدوعای خێربیٚ بەش نەکەن ولەهەڵەکانیشمان ببوورن چونکەئینسانین وئینسانیش بیٚ هەڵە نابیٚ وڕەحمەتی خوالەوکەسەبێت کەهەڵەکانمان بەدیاری بۆئەنێرێتەوە.

سامان لەئیسلام دا:

سەروەت وسامان لەڕوانگەی ئیسلامەوە شتێکی زۆربەکەڵك وپێویستەوژیانی مرۆڤ بەبێ سەروەت وسامان شتێکی خەیاڵییەویەکێك لەئەرکەکانی سەرشانی مرۆڤ لەم جیهانەدا ئاوەدان کردنەوەی ئەم زەوییەیە، بۆیە ئیسلام هەمیشە خەڵك هەڵ ئەنێ لەسەرتەلاش وکۆشش وخۆشی لەبێ ئیشی نایەت وبەپێچەوانەوەی هەندێك لەبیروڕا پوچان دین ودنیای لاتێکەڵاوەو هیچ کامیانی بێ ئەوی تری ناوێت ئەوەتە خوای گەورەوزانائەمرمان پێ ئەکاتکەلەپاش عیبادەت بەگۆشەوکەناری ئەم ئەرزەدا بگەڕێین وەپێ بژێوی خۆمان پەیداکەین وئەفەرموێت:

(فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ)الجمعة/10

واتە: کاتێ نوێژکرا بڕۆن وبلاَوببنەوە بەسەر زەویداو لەفەڕونیعمەتەکانی خواپەیدابکەن. ئەوهەرەشەو بەخراپەناوبردنی ماڵە لەئیسلام دا وەختێکەکەئەوماڵە لەدەستی ئینسانی خراپابێ وکابرا بەوماڵەو لەخۆی بایی ببێت وبەهۆی ئەوماڵەوە خۆی بەزل بگرێت وستەم لەخەلکی بکات، ئەگینا ئیسلام زۆر پێ خۆشحاڵە بەبوونی ماڵی پاك لەدەستی ئینسانی چاکداوئەفەرموێت(نعِمِ المالُ الصّالِح للرَّجُلِ الصّالِح)ئای چەندچاکەماڵی چاك لەدەستی مرۆڤی چاکدا هەروەها ئیسلام داوالەخەڵك ئەکات کەلەم ژیانەدا کەمتەرخەم نەبێتوئەفەرموێت : (وَلا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِنْ كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ)القصص/77

بەشی دنیای خۆتت لەبیرنەچێتەوەو چاکەکاربەهەروەکوخواچاکەی کردووەلەگەڵ تۆدا وەوتراوە(وائیش بکە بۆدنیا وابزانە نامریت پێویستە ئەوەیشمان لەبیرنەچێت کەئاوەدان کردنەوەی زەوی بێجگەلەخۆشی وکامەرانی ژیانی دنیای زەحمەتکێشان سوودوبەرەکەتێکی ئێجگار زۆری هەیەبۆی لەڕۆژی دوایيدا وەك لەم فەرموودەبەنرخەی پێغەمبەری مەزن دا(ﷺ)هاتووەکەئەفەرموێت: (مَامِنْ مُسْلِمٍ يَغرِسُ غَرساً أَوِيَزرَعُ زَرعاً فيأكُلُ مِنهُ طَيرٌ أَوبَهيمةٌ الا كَانَتْ لَهُ بِهِ صَدَقَةٌ)واتە: مرۆڤ هیچ نەمامێك نانێژێ وهیچ تۆوێك ناچێنێ کەمرۆڤ بیخوات یاحەیوان یاباڵندە مەگەر بۆئەوبەچاکە حیساب کرێت، واتە: لەوکۆشش وتەلاشەی هیچی بەزایە ناچێت وەچاکەیش پاداشتی لەدەبەرانبەر کەمترنی یە، ئەوانەی کەگوێ بەئاوەدان کردنەوەی زەوی نادەن وبەشتێکی بێ نرخی ئەزانن زۆر بەهەڵەداچوون چونکە خوانەپێویستی بەئاڵتون وزیوومس وباقی کانەکانی ترهەیە نەپێویستی بەنەوت وغازە بەڵکو هەمووی بۆئێمە داناوە وهەڵیشمان ئەنێ بۆسوودلێ وەرگرتنیان:(هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الْأَرْضِ جَمِيعًا)البقرە/29

واتە: خوائەوزاتەیە کەهەمووئەوشتانەی ناوزەوی بۆئێوەدروست کردووە، وەهەموویشی ڕام وگەردن کەچ کردووەبۆپێنسانەکان بەبێ جیاوازی لەنێوان ڕەنگ ونەژادو کوفروئیمان دا وەلەم بارەیەوە دەیان ئایەت وفەرموودەی پێغەمبەری مەزن(ﷺ)هەیە کەئێمەتەنهابۆنموونەئەوچەنددانەمان باس کرد، بۆزیاترشارەزابوون تەماشای قورئان وپەڕاوی فەرموودە بەنرخەکانی پێغەمبەری پایەبەرز(ﷺ) بکەن.

کێ خاوەنی سامانە؟

خاوەنی ڕاستەقینەی سەروەت وسامان تەنها خوایەوزەوی وئەوەی کەلەسەروناوی‌زەویداهەیە هەمووی موڵکی خوایەوتەنها ئەوحەقیەتی چۆن ئاڵوگۆری تیابکات وکەسی تر(لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ وَإِنَّ اللَّهَ لَهُوَ الْغَنِيُّ الْحَمِيدُ)الحج/64

واتە: هی خوایەئەوەی کەلەناوئاسمانەکان ولەناوزەویدا هەیەوەبەڕاستی تەنهاخوایە بێ نیازوسوپاس کراو.

خوای گەورە مرۆڤی دروست کردتاجێنشینی ئەوبێت لەم سەرزەویەداوخاوەنیەتی کاتی، بەوبەخشی وڕێبازی چۆن ژیانی بۆناردوهیچ کات خۆی لێ کەمتەرخەم نەکردووەوبۆهەمووگەلێك بەرنامەونێرراوی ناردووەکەئاخریان حەزرەتی موحەممەدی کوڕی عبداللهیە(ﷺ)بەپەڕاوێکی گشتی وبۆهەمووکەس وتانەمانی ئەم ئەرزە، واتەئێمە وەکیلی ئەوزاتەین و پێویستە بەگوێرەی فرمانی ئەولەم سەرزەوییەدا بجوڵێینەوەجاشتێکی بەڵگەنەویستە کاری جێ نشین وکراو بەوەکیل وەختێ ڕەوایە کەبەگوێرەی خاوەن جێ ووەکیل گرلەوشتەی کەپێ ی سپێرراوە ئیش بکات ئەگینا

ئیشەکەی ناڕەواو نادروستە وئەبیٚ خۆی بەرپرسی هەموزیانەکانبیٚت واتەئیشەکانی ئیٚمە لەم سەرزەوییەدا ئەبیٚ بەگوێرەی یاسای خوابیٚت ئەگینا ناڕەواونادروستەوتاوانەکەی بەئەستۆی خۆمانە.

خاوەنیٚتی تاك(المكية الفردية):

لەڕوانگەی ئیسلامەوە هەموومرۆڤیٚك ئەبیٚ بەخاوەنی ئەوشتانەی کەبەکەلەپوریابەهۆی کڕین وفرۆشتن یابەکریٚکاری یابەهۆی بەخشین وەیابەهەر هۆیەکی تری شەرعی یەوە، دەستی ئەکەویٚت ڕونترین بەڵگەی ئەوخاوەنیەتی تاکە ئەمانەن:

1. دەست بڕینی دزچونکە ئەگەرهەرکەس هەرچی دەست کەوت هەرهی خۆی بیٚت بۆچی دەستی دزئەبڕن؟
2. ناڕەوابوونی داگیرکردن وفڕاندن وفیٚڵ کردن چونکە ئەگەریەکەم خاوەن نیە دوهەمیان بۆتاوانە؟
3. پاداشتی خوایە لەسەر بەخشین جائەگەرخاوەن ماڵ نیە بۆچی ئەبیٚ پاداشتی بدریٚتەوە؟

ڕیٚگای زۆرکردنی ماڵ:

ئاینی ئیسلام لەچەند ڕیٚگاوە ماوەی بەزیادکردنی سەروەت وسامان داوە، کەپاك وخاویٚن تریان زەحمەت دانی شان وبازووەبەلاٚم ئەوەنبیٚت تەنها هەرئەومەرج بیٚت بەڵکوپیٚویستە پەیداکەروپەیداکراووبەوشیٚوەبیٚت کەئیسلام ڕیٚگای پیٚ داوەهەربۆیە پرسیاری ماڵ لەڕۆژی دواییدادووپرسیارە یەکەم چۆنت دەرهیٚناودووهەم چۆنت خەرج کرد(مِنْ أينَ اكْتَسَبْتَهُ وَمَنْ أينَ أنفَقْتَهُ)جائەم ڕستە، گەلیٚك پڕمانایەوئەتوانم بلێم هەرئەم فەرمودەیە بەسە بۆڕیٚك وپیٚك کردنی باری ئابووری لەناو خەڵکاو هەموبەشەکانی ژیان ئەگریٚتەوە.

وەکو وترا، لەچەند ڕیٚگاوە ماڵ زاوزیٚ ئەکات وشیٚوەوناوی زۆربەیان لەیەك جیایە جائیٚمەیش بەیارمەتی خوای خاوەن کەرەم، یەك یەك باسی، ئەوڕیٚگایانەتان بۆئەکەین وهەوڵ ئەدەین کەبەشیٚوەیەکی گوشراوبیٚت تائیٚوەی خۆشەویست زۆرماندوونەبن لەخویٚندنەوەی داونەلیٚن(خویٚندنەوەی ڕیٚگای ئیش کردنمان لیٚ ئەگریٚت).

یەکەم/کریٚکار:

کریٚکار ئەومرۆڤە بەنرخەیە کەبەهیٚزی خۆی ئاسودەی خۆی وخەڵکی تردابین ئەکات، کریٚکار ئەومرۆڤەبەڕیٚزەیە کە پیٚغەمبەری‌ئیسلام(ﷺ)دەستی ماچ ئەکات وئەفەرمویٚت(تِلكَ يَدٌيَحِبُّهَااللهُ وَرَسولُهُ)ئەوە دەستیٚکە خواوپیٚغەمبەری خواخۆشیان ئەویٚت.

کریٚکار ئەومرۆڤەیەکەپاك ترین وچاکترین خۆراك ئەخوات(ماأكَلَ أحَدٌ طَعاماً قَطُّ خَيْراًمِنْ أنْ يأكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدِهِ)واتە: هیچ کەسیٚك خواردنیٚکی نەخواردووەکەچاکتربیٚت لەخواردنی ئەوکەسەی کەبەدەستی خۆی دەری هیٚنابیٚ.

کریٚکار ئەومرۆڤە بەنرخەیەبۆیە ئەوەندە ئیسلام داکۆکی لەسەرئەکات وبەتوندی دژی ماف خورانی ئەوەستیٚت کریٚکار خۆشەویستی خوایەو ئاشکراکەری نیعمەتە لەژمارە نەهاتوەکانی خوای گەورەیەو ئیشەکەی وەکوغەزایە(انَّ اللَّهَ يُحِبُّ العَبْد المُحتَرِفَ وَمَنْ كَدَّعلى عَيَالِهِ كَانَ كاالمُجَاهِدِ في سَبيلِ اللهِ عزَّوَجَلَّ)ئیمامی ئەحمەد، واتە: خوابەندەی پیشەسازی خۆش ئەویٚت وەهەرکەسیٚك کەزەحمەت بکیٚشیٚ بۆبژیٚوی خۆی وخیٚزانی وەکوغەزاکەر وایە تەماشاکەن زەحمەت وتەلاشی مرۆڤ بۆپەیداکردنی بژیٚوی حەلاڵ چەندبەنرخە لەڕوانگەی ئیسلامەوە.

مافی کریٚکار:

کریٚکار زەحمەت کیٚشی خۆی وخەڵکەومافی زۆری بەسەرخەڵك ومیریەوەهەیە کەگرنگترینیان ئەمانەن:_

1. پیٚویستی سەرشانی میرییەکەئیش بۆکریٚکار پەیدابکات.
2. ژنی بۆبهیٚنیٚ ئەگەرژنی نەبوو.

3. ئەگەرخانووی نەبووخانوی بۆبکات.
4. هۆی ئازوگویازی لەماڵەوە بۆسەرئیش وگەڕانەوەی بۆئامادەبکات.
5. کریێ ی ببێت وبەخۆڕایی ئیشی پیێ نەکرێت.
6. کرێکەی بایی ئیشەکەی بێت، نەستەم بکات ونەستەمی لیێ بکرێت.
7. پێشەکی کریێ ی بۆدیاری بکرێت ولەپاشان بیێ منەت پیێ ی بدرێت.
8. ماوەی ئیش کردنی بۆدیاری بکرێت.
9. میری پارێزگاری کرێکەی بکات وکرێکەی نەخوات.
10. ئەبیێ ئیش لەتوانای جسمی ولەکاتی دیاری کراودا دەرنەچێت بەڕەغبەتی خۆی ئامادەی ئیشی قورستریان زیاتربووئەبیێ یارمەتی بدریێ بۆجسمی لەتواناوبۆکات لەکریێ تابەهرەکێشی و(الاستثمار)وێنەکانی ڕوونەدات.
11. ئەبیێ لەسوودی کارخانەکاندا بەگوێرەی ماوەی ئیشی بەشداربێت.
12. ئەبیێ ژیانی مام ناوەندی خانەوادەی کرێکار دابین بکرێت وتیمارو خوێندنی مناڵانی بەلاش بێت.
13. ئەبیێ پشودانیان ببێت(وَانَّ لِجِسمِكَ عَلَيكَ حَقٌ).
14. ئەبیێ لەپاش خۆی میری قەرزەڕەواکانی بۆببژێرێت ومناڵەکانی بۆبەخێوبکات.
15. کرێکار پێش وشکەوەبونەوەی عارەقەکەی پێی بدرێت، واتە: لەسنووری باوی خەڵك تیێ پەڕنەکات.

ئەمانەکۆمەڵە ئەرکیێ بوون کەئیسلام لەسەرشانی میری و خەڵکی داناوەبۆپاداشت دانەوەی کرێکاران لەژیانی دنیادا تاخۆیان وهاوسەرو مناڵیان بەئاسوودەیی بژین.

تۆڵەی نەدانی ماف کرێکار:

سەرەڕای ئەومافانەی کەباسمان کردن ئیسلام زۆرتوڕەیە لەوکەسانەی کەگاڵتەبەماف کرێکارئەکەن وهەڕەشەی توندلەوکەسانە ئەکات کەمافیان پێشێل بکەن لەهەردووژیاندا و بەڵێنی سزادانی داوە، سەبارەت بەڕۆژی دوایی ئەفەرموێت(ثَلاثَةٌ أنا خَصمُهُم يَومَ القِيامة)واتە: سیێ بەش هەن کەلەڕۆژی قیامەتدا من دوژمنیانمو ڕووبەڕویان دەوەستم لەبەردەم دادگای خوادا، پێغەمبەری دڵسۆز(ﷺ)ئەفەرموێت: یەکێکیان کەسێکە کەبەکرێکارێك ئیش بکات ولەپاشاکرێکەی پیێ نەدات، وەسەبارەت بەسزای دنیا ئەفەرموێت: (إنا نأخُذُ حَقَّها وَشطرَمالِهِ وَذلِكَ عَزمَةٌ مَنْ عَزَماتِ ربِّنا)واتە: ئێمەحەقی حوشترەکانی زەکات کەنەیداوە لیێ ی وەرئەگرین ونیوەی ماڵەکەش چونکە ئەوماڵەبووەتەهۆی لوت بەرزی وکەللەبایی کابراوماف خاوەن مافانی پیێ شێل کردووە وەئەوەیەکێك لەفرمانە نەگۆڕاوەکانی پەروەردگارمانە.

زانینی هەموو ئیشێك فەرزە لەسەرکۆمەڵ:

ئاینی پاکی ئیسلام ئاینی خوای خاوەن دەسەڵات وئاگادارە بەسەرهەموپێویستیەکانی مرۆڤدا، ئاشکرایە پێویستیەکانی مرۆڤ زۆرن وهیچ کەس بەتەنیایی ناتوانێت هەموپێویستیەکانی خۆی دابین بکات بەڵکوئەبیێ بەخەڵك پێویستیەکانی بێنەدی بۆیە ئیسلام هەموئیشێکی لاپێویستەوزانین وئەنجامدانی هەموئیشێکی پێویست وحەڵاڵ لای فەرزی کیفایەیە کەوابوو ئەبیێ هەموئیشێك کەخەڵك پێویستی ببێت ئەوەندە کەس پیێ یەوە سەرگەرم بێت کەخەڵك نیازی بەراورد ببێت ئەگینا هەموو خەڵك تاوان بارن بۆنموونە: ئەبیێ ئەوەندە بەرگ دروو هەبێت کەکەس پەکی نەکەوێت وەئەوەندە پێڵاو دروستکەر هەبێت کەکەس بیێ پێڵاو نەمێنێتەوە هەروەها نانەواونەخۆشخانەو دکتۆروماموستاو بازرگان و..و..هتد. زەوقی جۆراوجۆری خەڵك بۆهەرکام لەوئیشانە بەڵگەی کاربەجیێ ی خوای گەورەیەو هەرئەوئیختیلافەیە بۆتە هۆی ئاوەدان کردنەوەی زەوی و بەدەست هێنانی ئەوهەموشتەبەکەڵکانەی کەئەمرۆ ئەیانبینین. ئەگەر ئیشێکی پێویستی خەڵکی هەبوو کەس نەبوو ئەنجامی بدات وەکو وترا، ئەوخەڵکە هەمووی تاوانبارن تائەوئیشە ئەکرێت بەڵام ئەگەر ئیشەکە ئەنجام درائیتر تاوان لەسەر باقی خەڵکەکە نامێنیێ کەئەمە

مانای فەرزی کیفایەیە کەهەندێ جار ئەبێ بەفەرزی عەین وەك ئەوەی کەتەنیا یەك کەس بزانێت بەرگ بدورێت لەوکاتە بەرگ دورین پێویست ئەبێ لەسەرئەوکابرا.

هەمووکەسێك لەوئیشەی خۆیدا گەورەوسەرپەرشتی ئەوخەڵکەیە(سیدالقوم خادمهم)جاوەکو لەپێشەوە وتمان هیچ کەس ناتوانێت بەتەنیای پێویستیەکانی خۆی ئەنجام بدات وەهەموو ئیش کەرێکیش لای کەمی خۆی بەخێوئەکات وبارێکی سەرشانی کۆمەڵ کەم ئەکاتەوە کەوابووئەتوانین بڵێین: هەمووئینسانەکان خزمەتکراوو خزمەتچی یەکترن وکەس لەکەس زیاتر نیە مەگەر بەخزمەتی زیاتر، بۆئەم مەبەستەیە قورئان ئەفەرموێت(انْظُرْ كَيْفَ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ)الاسراء/ 21، واتە: سەرنج بدەن وبزانن چۆن هەندێکمان بەرزکردووەتەوە بەسەرهەندێکتانابەوماناهێزودەرکی زیادمان داوە بەهەندێکتان ئەتوانن خزمەتی زیاتربکەن وڕێزی زیاترتان هەبێت وەیاهەرکەسە بەهۆی ئەنجامدانی ئیشەکەوە کەسودی یەکێکی تری تیاهەیە بوەتەگەورەی ئەوی تر[1] ڕونیشە هیچ کەس توانای بەدەست هێنانی هەمووپێویستیەکانی خۆی نیە بەتەنیاکەواتە هەموتان هەریەك لەلایەکەوە گەورەی ئەوی ترن ئەوەیە مانای بەرزایەتی، نەك هەندێك ئەکەین بەئاغاو هەندێك بەنۆکەر، لەپێشەوە وترا کەگەورەی قەوم خزمەتکارەکەیانەجائەم دنیایە جێگای کێ بەرکێ کردنە لەچاکەکردنداو بەرێزترینی مرۆڤ ئەوەیە کەسودی زیاتری بۆخەڵك هەبێت(خَيرُ الناسِ أنفَعُهُم لِلنَّاسِ).

هەموو ئیشێکی ڕەوا بەڕێزە:

لەڕوانگەی ئیسلامەوە خەڵك نابێ پەکیان لەبەرشتێکی پێویست بکەوێت کەوابووهەموو ئیشێکی ڕەوا بەڕێزە، بۆنموونە ئەگەر لەناو خەڵکا شوانی بەئیشێکی کەم تەماشا ئەکرێت خۆپێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(هیچ پێغەمبەرێك نەبووەکەشوانی نەکردبێت)، پرسیاریان لێ کرد(ئەی پێغەمبەری بەرێز تۆیش شوانیت کردووە؟ فەرموی: بەڵێ منیش شوانیم کردووەلەناوقوڕەیشا لەسەرچەند دراوێك. خۆقورئانیش شوانی هەشت ساڵی یادەساڵەکەی حەزرەتی موسا بەڕونی باس دەکات، حەزرەتی داود ئاسنگەربووەو خواخۆی مامۆستایی کردوەوئەفەرموێت(وَأَلَنَّا لَهُ الْحَدِيدَ أَنِ اعْمَلْ سَابِغَاتٍ وَقَدِّرْ فِي السَّرْدِ)السبأ/11، واتە: ئێمە ئاسنمان بۆنەرم کردووەوپێمان وت لیباسی زرێی دروست بکەو بائەندازەی هەڵقەکان ڕێك وپێك ووەك یەك بن تابۆشایی نەکەوێتە ناولیباسەکەوەو تیروسەرەرم لێ ی بچنە ژورەوە، حەزرەتی نوح(درودی خوای لێ بێت)باخەوانی ودرەخت نان وتەختەتاشی وکەشتی دروست کردووە، حەزرەتی موحەممەد(ﷺ)بازرگانی وئیشی کردووە بەتایبەت لەدروست کردنەوەی کەعبەدا کەبەردەکانی بەشانی هەڵدەگرت.

حەزرەتی ئیبراهیم وئیسماعیلی کوڕی وەستایەتی(بەنا)وکرێکارییان کردووە بەتایبەت لەدروستکردنەوەی کەعبەدالەوسەردەمەدا.*

حەزرەتی شوعەیب(درودی خوای لێ بێت)حەیوانداری کردووە، حەزرەتی ئیدریس(درودی خوای لێ بێت)بەرگ دووربووە، ئەم ئیشانە بێجگە لەشوانیەکانیان بوو، ئەگەرلەوئیشانەکەئەوپیاوە بەنرخانە کردوویانە ووردبینەوە دەزانین کەئاینی ئیسلام هیچ ئیشێکی ڕەوای بەلاوە سوك وبێ قیمەت نیە، ئەوە نی یە گەورەترین مرۆڤ کەحەزرەتی موحەممەدە(ﷺ)بچوکترین ئیش لەڕوانگەی ئێمەی نائاگاوە شوانیە، ئەنجامی داوە.

---

[1] – ڕاستی ئەوەیە کەدەوڵەمەندی وفەقیری هیچیان بەدەست مرۆڤ نیە ئەگەرچی لەم بوارەدا مرۆڤدەورێکی گرنگی هەیە، بەڵکو بنەڕەتی ئیشەکە بەدەست خوایە چ لەژێری و دەرکەوە بگرەتابەلای ڕەنگاوڕەنگ، ئاشکرایە کەئەگەر ئەوبەرزی ونزمیشە نەبێت یاسای ئەم بونەوەرە ناچێت بەڕێوە بەتایبەت بەشی مرۆڤایەتی، ئەوەیە مانای(لِيَتَّخِذَ بَعْضُهُمْ بَعْضًا سُخْرِيًّا)الزخرف/32. بەوردی تەماشای باسی(خۆمان وکردەوەکانمان)بکە..

کرێکاران وەختێك کەماندوودەبن ئەگەر سەرنجێك لەپیاوچاکانی ڕابردووی جیهانی خواپەرستی بدەن بەچاکی دەحەسێنەوەوهەستی سەربەرزی وئیفتیخاردەکەن. کرێکاران ئەگەرتەماشای سۆزی ئەوڕەهبەرە گەورەی ئیسلام بکەن(ﷺ)دەزانن چەنددڵسۆزی کرێکارانەدەی برای کرێکار خۆت وویژدانت کام ڕەئیس وسەرکۆماری خۆدانەربەدڵسۆزی کرێکاردەستی کرێکارێکی ماچ کردووەولەگەڵیادانیشتووەوبەسۆزەوە گفتوگۆی لەگەڵ کردووە؟ خۆئەوە تاقانە ڕەهبەری مرۆڤە واتە حەزرەتی موحەمەد(ﷺ)دەستی کرێکار ماچ ئەکات ومژدەی پێ دەداودەڵێ:(دەستەکانت لای خواوپێغەمبەرخۆشەویستن وئەونانەی کەبەودەستانەت پەیدای دەکەیت پاکترین نانە جابۆئێمەش بەدڵێکی پڕ لەئیمانەوەوباوەڕێکی زۆر بەتینەوە خۆمان نەکەین بەسەربازی ئەوڕێبازەوبەهەڵگری ئەوئالابەرزوبەڕێزە؟کوا دڵسۆزی لەودڵسۆزتروکواماۆستایەك لەوماۆستاتروکوازەحمەتکێشێ لەوزەحمەتکێش تر؟ وەکواڕێگاوڕێبازێك لەڕێگاوڕێبازەکەی ئەوڕوونتر؟ ئەگەربەکرێکار مافێکی هاوتای مافەئیسلامیەکەی پێدراوە لەیاسایەك لەیاساکانی تری جیهاندا هەرکامیان هەڵبژێریت دەخۆیاساکانی جیهان ودەستکردی مرۆڤ تائەمڕۆلەم مەیدانەشدا بەتۆزی قوڵی ئیسلامدا نەگەیشتوون ئیتر چ مانایەکی هەیەدوری لەوڕێبازەو دواکەوتنی ڕێبازو ڕێچکەی ڕوخێنەری مرۆڤ ولابەری خوڕەوشت وسەپێنەری بیروڕایەکی تەسکی چەندمرۆڤێك بەسەرتاقم وگەلێکی زۆردا؟ [3] ئەی براوخوشکی بەناومافی کرێکارەوە هەڵخەڵەتاوخۆتان و ویژدانی خۆتان بکەنبەقازی وخۆتان دادگایی بکەن وبزانن بەلادانەکەتان لەئیسلام مەحکومن یا نەء؟ ژیرئەوەیە کەخۆی تەمیەی خۆی بکات(هەڵەش لەهەرکوێدا لێ ی بگەڕێیتەوە قازانجە).

خۆمان وکردارەکانمان دروستکراوی خواین:

زۆر ڕون وئاشکرایە کەهیچ کەس لەدروستکردنی خۆیداخاوەنی هیچ هێزێك نەبووەودایك وباوکیش تەنها هۆیەکن وبەس، چەندین ئافرەت وپیاویش هەبوون وهەن لەتەواوی تەمەنیانانەبون ونابن بەخاوەنی منداڵێك و دەیان بەڵکو سەدان ئیشی پەسەندو ناپەسەندیش ئەنجام ئەدەن [*]، حەزرەتی ئادەم وحەواوعیسا(درودی خوالەهەموویان بێت)سەلمێنەری ئەوڕاستیەن. ئێمە دروستکراوی خوای خاوەن دەسەڵاتین وکردەوەکانمان بەهۆی ژیری وهێزوتواناوەئەنجام دەدەین کەهەریەك لەوانەش دروستکراوی خوایە، تەنانەت ئەوکردەوانەش کەئەنجامی ئەدەیین نەك تەنیا خۆی بەیارمەتی خواوە نەبێت ئەنجام نادرێت، بەڵکوبەرهەمی کردەوەکانیشمان ئەگەر خوانەیکات بەنسیبمان نابێت، مەگەر نابینی زۆرکەس ئیش دەکات وپارەی ئیشەکەی وەردەگرێت بەڵام پارەکەی وون دەکات؟ ئایاکابرا ڕای لەسەروون کردنی بوو؟ ئەگەربڵێین بابا کاری خۆی بە چاکی هەڵنەگرتبوو وەیا لەبیری چوو، پێ ی ئەڵێین بۆچاکی هەڵ نەگرت ئایا ئارەزووی ون کردنی بوو؟ ئەی چ شتێك وای لێ کرد کەچاکی هەڵنەگرێت؟ خۆی، خەڵك، خوا، کامیان؟ هەرکام بڵێت هەرئەبێ لەئاکامدا بەخوا دوایی بێنێت، وەئەگەرلەبیری چووکێ لەبیری بردەوە؟ هەرچی وەهرکێ بڵێیت بەنیهایەت ناگەیت تانەڵێیت خوا، لێرەدا ئەگەربپرسن(کەخواشتەکان دەکات ئێمە وەکوچین؟ئێمە ئامێرین بەڵام کەمێ جیاوازە لەوئامێرانەی دەستی ئێمە، ئەوجیاوازیەش پشکی سەربەخۆییەکەخوابەئێمەی بەخشیوەوئێمەلەسەرئەوپشکەیە(الجزْ الاختیاری)سزایاپاداش وەردەگرین واتە لەم ڕوەوەچاکەکان لەنێوان خۆیاندا وخراپەکان لەنێوان خۆیاندا گەورەوبچوکیان نی یە و وەك یەك وان بۆیەپێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت(لاتَحقِرنَّ مِنَ المَعروفِ شيئاً وَلَوأن تَلقي أخاكَ بِوَجهٍ طَليق)واتە هیچ شتێکی چاك بەکەم مەزانن ئەگەرچی چاکەکەئەوەبێ کەبەڕویەکی شادەوە ڕووبەبراکەت بکەیت کاتێ کەپێ ی گەیشتیت هەرلەسەر ئەم بناغەیە،

---

* هەندێك بەلایانەوە وایە کەکەعبە لەسەردەمی حەزرەتی ئادەمدا(درودی خوای لێ بێت)دروستکراوەوئێمەیش لەبەربونی فەرموودەیەك، ئەوەمان هەڵبژارد.

2– بۆزیاتر شارەزابوون لەم بارەوە تەماشای نامیلکەی(کێ یاسامان بۆدانێ)بکە.

[3] – مەبەستمان لەڕەواچونەلای دکتۆری خواناسی دادپەروەرو لێزان وپاڕانەوەی خاوەن باوەڕانەوەمەبەستیشمان لەناڕەواچونەسەرشەخس ونەزەرگەودکتۆری بێ دین وبێ ئەخلاق ولێ نەزانە هەرچەند ووتراوەپێویستی سەرت ئەکات بەماڵی دوژمنا(الضرورات تبيح المحظورات)بەڵام نابێ بۆشیفاوچارەسەری ئەوڕێگاهەڵانەبگرینەبەر، دکتۆریش هۆیەنەکاریگەر.

زانایان وتویانەتەماشای گەورەوبچوکی تاوان مەکەن، بەڵکوتەماشای ئەوزاتەبکەن کەفرمانی ئەشکێنن وەئەگەر هەندێ ئیشی چاك بەگەورەوگەورەتر وەهەندێ بەبچوك وبچوکتر وەهەربەوپێ یەش تاوانەکان ئەژمێرررێن ئەوەلەڕوویەکی ترەوەیە[4] واتە: تەماشای سوودی ئەوئیشە چاکەدەکرێت بۆخەڵك، بەگوێرەی کەم وزۆری سودەکەی بەگەورەوبچوك دادەنرێت وەهەروەها خراپەیش، جاوەك لەپێشەوە باسمان کرد ئێمە لەسەر ئەوپشکە ئیختیارییە سزا یا پاداش وەردەگرین، چۆن ئەگەرخوا یارمەتی مرۆڤ نەدات، نەچاکەنەخراپە ئەنجام نادرێت، بۆیەپاداشی کردەوە بەستراوە بەنیەتەوە، چونکە پشکی نیەت بەدەست مرۆڤە جائەگەر نیەتی چاکەی کرد باچاکەکەشی بۆنەکرێت، هەرپاداشتی ئەبێت وەئەگەرنیەتی خراپەی کرد وبۆی نەکرا هەرتاوانبارە(انّما الاعمال بالنیّات وانّما لِکُلِ امرٍ مانوی..)واتە: کردەوەکانیان بەنیەتەکانیانە، مرۆڤ هەرئەونیەتەی بۆئەبێ، ئێمەبەندەی خوای خاوەن دەسەڵاتین وکردەوەکانیشمان بێ ئەوپێ ئەنجام نادرێت،(وَاللَّهُ خَلَقَكُمْ وَمَا تَعْمَلُونَ)الصافات / 96 خوائێوەی دروست کردووەئەوکردارانەش کەدەیکەن واتە، خۆمان وکردارمان مەخلوقی یەك خالیقەکە(الله)یەچونکە ئەگەریارمەتی ئەوزاتە نەبێت ئێمە ناتوانین هیچ شتێك ئەنجام بدەین.

دووەم/ زەراعەت:

لەڕوانگەی ئیسلامەوە ئاوەدان کردنەوەی زەوی‌ئیشێکی زۆر پێویست وڕەواو پەسەندە، چاندنی دانەوێڵەوناشتنی دارو درەخت چ بەردارو چ بێ بەر سودێکی زۆر گەورەو گرنگی تێدایەو هەرشتێکیش سودی زۆری تیابێت بەچاکەیەکی گەورە دەناسرێت، وەلەباسی پێشووداوفەرموودەی پێغەمبەرمان(ﷺ)باس کرد کەئەفەرموێ: هەرکەسێك درەختێکی بەردار یادانەوێڵە بچێنێ، هەرگیان لەبەرێك هەرچەنێکی لێ بخوات هۆی خۆشبەختی خاوەنەکەیەتی، چونکە بەچاکە بۆی ئەنوسرێت وە وتراوە ئەگەرنەمامێکتان بەدەستەوەبوو خەریکی ناشتنی بوون، پێ یان وتن هەرئێستا ئەمرن، نەمامەکە فڕەنەدەیت بەڵکو بینێژی وەك فارس ئەڵێن(دیگران کاشتن ماخوردیم ماهم میکاریم دیگران بخورند).

زەوی هی کێ یە؟

زەوی موڵکی خوایەو بەوکەسە دەدرێت کە لەپێش هەمووکەسێکدائاوەدانی بکاتەوەو بەسەریابگات وەدروست نیە ئەوزەویە لەسێ ساڵ زیاتر بایەربمێنێتەوە، هەرکەسێك لەموڵکی کەسێکدا درەختێك یاخانویەکی دروست کرد ئەوا بەزۆرلێ ی ئەسێنرێتەوەوهیچ حەقێك بەستەم کار نادرێت وەك پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت(مَنْ أحیا أرضاً مَیتةً فَهِيَ لَهُ وَلَیسَ لِعرقِ ظالِمٍ أجرُ)واتە هەرکەسێك زەویەکی پاك کردەوەوبەسەریا گەیشت ئەواهی خۆیەتی وەبۆدرەختێك کەبەناڕەوالەوزەویەدابنێژرێت هیچ مافێك نیە. کەسێك ئەگەرنەیتوانی زەویەکەی بکێڵێ وسودی لێ وەرگرێت پێویستە بیدات بەبرایەکی ئاینی خۆی وەهیچی لێ وەرنەگرێت چونکە پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت(اذا کان لاحَدِکُمْ أرضُ فَلیمنَحها أخاهُ أولیَزْرَعها)واتەئەگەر یەکێکتان زەویەکتان هەبوو بابیبەخشن بەبراکەتان یاخۆتان بیکێڵن، لەم فەرموودە بەنرخەوە دەرئەکەویت کەنابێ زەوی بەبایەری بهێڵرێتەوە بەڵکو یائەبێ خۆی بیکێڵێ یا ئەبێ بیدات بەخەڵك، ناڕەوایە زەوی بدرێت بەکابرایەك بەشەریکی ئیتر تۆوەکە لەسەرکابرابێت یا لەسەر خاوەن زەوی چۆن فەرموودەی پێشوو ئەوڕاستیەی ڕوون کردەوەولەفەرموودەیەکی ترداهاتووەکە(نَهَى عَنِ الْمُزَارَعَةِ)ئەم بەکرییەش بەریاسای(سد الذریعة)، ئەکەوێت چونکە زۆروادەبێت کەلایەنێك فێڵ لەلایەنێکیان بکات وکابرای ئیشکەر تەماع هەڵی نێت لەسەردزین ولاخستنی هەندێك لەوبەرووبومە، جابۆئەوەی کەئەوڕێگابگیرێت ئیسلام تەنیا سێ ڕێگابەڕەوا دەزانێت لەم بارەوە:

---

[4] - چاکەوخراپە دووڕویان هەیە، یەکەم/بەنیسبەت خواوە، دوهەم/بەنیسبەت خەڵکەوە، یەکەم گەورەوبچوکی نیەچونکە فرمانی خوات شکاندووە بەڵام، بەشی دوهەم تەماشای زیانی گەورەوبچوك یاسودی گەورەوبچوك ئەکرێت وبەوشێوەچاکەوتاوان بەبچوك گەورە ناوئەبرێن.

1. خۆی زەوی یەکە بکێڵێت وسودی لێ وەرگرێت.

2. ببیەخشێت بەبرایەکی ئاینی تابراکەی سودی دنیایی لێ وەرگرێت ئەویش سودی ڕۆژی دوایی دەست دەکەوێت(مَن جاْ بالحسنة فله عشرُ امثالها)واتە هەرکەسێك چاکەیەك بکات دەبەرانبەری هەیە.

3. بەقیمەتێکی دیاری بیدات بەکەسێکی تر، ئەمیانە دواترین پلەی ئینسانیەت وکەمتەرخەمیەتی سەبارەت بەخواو خەڵك.* هەرچەند بۆئەمڕۆئەگەرئەم پلەی سێیەمەیش بەکاربێت هێشتا هەرباشە نەك ڕێگا گومان لێکراوەکانی تربگرێتەبەر.

خواردنی میوەی باغ:

نەهاوبەشی وەنەموڵکێتی تاك لەئیسلام دا بێ سنوور نیە، دروستە هەرکەسێك بدات بەناوباغی کەسێکدا لەمیوەی ئەوباغەبخوات بەڵام نابێ بەشی دوایی لێ هەڵگرێت، پێغەمبەری مەزن(ﷺ)لەم بارەوەئەفەرموێت(مَن أصابَ مِنهُ مِنْ ذی حاجةٍ غَیرِ مُتَخِذٍ خُبنَتةً فلا شیْ علیهِ)کەسێکی موحتاج ئەگەرمیوەیەکی لەباغێکداکردەوەو لەناوباغەکەدا خواردی وهیچی لەگەڵ خۆیدانەبرد ئەواهیچی لەسەرنیە واتە(ئیشێکی ناڕەوای نەکردووەوپشکی هاوبەشی خۆی خواردووەوخاوەن باخیش سودی ڕۆژی دوایی بۆدەمێنێ وبێ منەت ناکرێت.[5]

ئاودێران

باغی خورما وترێ دروستە بدرێت بەکابرایەك بۆئاوەدان وسەرپەرشتی کردنی ولەبەرهەمەکەیدا شەریك بن وەئەگەر زەویەکەش لەناو ئەودارخورماو باغە ترێ دا بوئاوەدانی باغەکە بەبێ ئاوەدانی زەویەکە نەدەکرایازۆر زەحمەت بووبۆئەمە دروستە بدرێت بەکابرای ئاودەروخاوەن زەوی و ئاودەرلەبەرهەمەکەیدا شەریك بن بەومەرجە تۆوەکە لەسەرکابرای خاوەن زەوی بێت[6] وەئەم شەراکەتە ئەگەر لەسەرنیوە بێت چاکترو ڕێکترە، وەئەگەرکەمتربێ مادام هەردوکیان ڕازی بن قەیناکا، بەڵام باغی میوەکانی ترچونکە زەحمەتێکیش ئەوەندە سودی گرنگی دەست ناکەوێت، نابێ بەشەریکی لەبەرهەم دائاوبدرێن، دەبێ بەکرێ بێت وئەوەبەسودی کرێکارە.

سێهەم/ کڕین وفرۆشتن

کڕین وفرۆشتنی هەرشتێکی پاك وبەسودولەبەرچاو بێت یاوابێت کەبەتەعریف بناسرێت دروستە، مادام فێڵ وفرِی تیانەبێت ئیشێکی زۆربەنرخ وپیرۆزە لەڕوانگەی ئیسلامەوە، پرسیارکرا لە پێغەمبەری پایەبەرز(ﷺ)کام ئیش چاکترە؟ فەرمووی(عَملُ الرّجُلِ بِیدِهِ وکلُّ بَیْعٍ مَبرورٍ أی لاغشّ فیه ولاخیانةَ) چاکترین کەسابەتی مرۆڤ ئەوەیە کەبەدەستی خۆی بیکات و وەهەمووکڕین وفرۆشتنێکی ڕەوا کەفێڵ وفرِی تیانەکرێت.

سوخواردن قەدەغەیە

یاسا پاك وبێگەردەکەی ئیسلام سورە لەسەردابینکردنی خەیرو خۆشی بۆهەمووخەڵك، لەبەرئەوە هەمووشتێکی چاك وپاك پەرە پێ ئەداو هەمووشتێکی خراپ وبەزیان قەدەغە دەکات، یەکێك لەوشتەناپەسەندانەسوخواردنە(الربا)لەڕێگەی مژینی خوێنی چەوساوانە لەلایەن سەرمایەدارانەوە بەڵگەی بێ بەزەیی و دڵڕەقی گەلەلەناو خۆیدا بۆیە ئیسلام زۆر تورەیە لەو کردارە ناپەسەندەو بەتوندی هێرش دەکاتە سەریان وئەفەرموێ(لَعَنَ رسول الله آکِلَ ومَوکِلهُ وَکاتِبَهُ وَشاهِدَیهِ)واتە پێغەمبەری خوا(ﷺ)نەفرینی کردووە لەسوخۆرو سودەرو نوسەرودووشایەتەکەی.

سوخواردن هەروەکو خوێن مژینی چەوساوانە، سوخۆری هۆی کۆبونەوەی ماڵەلەدەست سەرمایەداراندا کە ئاشکرایە ئیسلام بەتوندی دژی ئەوڕەوشتە ناپەسەندەیەوبەڵێنی سزای سەختی داوە بۆئەو دووکۆمەڵە خوای گەورە سەبارەت

---

* بۆچی بەرگری لێ ناکرێت تەماشای باسی(لەبەررژدی زۆر نیە)بکە.

5– بۆچاکترڕونبونەوە لەوەی کەزەحمەتی هیچ کەسێك بەزایەناڕوات تەماشای(باسی سامان لەئیسلاداو ئیسلام کەس بێ منەت ناکات)بکە.

6 – لێرەدا بۆیە ئەوئیشە بەڕەوادائەنرێت چۆن بەرژەوەندی هەردوولەوەدایە ئیشەکە ناچاری یەو بەریاسای(الضرورات تبیح المحظورات)ناچاری قەدەغەکان ئیجازە ئەدات) ئەکەوێت.

بەسوخۆران ئەفەرموێ(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَذَرُوا مَا بَقِيَ مِنَ الرِّبَا إِنْ كُنْتُمْ مُؤْمِنِينَ (278) فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَإِنْ تُبْتُمْ فَلَكُمْ رُءُوسُ أَمْوَالِكُمْ لَا تَظْلِمُونَ وَلَا تُظْلَمُونَ)البقره/ 278–279،ئەم ئایەتەکاتێ هاتە خوارەهەندێك لەمسوڵمانان لەسەرعادەتی پێشو کەسوخۆری باوبوو هێشتا هەرخەریك بوو، خوای گەورەفەرمووی ئەی خاوەن باوەڕان لەخوابترسن ووازبهێنن لەسوەکانتان ئەگەرخاوەن باوەڕن، ئەگەروازناهێنن دەی بانگەوازی شەڕلەگەڵ خواوپێغەمبەرەکەیدابکەن، وەئەگەروازتان هێنا، ئەوەبنەمایەکە(رأس المال)هی خۆتانە، نەستەم بکەن بەسوووەرگرتن لەخەڵك ونەستەمیشتان لێ بکرێ بەنەدانەوەی بنەمایەکتان. لەم ئایەتە پیرۆزانەوەدەرئەکەوێت ئەگەر سوخۆرواز نەهێنێ نەتەنیا سو وەکەی پێ نادرێت بەڵکو بنەمایەکەیشی پێ نادرێتەوە وشەڕیشی لەگەڵدا دەکرێت تاوازی پێ ئەهێنرێت لەوخوێن مژی وبێ ڕەحمییە. سوخۆری یەکێکە لەوحەوت گوناهەگەورە کەئەبنەهۆی فەوتان وسزای سەختی قیامەت، سوخۆری پەیوەندی ڕاستەخۆی بەڕەوشتەوە(الاخلاق)هەیەو ڕەوشتیش چ خراپ وچ چاك لەهیچ یاسایەك لەیاساکانی ئاسمانیدا نەگۆڕاوەوناگۆڕێت، ئەوەتە هەرسەبارەت بەم خووە ناپەسەندە خوای گەورە سەرکۆنەی جولەکەکان ئەکاوئەفەرموێ(وَأَخْذِهِمُ الرِّبَا وَقَدْ نُهُوا عَنْهُ)النساء/ 161وەبەهۆی سوخۆریانەوە کەبەڕاستی قەدەغەکرابوون لەوسوخۆریە، واتە یەکێك لەوهۆیانە کەبوبەهۆی ڕقی خوا لەجولەکەکان سوخۆری بوو.

جۆرەکانی سوخۆری

بەکورتی سوخۆری ئەتوانین بڵێین دووبەشە:

1. سوخۆری لەکڕین وفرۆشتنی دووشتی وەکو یەك وزیادە وەرگرتن یایەکێکیان حازرنەبێ.
2. سوخۆری بەهۆی قەرزەوە بەوشێوە پارەیە بدرێت بەقەرز بەڵام کاتی وەرگرتنەوەی لەبەرئەوە قەرزبووە زیاتر وەرگیرێ یاشتێك بفرۆشێ لەبەرئەوەی کەقەرزە بەزیاتر دابنرێت.

جابۆئەوەی توشی ئەوتاوانە گەورە نەبین هەرشتێکمان بەوێنەو چەشنی خۆی فرۆشت پێویستە ئەم سێ مەرجەی تیابێتەجێ:

1. هەردوکیان حازربن.
2. لەکەم وزیادیدا وەك یەك بن.
3. ئەبێ تەسلیم کردن ووەرگرتن لەیەك کاتابن. بەڵام ئەگەر جۆرەکەیان لەیەك جیابوو تەنیا دوومەرج پێویستە واتە(یەکەم وسێ هەمی سەرەوە). زیادەوەرگرتنی لایەنێك لەم شێوەیەدا بەسوخۆری ناژمێررێت، پێشەوای مەزن ودڵسۆزی بەرەی ئادەمی پێغەمبەری پایەبەرز(ﷺ)لەم بارەوە ئەفەرموێت(الذَّهَبُ بالَّذَهَبِ وَالفِضَّةُ بالفِضَّةِ والبُرُّ بالبُرَّ وَالشَّعيرُ بالشّ◌َعير وَالتَّمرُبالتَّمرِ وَالمِلحُ بالمِلحِ مِثلاً بِمثل سَواً بسَوًٍ يَدَاً بيَدِفاذا اختَلَفَتِ الاجناسُ فَبيعُوا كَيفَ شِئتُم اذا كانَ يَدَاً بيَدٍ)

واتەئاڵتون بەئاڵتون وزیو وگەنم بەگەنم وجۆ بەجۆ وخورمابەخورماو خوێ بەخوێ ئەبێ وەك یەك ودەست بەجێ بن بەڵام ئەگەر جۆرەکەیان لەیەك جیابووئەوەهەرچەندزیادوکەمیان ببێت دروستە بەومەرجەی هەردوولادەبێت دەست بەجێ وەری بگرن، دیسان پێغەمبەری مەزن(ﷺ) ئەفەرموێت(دِرهَمُ رِباً يأكُلَهَ ابنُ ادم أشَدُّعِندَ اللهِ اثماً مِن سِتٍ وَثلاثين زَنيَّةً)واتە: یەك درهەم کەبەنی ئادەم بەسوبیخوات تاوانی گەورەترە لەلای خوا لەسی وشەش زینا، دووهەمیان ئەفەرموێت(لِلربا سَبعُونَ باباً ايسَرُهامِثلُ ان يَنكِحَ الرَّجلُ أمَّهُ)واتە: سوخۆری حەفتا جۆر تاوانی هەیە سادەترینیان وەك زینای دایکی خۆی وایە، بەڵێ بەڕاستی خواردنی سوو ڕەوشتێکی زۆرناپەسەندەو هۆی بڵاوبونەوەی چەندین بیماریە وەك دروستکردنی دوژمنایەتی وزۆربوونی حەسادەت وکێ بەرکێ کردنی خەڵك بۆکۆکردنەوەی سامان بەهەرشێوەیەك کەبۆیان بکرێت تاخۆیان لەوخوێنمژانە ڕزگارکەن ولەپاشا جێگای ئەوان بگرنەوەدەیان ڕەوشتی تری ناپەسەند، بەڕاستی سوخۆری ڕەوشتێکی ناپەسەندو نالەبارەو لەتاوان دا کەم وێنەیە، ئەڵێن جارێك کابرایەك

کابرایەکی سەرخۆشی دی کەشەو لەدەشت وچۆڵیەکدا بەشوێن مانگادا ڕای ئەکرد کەبیگرێت!! کابراکەدی تەلاقی خوارد کەهیچ شتێك لەوەپیسترنی یە، لەپاشا چووە لای ئیمامی مالیك(خوالیٚ ی خۆشبیٚ)وپرسیاری تەلاقەکەی کرد کەئایاشت هەیە لەوە پیستر یا نەء؟

ئیمامی مالیك فەرمووی بچۆبەیانی وەرەوە، کابراکە بەیانی هاتەوە ئیمام فەرمووی تەلاقت کەوتووە، چونکە من شەوڕۆژ سەرنجی قورئان وحەدیسم دا نەم دی هیچ شتێك بەئەندازەی سوخۆری پیس بیٚ چونکە خوای گەورە دژی سوخۆران داوای بانگەوازی شەڕی کردووەمەبەستی ئایەتی(فَأْذَنُوا بِحَرْبٍ مِنَ اللَّهِ)البقرە/279بوو لەپێشەوە باسمان کرد حەزرەتی عومەر(ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)ئەفەرموێت لەبازاڕەکانماندا نابیٚ کەسابەت بکەن تاشارەزای کڕین وفرۆشتن نەبن لەئیسلامدا، ئەگینا توشی سوخۆری ئەبن هەروەهاحەزرەتی عەلی(ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)ئەفەرمویٚ(هەرکەسێك خەریکی بازرگانی بێت بەرلەوەی شارەزای ئاین ببێت سەبارەت بەکڕین وفرۆشتن، دوچاری سوئەبێت، دوچاری سوئەبێت واتەدووجارفەرمووی.

براوخوشکە مسوڵمانەکان، ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆدابین کردنی خۆشبەختی مرۆڤ ئەوەندەدژی ئەوئەخلاقە ناپەسەندانە دەوەستێت زۆرحەیفە بۆئێمە کەئەوئاینە پاك وخاوێنەی خۆمان نەناسین وهەوڵی بۆنەدەین وپەیڕەوی لێوەنەکەین بەڵکوکوردواتەنی دوای کلاوی بابردووبکەوین.

کیٚ بەرگری دەکرێت؟

ئەوانەی کەلەمامەڵەدابەرگری دەکرێن ئەمانەن:-

1. شێت چونکە قازانج وزیانی خۆی نازانیٚ.
2. ئەوکەسەی کەقەرزی زۆری خەڵکی لابیٚ وئەوەندەی نەبێت کەبیان بژێرێت.
3. منالٚ، چونکە ئەمیش لەسەرفکردنی ماڵدا دەرکی سوود و زیان ناکات تاماڵەکەی بەهەوانتەنەڕوات وکۆمەڵیش لێڵ ولیخن نەکات کەهەندێك بکەونەتەماعەوەوبەفێڵ وفرشتی بەهەرزان لیٚ بکڕن یان بەگران پیٚ ی بفرۆشن.
4. ئەوکەسەی کەماڵی خۆی بەفیڕۆخەرج بکات، هەرچەندبەرگری پاش باڵغ بوون هەندیٚ کێشەی لەسەرە بەلاٚم من ئەم ڕەئیەم پیٚ پەسەندترە.

تیٚ بینی

وەسیەت کردن بەزیاتر لەسیٚ بەشی ماڵ مەنع دەکرێت مەگەرخاوەن بەشەکان ژیرو باڵغ بن و ئیجازە بدەن.

چەندئاگادارییەك

1. ئاودێران لەیاسای کڕین وفرۆشتن دەرئەچێت چونکە فرۆشتنی شتێکی نادیارییە کەبەری خورماو مێوەکەیەو هێشتا دەرنەکەوتووە، بەلاٚم چونکە زۆرکەس هەیە باغی گەورەی خورماو تریٚ ی هەیەو خۆی نازانیٚ یاناتوانیٚ خزمەتی بکات وهەندێکیش هەن کەدەزانن و دەتوانن، بەلاٚم باغیان نی یە لەبەرئەوەیاسای ئیسلام ئەوئاودێران وخزمەتە لەسەرخورماو ترێیەك کەهێشتادەرنەکەوتوون ئیجازەئەدات.
2. ئیجازەی بازرگانی بەماڵی خەڵك دراوەبەمەرجێك لەسودوزیانداهاوبەش بن وئەم بەشەش لەپەڕاوەفیقهیەکاندا بەدرێژی بەناو(قیراض)ەوە باس کراوە.
3. ئیجازە دراوە کەخاوەن قەرزێك قەرزی بەلاٚتەوەیە بینێری بۆلای کەسێك کەقەرزی تۆی بەلاوەیەئەمەش پیٚ ی ئەوترێت ڕەوانەکردن(حوالە).
4. ئیجازەدراوە کەخورمای تازە پێگەیشتوو(الرطب)بدریٚ بەخورمای لەدەستابو بەمەرجێك نەگات بەحەدی زەکات ئەمانە هەموویان لەبەرئیحتیاجی زۆری خەڵك وناچاری ئیجازە دراون وناکرێن بەقیاس بۆشتی تر، ئەمانە نیشانەی بەربلاٚوی یاسایەوداگیرکردنی هەموکون وقوژبنێکی ژیانە(العموم والشمول).

قەرزدان سونەتە

قەرزدان بەئینسانی موحتاج مادام بۆگوناهی نەبێ وداوای بکات پێویستە بەڵام ئەگەربۆگوناهی بوو ئەوەئەوقەرزدانە قەدەغەیەو وەئەگەرگومانی تاوانی لێ دەکرا، چاك وایە قەرزی پێ نەدرێت چونکە کابرا بەڕەفتارە ناشیرینەکانی ماڤ خۆی سوتاندووە.

لەبەرسوری ئیسلام لەسەرقازانجی خەڵك، قەرزدانی بەلاوە زۆرشتێکی جوانەو هەندێ جاریش بەپێویستی دەزانێت(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الأثْمِ وَالْعُدْوَانِ)المائدە/ 3 واتە: یارمەتی یەکتربدەن لەسەرچاکەو خواپەرستی ویارمەتی یەکترنەدەن لەسەرتاوان ودوژمنایەتی. کابرای قەرزار نابێ کاتی بونی کەمتەرخەمی بکات لەبژاردنەوەی دا، چونکە پێغەمبەر(ﷺ)ئەفەرموێ(مَطَل الغَنّي ظُلمٌ)واتە نەدانەوەی قەرزلەکاتی بونا بەخاوەنەکەی ستەم وزوڵمە. قەرزدان چاکەیەو لای خواری پاداشتەکەشی هەژدەبەرامبەرە بەڵام لای خواری چاکە دەبەرامبەرە چونکە دەگونجێ کابرای چاکە لەگەڵ کراوشتێکی هەبێ بەڵام ئەوەی موحتاج نەبێ داوای قەرزناکات هەروەها چاکە ئەبێتە هۆی کەمتەرخەمی وگوێ نەدانە زەحمەت وئیش لەلایەن چاکە لەگەڵ کراوداو تەمەڵی لێ پەیدا دەبێت، بەڵام قەرز ئەبێتەهۆی خستنە کاری کابرای قەرزار چونکە دەبێ هەوڵ دات بیبژێرێتەوە، وەئەگەر کابرای قەرزار لەبەرکەم دەستی قەرزەکەی بۆنەئەدرایەوە پێویستە لەزەکات قەرزەکانی بۆبدرێتەوە، واتە ئیسلام مادام داوای قەرز ئەکات ئامادەیە لەکاتی نەبونی دەسەڵاتی قەرزارەکەدا تائەوجێگایە بۆی بلوێت ئەوقەرزە ببژێرێت وبۆهەمیشەیش بەشێکی زەکاتی داناوەبۆئەوانە(وَالغَارِمِين) واتە: قەرزداران یەکێکەلەوهەشت تاقمەزەکات بەرانە جائەگەر میری ویارمەتی خەڵك قەرزەکانی بۆتەواو نەدەبوو پێویستە خاوەن قەرزەکانیش دەست لەباقیەکەی هەڵگرن، ئیسلام ئەوقەرزە بەئیشێکی چاك وئینسان دۆستانە ئەزانێ وهۆیەکە بۆپەیدابونی دۆستایەتی وخۆشەویستی لەنێو خەڵکا بۆیە نەرێگا بەماتەڵ کردنی قەرزەکە ئەدات ونەئیجازە ئەدا شتێکی زیاتر یاچاکترلەقەرزارەکە وەرگیرێت وئەوئیشە بەسوخۆری دائەنێ ئەوحیسابەی بۆدەکات کەلەباسی سوخۆری دا باسمان کرد، بەڵام ئەگەر لەم بارەوە هیچ مەرجێك نەگیرابوو لەپاشا قەرزارەکە ماڵێکی زیاتریاچاکتری هێنایەوە بۆخاوەنەکەنەخراپی نەکردووەبەڵکو ئیشێکی چاکی کردووە، پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ)لەم بارەوە ئەفەرموێ(انَ خیارکُم أحۡسَنُكُم قَضاً)واتە چاکترتان ئەوکەسەیە کەقەرزباشترئەداتەوە وەچونکە چاکەی لەگەڵا کراوە، جەزای چاکە، چاکەیە(هَلْ جَزَاءُ الاحْسَانِ إلا الاحْسَانُ)الرحمن/ 60. ئەمەیش بۆیە ئیجازەدراوە چونکە ئەبێتە هۆی بەتین بونی پەیوەندیەکان و باوەڕبونی زیاتر بەیەك وبەرزو بەهێزبونی پلەی خۆشەویستی لەنێوخەڵکدا، ئەوەیە ئاینە ئاشتی خوازومرۆڤ ویستەکەی ئیسلام هەمووکون وقوژبنێك دەگەرێ بەدوای ئیشەچاکەکانداو کۆیان دەکاتەوەو پێشکەش بەکۆمەڵی خەڵکی دەکات وبەتوندی دژی خراپەکان لەناوکۆمەڵ دادەوەستێت وتاریان دەنێ، ڕاستی ئەوەیەیاساکەی قورئان، هێنەری خەیرە بۆهەمووجیهان. هەرکەس لێ ی لادا خۆی زەرەر دەکا، بێجگە لەسەرشۆڕی هیچ بەهیچ ناکا قسەی بێ ناوکەبو بۆڕووس پێی هەڵگرا بەڵام زۆری پێ نەچوودەهۆڵەکەی درا.

ئەوشتانەی کەهەمووتیاشەریکین

هەمووکان وسەرچاوەکانی وەك نەوت، قیر، خۆی ئاڵتون و زیوئاسن ومس گازو وێنەکانیان نابێ بدرێن بەدەست یەك یاچەند کەسی تایبەتیەوە بەڵکو ئەبێ میری دەستیان بەسەرا بگرێت وبەکرێ ئەوشتانە ئەنجام بدات وبەرهەمەکەی بۆتەواوی خەڵك بێت ئەمەش یەکێکە لەوبەڵگەڕونانە کەئیسلام بەسەرمایەداری پەڕوباڵ وقورس ڕازی نیە وماوە بەسەرمایەداران نادات کەدەست بکێشن بەسەر ئەوکان وسەرچاوانەدا، تەنانەت میریش ناتوانێت یەکێك لەوسەرچاوانە بدات بەدەست یەك یاتاقمێکەوەبۆخۆیان بەڵکوئەبێ ئەوکان وسەرچاوانە لەبەرژەوەندی گشتی دا

بەکاربهێنرێن، پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(ئینسانەکان باوەڕداروبێ باوەڕ هاوبەشن لەسێ شتا لەئاووئاگرولەوەڕدا)لەفەرمودەیەکی ترا ئەفەرموێ لە(خوێ)واتە ئەوشتانەی کەهەمووکەس بۆخۆی یابۆمەڕومالآتی ئیحتیاجی پێ ی هەیە دەبێ گشتی بێت نابێ تایبەتی کرێت بەیەك یاتاقمێکەوە.

سەلەم

سەلەم، کڕین وفرۆشتنێکە کەفرۆشراوەکە لەڕونەبێت ولەوانەبێ کەبەتەعریف بناسرێت وماوەش بۆوەرگرتنی هەبێت سەلەم ئەگەرچی بەڕواڵەت لەسودەچێت، بەلآم لەبەرپێویستی خەلْك وناچاری ماوە بەوئیشە دراوە، قازانجی سەرمایەدارەکە لەم وێنەیەدا سەداسەدنیەتاوەکوسوی(الربا)لێ بێت ئەگەرچی قازانجەکەی بەرچاوترە، سەلەم بێجگەلەوەئەبێ سەلەم کراوەکە شتێکی بەسودوپاك بێ چەندمەرجی تربۆسەلەم پێویستە وەئەبێ ئەومەرجانە بێنەدی ئەگینا دروست نی یە.

1. ئەبێ پارەکەلەکاتی دابەستنی سەلەمەکەدا تەسلیم کرێت.

2. ئەبێ سەلەم کراوەکە قەرزبێت.

3. ئەبێ جێگاوکاتی تەسلیمکردنەکەی دیاری بکرێت.

4. ئەبێ سەلەم کراوەکە بتوانرێت تەسلیم بکرێت.

5. ئەبێ سەلەم کراوەکەبەرێگای عادەتی دیاری بێت واتە(ئەندازەکەی بەپێوانە یاکێشانە یاژمارە یامەتر دیاری کرێت).

6. ئەبێ ئەوسیفەتانەی کەنرخ ورەغبەتی خەلْکی تیادەگۆڕێ لەسەلەم کراوەکەدا ئەبێ دیاری کرێ وبزانرێت بێجگە لەو وەسفەی کەشتەکە نایاب کات ئەمەهەموو بۆئەوەیە کەخەلْك دوچاری هەراو دەمەقالْە نەبن، ماوەدان بەسەلەم شتێکی پێویستە بۆژیانی خەلْك بۆیە ئیسلام بەڕەوای داناوە کەوابوهەروەسفێك شتەکەی سەخت کرد یاکەم کردنەوەی هەرمەرجێك لەومەرجانە کەباسکران ئەبێتە هۆی هەلْوەشاندنەوەی سەلەمەکەچونکە ناکۆکی لێ پەیدا ئەبێت.

برای مسولْمان وخوشکی خواناس وبەئیمان تەماشاکەن کەڕێبازەپیرۆزەکەتان چەندسورە لەسەر دابین کردنی ژیانی ئینسان بەشێوەیەکی ڕێك وپێك ولەهەرگۆشەیەکەوە خەیرێ هەبێت هێناویەتی ولەبەردەم خەلْکادایناوەو هەرخراپەیەك بەدی کات بەگورزوگۆپالْ ڕاوی دەکات ڕاستی فەرمووە خوای گەورەکەئەفەرموێت(وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رَحْمَةً لِلْعَالَمِينَ)الانبیاء/107واتە ڕەوانەکردنی تۆئەی موحەممەدبۆهیچ شتێك نیە مەگەربۆ دابین کردنی خەیروبەرەکەت بی بۆهەمووخەلْك. درودورەحمەتی خوات لێ بێ ئەی پێغەمبەرەوئەی دلْسۆزوپێشەواوڕەهبەر. ئیسلام مەنع ئەکات غەش لەمامەلْە، بەبێ ئیسلام جیهان ئیشی ماتەلْە.

ئەوەی چاکەبێت یاسای ئیسلامە کامیش خراپەبێ دژی ئیسلامە.

کێ ئەلْێ وانیەدەستی بالآکا، پەنجەی دابنێت لەسەرتاقە خالْێکیا.

بەخشین وخەلآت

بەخشین وخەلآت بەوشتەدەوترێت کەبەبێ شت وەرگرتن لەباتی دا بدرێ بەکەسێك ئەم بەخشراوەئەبێتە مالْ بۆکابرای پێ بەخشراو.

بەخشش وخەلآت لەڕوانگەی ئیسلامەوە چۆن هۆیەکە بۆخۆشەویستی ودۆستایەتی ئیشێکی ڕەواوچاکە لەهەرکەسەوەبێت وهەرچەندبێت، پێغەمبەری مەزن(ﷺ)دیارییەکەی موقەوقسی کافری وەرگرت و ماریەی قبگی دایکی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر(ﷺ) یەکێك بوولەدیاریانە، دیاری هەرچەندبێت نابێ بەسوك تەماشابکرێت چونکە دیاری هۆی خۆشەویستی وبەتین کەری پەیوەندی نێوان خەلْکە کەوابوو هەرشتێ ئاوابێ زۆربەنرخە ئەگەرچی خۆی شتێکی کەم نرخ بێت بۆیەپێغەمبەری دلْسۆزورێ پیشاندەر(ﷺ)ئەفەرموێ(لاتَحقِرَنَّ جَارَةُ لِجَارتها

وَلَوفِرسَنَ شاةٍ)واتە ئاومالێك دیاری ئاومالەكەی خۆی بەكەم نەزانێ ئەگەرچی سمی حەیوانێك بێت، ئیسلام ئاینی برایەتی ویەكێتی وخۆشەویستیە وبەتین كەری پەیوەندی نێوان خەلكە، دیاریش هۆیەكە بۆپەرەپێدانی ئەم شتە بەنرخانەوهەرهۆیەك كەبێتە گومان ونابەدڵی دیارییەكە، نرخی ئەوبەخشینە دێنێتە خواروئیسلام بەرەوای نازانێت وەك ئەم خالانەی خوارەوە:

1. سەندنەوەی دیاری لەروانگەی ئیسلامەوە شتێكی ناپەسەندو قەدەغەیە پێغەمبەر(ﷺ)ئەفەرموێ(الَّذى يَعُودُفي هِبَتِةِ كَالكَلبِ يَرجِعُ الي قَيئِهِ)ئەوكەسەی كەخەلاتی خۆی دەسێنێتەوە وەكوسەگێك وایە كەبگەرێتەوە بۆخواردنی رشیانەوەی خۆی. چونكە ئەمەلەباتی دۆستایەتی نارێكی ودوژمنایەتی زیادئەكات.

2. دیاری بۆكاربەدەستانێ كەلەپێش كاربەدەستیا شتێكی والەنیوان ئەوكاربەدەستەودیاری دەرەكەدا نەبوبێ، چونكە ئەمە ئەبێتە هۆی گومانی خراپ بۆهەردولا.

تێ بینی

دیاری بەناوبەرتیلەوە تاوانێكی گەورەیەو پێغەمبەری خوا(ﷺ)نەفرینی لەبەرتیل دەرو وەرگرو واسیتەی نێوانیانی كردووە. مسوڵمانان ئەبێ ئاگاداری خۆیان بن وخۆیان دوچاری ئەونەفرینە نەكەن لەبەرشتێكی دواكۆتای دونیا.

1. دیاری لەرودامان(غصب الحیآ)واتە كابرا لەشەرماندا شتەكە ببەخشێت، وەك ئەوەشتێكی بەقیمەت یاجوانی هەیەو كابرایەك تەماشای ئەكات وئەلێ شتێكی جوانەو چاكەوخاوەنەكەی پێی شەرمە ئەگەرنەلێ پێشكەشت بێ ئاشكرایە ئەوپێشكەشیە نابێ وەرگیرێت چونكە پێشكەشی لەرودامانەو بەدلْ بەوبەخشینە رازی نیە ئیتر كەی دۆستایەتی دێنێت؟

2. دیارییەكە ببێتە هۆی یارمەتی لەسەرتاوان( )المائدە/ 2براوخوشكی مسوڵمان، ئەوەیە یاساورێبازەكەت تەماشاكەن چەندسورە لەسەرهێنانی هۆیەكانی خۆشەویستی وبرایەتی ودورخستنەوەی هۆیەكانی ناكۆكی ودوژمنایەتی.

نان خواردنی دەعوەتی

لەروانگەی ئیسلامەوە دەعوەت بۆنان خواردن ومێوان داری دووشتی جیان لەیەك لەبەرئەوە پێویستە هەریەكەیان بەجیا باس بكرێت.

1. دەعوەت بۆنان خواردن چونكە هۆی زیاد بونی خۆشەویستی وبرایەتیەئیشێكی چاكی ئیسلامەوپێویستە دەعوەت كراو بچێتە سەردەعوەتەكەو نابێ خۆی ببوێرێت مادام لەوشوێنەدا تاوان نەكرێت، جائەگەر بەچونی ئەو ئەوتاوانە نەدەكرا ئەوەپێویستە لەسەری بچێت وتاوانەكە مەنع كات، بەلام ئەگەر ئەیزانی تاوانەكەی بۆبەرگری ناكرێت ئەوە، بەنەچون بێزاری خۆی لەوتاوانەدەرئەبرێت بەم كارەیشی ئینشاءالله پاداشتی ئەبێت.

نان خواردن لەودەعوەتانەدا مادام گومانی لەحەلالْ و حەرامی خواردنەكەدا نەبووپێویستە وچاك وایە رۆژوی سونەتی بۆبشكێنێ.

لێرەشدا دەعوەتی لەرودامان ودەعوەتێ كەدەوڵەمەندانی بۆبانگ كرێت وگوێ بەفەقیران نەدرێت دەعوەتێكی ناپەسەندو نارەوایە ومسوڵمانان ئەبێ نەئەوجۆرە دەعوەتانەبكەن ونەبۆئەوجۆرە دەعوەتانەش بچن، بەتایبەت نابێ دەعوەتی ستەمكاران وبێ دینان بكرێت چونكە پێغەمبەری پایەبەرزو رێ پیشاندەر(ﷺ)ئەفەرموێت(لاتُصَاحِب الامُؤمناً وَلاَ يأكُل طَعَامَكَ الاتَقِيٌ) واتەنەكەی رەفیقی بێجگە لەخاوەن باوەرو نەخوات نانت بێجگەپەرهێزكار.

2. مێوانداری نیشانەی مرۆڤ دۆستی وهۆی زیاد بوونی خۆشەویستی ودۆستایەتی یە بۆیە ئیسلام زۆر بەگرنگی دائەنێ وئەفەرموێ(مَن كَانَ يُؤمِنُ باالله وَاليَوم الاخِرِ فَليُكرِم ضَيفَهُ)واتە هەركەسێ باوەری بەخواو بەرۆژی قیامەت هەبێت بارێزی میوانەكەی بگرێ.

بۆمیوان وڕێزلێ گرتنی ئەم شتانەپێویستن:

1. ڕێزلێ گرتن وهەڵسان لەبەری لەکاتی هاتنیاو لەکاتی بەڕێکردنیا.

2. خواردنی باش بۆشەووڕۆژێکی وبەمێوان حیسابە تاسێ ڕۆژ.

لە پێغەمبەری مەزنەوە هاتوە(کەمێوان بەڕۆزی خۆی دێ وبەلابردنی گوناهی خاوەن ماڵ دەچێت مێوانیش ئەگەر بەداوای خاوەن ماڵ نەبێ وئیشی زۆرزەروری نەبێت چاك نی یەزیاتر لەسێ ڕۆژبمێنێتەوە.

ماڵی هەتیوخواردن قەدەغەیە

ئایینەپرسۆزوبەزەییەکەی ئیسلام سۆزەکەی هەمووگۆشەکانی جیهان وهەمووکون وقوژبنێکی دەگرێتەوە، جاچۆن ئەبێت منالە هەتیووبێ سەرپەرشتەکان ولاوازو بێ دەسەلاتەکان نەگرێتەوە بەڵێ، ئایینی پیرۆزی ئیسلام ماوەنادات هیچ کەس ماڵی ئەوهەتیووبێ سەرپەرشتانەبەناڕەوابخوات وبەتوندی هێرش ئەکاتە سەریان ئەفەرمویت(إِنَّ الَّذِينَ يَأْكُلُونَ أَمْوَالَ الْيَتَامَى ظُلْمًا إِنَّمَا يَأْكُلُونَ فِي بُطُونِهِمْ نَارًا وَسَيَصْلَوْنَ سَعِيرًا)النساء/10 واتە: ئەوانەی ماڵی هەتیوبەشێوەیەکی ستەم وناڕەوائەخۆن، وەك ئەوەوایە کەئاگری خستبێتە ناوسکیەوە وەلەدواییدا ئەخرێنە ناوئاگری سەختی جەهەنەمەوە، خواردنی ماڵی هەتیو یەکێکە لەوحەوت تاوانەی کەئەبێتەهۆی لەبەین چون وسزای سەختی جەهەنەم،بەلأم ئەوانەی کەبەهەڵ کەندنی قەبری مردوەکەوەیا بەقازانجی هەتیوەکان ئیشبکەن ئەتوانن بەئەندازەی پێویست لەوماڵە بخۆن وئەبێ بەکرێ ی ئیشەکەیان، هاتوچۆی هەتیوان وخزمەتکردن ویارمەتی دانیان ئیشێکی زۆرزۆر بەسودەو پاداشتێکی گەورەی هەیە لەڕوانگەی ئیسلامەوە پێغەمبەری مەزن ومرۆڤ پەروەر(ﷺ)ئەفەرموێ(أَنا وكَافِلُ اليَتِيمِ فی الْجنَّةِ هٰكَذَا وَأَشَارَبالسَّبَّابَةِ وَالوُسطَى وَفَرَّجَ بَيْنَهُما) واتە: من وبەخێوکەری هەتیو لەبەهەشتا ئاوەهاین ئەنگوستی شەهادەوناوەڕاستی پیشان داولکاندی بەیەکەوە، خوێنەری بەڕێز، ئایا شتێك هەیە لەوخزمەتەکەمرۆڤ بکات بەڕەفیقی پێغەمبەری پایە بەرز(ﷺ)گرنگتربێ؟

لەکوێت هێنا؟

لەکوێت هێنا؟ یاسایەکە لەیاساکانی ئیسلام وڕێگایەکە بۆبەستنی دەم ودەستی تەماع بازان وچاوچنۆکان لەخواردن وپەیداکردنی ماڵ لەڕێگای قەدەغەوناڕەواوە، بەگوێرەی ئەم یاسایەسالأنە دەرامەتی خەڵك لێك دەدرێتەوە بەتایبەت پیاوانی میری جائەگەر زیاد بوونی ماڵەکەی بەشێوەیەکی ڕەواو دروست بوو ئەوەهی خۆیەتی، ئەگینا لێ ی وەرئەگیرێ لەپاشا ئەگەرخاوەنەکەی دیاربوو ئەدرێتەوە بەخاوەنەکەی وەئەگەردیارنەبوو ئەخرێتە سەرماڵی گشتی(بیت المال)وبەسودی گشتی کەڵکی لێ وەردەگیرێت، ئەڵێن ئەم یاسایە حەزرەتی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێ)ئیشی پێ کردووە وەهەرسەربەست ووالیەکی ناردبێ بۆشوێنێك پێشەکی ماڵەکەی لەگەڵدا حیساب دەکردوکاتێ کەدەگەڕایەوە دووبارە حسابی لەگەڵأدەکردوهەمووخەرجی ودەرامەتی لەبەرچاودەگرت وهەرچی زیادبوایە لێ ی وەردەگرت وئەی فەرموو ئەمەت لەکوێ هێنا؟ لەوەڵأمی ئەوانەدا کەئەیان وت خەڵك بەخەلأت بۆئێمەی هێناوە، ئەیفەرمووئەگەرلەماڵی خۆتا بویتایە بۆت دەهات؟

کەواتە لەبەرئەوەی کەتۆسەرپەرشت و والی مسوڵمانان بوی بۆیە بۆت هاتووە، ماڵەکە هی مسوڵمانانە نەهی تایبەتی تۆیە دروودوڕەحمەتی خوات لێ بێ ئەی عومەر، ئەی دڵسۆزو دادپەروەر، بەڕاستی چاکت ناسی یاساکەی خوا ئەی هەڵکەوتوی باهونەرئەمڕۆکەسانێ هەن کەنرخی تۆنازانن وچێولەتاریکی دەکوتن، وەك شاعیر ئەڵێ(شەمشەمەکوێرە قەت خۆرنابینێ ئەوچاوی کوێرە خەتای خۆرچی یە؟)

خانوی زیاد ناڕەوایە

ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئەوئاینەبەرێزەیە کەلەهەمووبارێکی ژیانەوە بەرنامەی هەیەوهیچ گۆشەیەکی لەبیرنەچۆتەوە، هەرشتێك بەسودی خەڵك بێ فەرمانی پێ ئەداوهەرشتێك سوودی نەبێت تاری دەنێ وڕاوی دەکات وپێ ی دەڵێ(مِن حُسنِ اسلامِ المَرء تَركُهُ مالايَعنيهِ)بەشێکە لەجوانی مسوڵمانیەتی مرۆڤ، وازهێنان لەوشتانەی کەنایەوێت.

خانویەکێکەلەپێویستیە هەرەگرنگەکانی مرۆڤ دەبێ هەیبێت، دیسان ئەویش بێ سنورنیە، دروست کردنی خانوی زیادبۆکۆکردنەوەی سەروەت وسامان لەڕوانگەی ئیسلامەوە شتێکی ڕەواوپەسەند نیەپێویستەمسوڵمانان خۆیان لەوخەرجە زیادە بپارێزن و سەروەت وسامان لەڕێگای ڕەواوە بەدەست بهێنن ولەڕێگای پەسەندوڕەواوە خەرجی بکەن، چونکەپێغەمبەری دڵسۆزومرۆڤ پەروەر(ﷺ)لەم بارەوە ئەفەرموێ(ان الرَّجُلَ لَيُؤجَرُفي نَفَقتِها كُلَّهاالا في هَذا التُّرَابِ)واتە ئینسان پاداشتی هەمووخەرجی یەکی دەدرێتەوەبێجگەلەوخەرجیەی کەلەخانودا ئەیکات، زەوی ونیعمەتەکانی ناوی هەموی هی خوایەودەبێ هەمووخەڵك کەڵکی لێ وەردەگرن نەك خوێنمژانی سەرمایەداربەهۆیسامانە نارەواکانیانەوە هەمووی بخەنەژێردەستی خۆیانەوەوهەزاران کەسیش بێ جێگاوڕێگابێت،قورئان لەوجۆرەسەرمایەدارانەهەڕەشەئەکات وئەفەرموێ(بسم الله الرحمن الرحيم. وَيْلٌ لِكُلِّ هُمَزَةٍ لُمَزَةٍ (1) الَّذِي جَمَعَ مَالا وَعَدَّدَهُ (2) يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ (3) كَلا لَيُنْبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ (4) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ (5) نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ (6) الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الافْئِدَةِ (7) إِنَّهَا عَلَيْهِمْ مُؤْصَدَةٌ (8) فِي عَمَدٍ مُمَدَّدَةٍ (9))سوره الهمزه. واتەسزاولەناوچون بۆئەوکەسانەی کەناوی مەردوم ئەبەن بەخراپەوهەوڵ ئەدەن بۆسوك کردنیان بەدەم یابەسەریابەچاوکەئەمەش خوی ئەوکەسەیە کەهەمیشە خەریکی ماڵ کۆکردنەوەوژماردنیەتی واتە: ئەوانەی کەناوی مەردوم ئەبەن کەسانێکن کەدەوڵەمەندو پارەدارن ولەبەرزۆری سامانی خۆیان کەس بەتایبەت کەم دەستان بەهیچ نازانن وگاڵتە بەم وبەوەدەکەن وهەرگیز لەمردن وڕۆژی دوایی ناترسن، چونکەپارە مردنی لەبیربردونەتەوەووائەزانن داراییەکەیان نایەڵێ بمرن وهەرئەمێننەوەجا، باوانەزانن بەڕاستی ئەخرێنە ناوئاگرێکی شکێنەرەوە تۆچوزانی ئەوئاگرەچۆنە؟ ئاگرێکی هەڵگیرسێنراوی خوایی یە کەهێرش ئەکاتە سەرجێگای تەماع کەدڵەکانەوئەیانسوتێنێ، بێ گومان ئەوئاگرە دەوریان ئەداو دایان ئەگرێ وڕێگای دەرچونیان نابێ ودەش بەسرێنەوە لەناوچەندکۆتێکی قورسی درێژی ڕاکشاودابراوخوشکە مسوڵمانەکان ئاوایە بیروڕای ئیسلام سەبارەت بەسەروەت مەندانی بەناحەق، درێژەی ئەم باسە لەباسی(زەوی‌بۆهەمووئینسانە)داهەیەولێرەدا لەوەزیاترباسی ناکەین.

بانقەکان پارێزەرن یاخوێن مژ؟

بانقەکان ئەگەربۆخزمەتی خەڵك دانرێن شتێکی چاك ورەوایەو پێویستە پەرەیان پێ بدرێت وخەڵکی بۆرێنوێنی بکرێت جابۆئەوەی دەرکەوێت کەخزمەتچی خەڵکە ئەبێ ئەم خاڵانەی تیا بێتەجێ ولێکدانەوەی سەرمایەداران نەکرێت بەمیزانی رەواوناڕەوایی بانقەکان بەڵکوزۆربەی خەڵك لەبەرچاوگیرێت، خاڵەکان بریتین لەمانە:–

1. سەروەت مەندانی بەحەق لەبەرخزمەت بەخەڵك وپاراستنی ماڵەکەیان لەنەمان ولەبەین چون پارەکانیان بخەنە بانقەوە.

2. بەڕێوەبەران وکاربەدەستانی بانقەکان لەلایەن میریەوەولەسەرماڵی گشتی مەعاشیان پێ بدرێت.

3. بانقەکان بێ منەت قەرزی بێ زیادوکەم بەکەم دەستان وموحتاجان بدەن وفێڵ وفڕیان لێ نەکەن وبەناوحەق وزەحمەت وشتی واوە پارەیان لێ وەربگرن.

4. بەپارەی بانقەکان مامەڵەی گەورەوبچوکی پێ بکرێت وسودەکەی بۆگشتی بێ ولەشتی گشتی دا وەك قوتابخانەونەخۆشخانەوپردوڕێگادا خەرج بکرێت وساڵانەلەسەدا شتێکی ئەوسوودە کەلەپێشەوەپێی ئەوترێت بەخاوەن پارەکان بدرێت.

بەڵام بەنقەکانی ئەمڕۆ بەهێزکەری سەرمایەدارەو خوێن مژی چینی چەوساوەو کرێکارەوتێکدەری خووڕەوشتەودروستکەری دووشتە، سەرمایەدارفرەبەشەوکەم دەست وچەوساوەوزەحمەت کێش وبێ بەشە، ئەوەیەیاسای دەستکردی بەشەر، بێجگەلەشەڕبەدی ناکەیت یەك تاقە خەیر، هەرجۆرە زیادی وکەمیەك لەوەرگرتن ودانەوەی ئەوپارەدا قەدەغەوناڕەوایەوبەرسو(الربا)ئەکەوێت، مەگەرخەزێنەی گشتی پێویستی بەپارە هەبێت ئەویش ئەبێ لەپارەی سەروەت مەندان وەرگیرێت نەك لەوانەی کەم دەستن وموحتاجی پارەن، کابرای دەوڵەمەندئەگەرسەیارەیەکی هەبێت وبیباتەگەراج حەتمەن کرێ ی لێ ئەسێنرێت وهیچ شتێکیش ناڵێت چونکە ئەڵێ پارێزگاریان کردوە، بەڵام ئەگەر چاوچنۆك وتەماع بازوڕەزیل نیەو مەبەستی تەنیا کۆکردنەوەی پارە نیە بۆئەبێ بۆپارێزگاری ئەوپارەیە ئامادەی ئەویارمەتیە نەبێت وئەوپاداشەگەورەی خواکەیەك بەدەیە بەگرنگ نەگرێت؟!!

ئەگەربانقەکان بەشێوەی ئیسلام ئیش بکەن کەم دەست وفەقیرکوا خەیاڵی گزی ودزی ئەکەن؟ ئەگەرزەحمەتکێش وکرێکار ڕزگاری خۆیان دەوێ، بۆدوای یاساوڕێچکەدەستکردەکان دەکەون وئیسلامیان ناوێ؟!!.

خۆتەنهائیسلامەداکۆکی لەسەرمافی ئەوان ئەکات ورێزیان بۆدائەنێت.

بزانە چۆنی خەرج ئەکەیت

ئیسلام هەرچۆنێك لەبارەی پارەدەرهێنانەوە یاسای لەکوێت هێنا؟ ی هەیەیاسای(بزانەچۆنی خەرج ئەکەیتی)هەیەو ئەفەرموێت(كُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)[7] بخۆن وبخۆنەوە لەشتەپاکەکان وهەڵەخەرج نەبن بەڕاستی خواهەڵەخەرجانی خۆش ناوێت. وئەفەرموێ(وَلا تُبَذِّرْ تَبْذِيرًاإِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ)[8] ماڵ بەخۆرایی وبەهەردم خەرج نەکەن، ئەوانەی کەوا دەکەن برایانی شەیتانەکانن. هەروەهاپێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ خواسێ شتی ئێوەی پێ ناخۆشەیەکێك لەوسێ شتانەلەناوبردنی ماڵەوەکوئەفەرموێ(واضَاعَه المال)فەوتاندن وزایەکردنی ماڵە.

لەیاسای ئیسلامدا چونکە هەمووخەڵك بەبەندەی خوائەزانێ وهەمووماڵیش بەماڵی خوالەبەرئەوەماوەنادرێت بەخاوەن ماڵێك بەکەیفی خۆی ماڵی خۆی لەبەین ببات وبەهەڵەخەرجی وبێ کەڵك زایەی کات، بەڵکوماڵەکەی لێ ئەسەنرێت لەلای حاکم یاپیاوماقوڵی شوێنەکەدائەنرێت وبەگوێرەی پێویست خەرجی ڕۆژانەی پێ ئەدرێت. لێرەدووشت وەردەگرین یەکەم/ دڵسۆزی ئیسلام سەبارەت بەخەڵك وسەرپەرشتی کردنیان لەخۆیان چاکتر، دوهەم/ هاوبەشی خەڵك لەسەروەت وسامان دا.

ئاڵتون وزیوعەنبارنەکەیت

ئەوئیسلامەی کەهەمیشە سورە لەسەرهێنانی خێروبەرەکەت بۆکۆمەڵ ناگونجێ سەبارەت بەوانەی ئاڵتون وزیو(پارەی ڕەواجی کات)لەناوبازاڕودەستی خەڵکا هەڵگرن وزیادلەپێویستی خۆیان ئەنباری بکەن وبراوخوشکەکانیان موحتاج وئیحتیاج بن بێ دەنگ بێ، چونکە ئەم ئیشە پیشان دەری دووشتە، یەکەم/ نیشانەی بێ ڕەحمی وبێ سۆزی ودڵ ڕەقی سەروەت مەندە کەئەمەش ڕەوشتێکی ناڕەواوناپەسەندەو پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(مَن لايَرحَم لايُرحَم)واتەئەوکەسەی ڕەحم نەکات ڕەحمی پێ ناکرێت هەروەها خوای گەورە هەڕەشەلەوکەسانە ئەکات وبەڵێنی سزای سەخت بەکۆکەرەوەیانی ئاڵتون وزیوئەنبارکەرانی ئەداوئەفەرموێ(وَالَّذِينَ يَكْنِزُونَ الذَّهَبَ وَالْفِضَّةَ وَلا يُنْفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَبَشِّرْهُمْ بِعَذَابٍ أَلِيمٍ (34) يَوْمَ يُحْمَى عَلَيْهَا فِي نَارِ جَهَنَّمَ فَتُكْوَى بِهَا جباهُهُمْ وَجُنُوبُهُمْ وَظُهُورُهُمْ هَذَا مَا كَنَزْتُمْ لأَنْفُسِكُمْ فَذُوقُوا مَا كُنْتُمْ تَكْنِزُونَ) 34–35، واتەئەوانەی کەئاڵتون وزیو عەنبارئەکەن ونایدەن لەڕێگای خوادا، ئەی موحەمەد(ﷺ)مژدەیان پێ بدە بەسزایەکی زۆر ئێش وئازاردار ئەوڕۆژەی کەئەنبار کراوەکە لەناوئاگری جەهەنەمداسورئەکرێتەوە ولەناوچاوانیان وتەنیشتیان وپشتیانی پێ داخ ئەکرێت وپێیان ئەوترێت بخۆن، ئەوەئەوزێڕوزیوەیە کەلەدنیادا کۆتان دەکردەوە بۆخۆتان، ئەم ئایەتە پیرۆزە بەچاکی وبێ پەردە ئەوعەنبارکردنەی

---

[7] – سورەتی الاعراف ئایەتی 31⁄
[8] –الاسراو/26–27

بەتاوانێکی گەورە پیشان داو پێویستە مسوڵمانان بەچاکی ئەوڕاستیە بزانن ولەوکردارە ناپەسەندە خۆیان دوورگرن، وتراوە ئەوماڵەی زەکاتی لێ بدرێ کەنزنیە هەڵگرتنی بەڵام ئەم قسەیە لاوازە بەچەندبەڵگە:

یەکەم/ ئایەتەکە ئەوەناگەیەنێ.

دوهەم/ ئەوفەرمودە کەهاتولەوماناد ناکۆکی تیاهەیە لەڕستەکەیدا فەرمودەی(فِى المالِ حَقٌ سِوى الزَّكَاه) لەماڵدا بێجگەلەزەکات هەیەئەویش لەبەرانبەریەوەهەیە.

سێهەم/ ئەوعەنبارقەدەغەکردنە لەروحە ئینسان دۆستەکەی ئیسلامەوەنزیکەوگونجاوترە لەگەڵ یاساکانی تری ئابووریدا خوایش زانایە.

چوارەم/ ئەوعەنبارقەدەغەکردنە گونجاوترە لەگەڵ ئایەتی(وَيَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ)البقرە/219 واتە پرسیارت لێ دەکەن چی ببەخشن؟ بڵێ: ئەوەی کەلەخۆتان زیادە.

پێنجەم/ پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(لَيسَ لابنِ ادَمَ حَقٌ في سِوى هذهِ الخِصال بَيتُ يُسكِنُهُ وَثَوبُ يُوارى عَورَاتهُ وَجَلفُ البُرَّ وَالمَاء)واتە بەنی ئادەم ڕەوانیە بۆی هیچ شتێك تایبەتی کا بەخۆیەوە وخەڵکی لێ بێ بەشبکات بێجگەلەم سێ شتانە، یەکەم/ ماڵێك کەتیادانیشێت وپێویستی یە زەروریەکانی ئەودانیشتنە.

دوهەم/ پۆشاکێك کەعەیبی خۆی پێ داپۆشێت وهاوسەریش بەشێك لەوپۆشاکە(هُنَّ لِبَاسٌ لَكُمْ وَأَنْتُمْ لِبَاسٌ لَهُنَّ)البقرە/187 ژنان بەرگی ئێوەن وئێوەش بەرگی ژنانن.

سێهەم/ نانی روت وئاوبەشی پێ بژێوی خۆی ترمزی ئەڵێ جوان وڕەوانە(حدیپ حسن صحیح).

بەڵگەی شەشەم/ پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(يَا ابنَ ادَمَ انَّكَ ان تَبذُلِ الفضلَ خَير لَكَ وَلاتُلامُ علي كَفافٍ وابدَء بِمَن تَعُولُ وَاليَدُ العُليَا خيرُ مِنَ اليَدِ السُّفلي). ترمزی ئەڵێ فەرمودەیەکی جوان وڕەوانە(حسن صحیح).

واتە، ئەی کوڕی ئادەم، ئەگەرزیادەکەی خۆت ببەخشیت زۆرچاکەبۆت وەئەگەرنەیبەخشیت زۆر خراپەبۆت بەڵام سەرزەنش ناکریەیت لەسەرئەوەی کەپێویستت بێت، وەئەم پێویستیە تاساڵێك ئەبێ واتە، ئەوەی بۆساڵێك پێویستی بێ مادام خەڵك زۆرلەبرسێتی دا نەبێت لۆمەی ناکرێت وەلەم بەخشینەدا لەنزیکترین کەسی موحتاجی خۆتەوە دەست پێ بکە بەخشندە چاکترە لەگیرندە لەبارەی پاداشەوە، مەبەستی ئیسلام لەم ڕستەدابێ منەت نەکردنی بەخشندەو داخستنی دەرگای تەماڵییە کەدوومەبەستی گرنگن بۆچاك کردنی باری ئابووری لەژیانی مرۆڤدا چونکە ئەگەروەکو کۆمۆنیستەکان ئەگەر هەرئیشی بەلاوەپەسەند بێ وپاداشی زیادەی نەبێ، کابرا تائەوجێگایە کەبۆی بکرێت هەوڵی خۆلادان لەئیش وکەم کاری ئەدات وئەڵێ، خۆزیادەکەی بەمن ناگات ئیتر بۆخۆم زەحمەت بدەم، وەئەمەش ئەبێتە هۆی

چەندین دەردی بێ تیماری ناوکۆمەڵ کەسوکەکەیان تەمەڵی وکەم دەرامەییە نموونەی ڕونی ئەم سەردەمە خاکە پان وبەرین وبەپیتەکەی ڕوسەو کەم دەرامەتیەکەی کەبۆڕزگاربون لەبرسیا ولاتەڕۆژئاواییەکان سەدان ئیشی پێچەوانەی بیروڕای خۆیان پێ ئەنجام داوە بەلام ئیشکەر لەڕوانگەی ئیسلامەوە زۆربەڕێزەوپاداشتی ئیشەکەی وچاکەکەی پێ ئەدرێ وسوپاسی ئەکرێت(إِنْ تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ) التغابن/ 17، واتە: ئەگەرچاکەبکەن بەماڵێکی پاك ودڵێکی پاك وخاوێنەوەخواپاداشتەکەتان چەندبەرانبەر دەکاولێتان خش ئەبێ وخواڕێزتان ئەگرێ وبەحەوسەڵەیە(مَن جا وبالحَسَنَهِ فلَهُ عَشرُأمپَالِهَا)واتە: هەرکەسێك چاکەیەك بکات بەدەبەرانبەرپاداش ئەدرێتەوە(اليَدُ العُليَا خَيرُ مِن يَدَ السُّفلى)بەڵێ بە ڕاستی مولکیەتی تاکوپاداشی چاکەکانی گرنگترین هۆی پێشکەوتنی ئابووریەومایەی دڵ گەرمی خەڵکە بەئیشەکانی بەلام نەمولکیەتی بێ سنوری بەلاوەڕاستە وەکوبەرنامەی سەرمایەداری نەهاوبەشی بێ سنوری بەلاوەچاکە وەکوکومۆنیستی بەڵکوخۆی ڕێبازێکەسەربەخۆولەهیچ لایەك سوودی وەرنەگرتووەبەڵکوئەوان بەبۆنەی ئیسلامەوەناچاربەزیادوکەمی بەرنامەی خۆیان بوون (وَكَذَلِكَ جَعَلنَاكُم أُمَّةً وَسَطًا)واتە، وەئاوەهائێوەمان کردووەبەخاوەنی بیروباوەڕێکی مام ناوەندلەهەمووبارێکەوە.

خوێنەری بەڕێزکۆکرنەوەی سەروەت وسامان وعەنبارکردنی گوێ نەدانە بەخەڵکی کەم دەست وئیحتیاج وەك لەپێشەوە وتمان:

یەکەم/ نیشانەی بێ ڕەحمییە، دوهەم/ ئەبێتەهۆی پەیدابونی ڕق وقینوحەسادەتی چینی زەحمەتکێش وموحتاج وکەم دەست سەبارەت بەدەوڵەمەندان بۆیەئیسلام ئەوەندە بەم کۆکردنەوەوعەنبارکردنەدژەو هێرشی توندی کردووەتە سەری.

خوێنەری بەڕێز، دواکەوتنی مسوڵمانان لەم سەردەمەدا هۆی نەناسینی ئاینەکەیانەو، زۆربەی مسوڵمانی ئەم سەردەمەسەربازو شوێنکەوتوی یاسادەستکردەکانن وپێیان وایەبەوشێوەیەبەئەنجام دەگەن وخۆشبەخت ئەبن لەگەڵ ئەوەدائەبینن نەسەرمایەداری بێ سنوور خەڵکی حەساندوەتەوەونەکۆمۆنیستی هەپرون هەپرون بو، ئیسلام یاسایە بۆهەمووبەشەرو وەبەبێ ئەویاسایەناگەن بەخێرودوورنابن لەشەڕ، ئەوەی لام ڕوونەبوێت بەیان دەکەم، پێت خۆش بێت یان نەئیسلامەڕێگەم چونکە بێ فەرقەبۆهەمووبەشەر، هێنەری خێرەو لابەری زەرەر تائەویاسابوومرۆڤ حەساوە، بەنەمانی ئەوژیانیش نەماوە.

زەکات

زەکات یەکێکە لەوفەرزە دیاریانەی کەپێویستی سەرشانی مسوڵمانانە، زەکات خاوێن کەرەوەی دڵ ودەرونە لەماڵ پەرستی ورژدی وهۆی بڵاوبونەوەی خۆشەویستیەلەناوخەڵکدا، زەکات ئەبێتە هۆی ئەوە کەکەم دەستان ماڵی دەوڵەمەندان بەهی خۆیان بزانن وپارێزگاری لێ بکەن وحەزبەزەرەروزیانیان نەکەن ووهەمیشە بەچاوێکی ڕێزەوە سەیریان کەن، زەکات فەرزە لەسەرهەموومسوڵمانە دەسەڵات دارەکان بۆئەوتاقمە مسوڵمانەی کەخواخۆی باسی کردون، زەکات لەهەمووخۆراکیەك کەئینسان پێی بژی ومەڕوبزن و وشتروڕەشەولاّخ وئاڵتون وزیوداواجبەوکات وچەنی وچونی زەکات لەهەمووپەڕاوەفیقهیەکاندا باسکراون ولەم نامیلکە بچوکەدا ناگونجێ باسکردنی، زەکات بۆدابین کردنی ژیانی سەروەت مەندوکەم دەست ئیشێکی زۆرپێویست وگرنگە ونابێ چاوپۆشی لێ بکرێت چون خوای گەورە زەکات نەدەرانی بەموشریك ناوبردووەوئەفەرموێ(وَوَيْلٌ لِلْمُشْرِكِينَ الَّذِينَ لا يُؤْتُونَ الزَّكَاةَ)فصلت/6-7واتە: وای سزای سەخت بۆئەوموشریکانەی کەزەکات نادەن، جاکەوابومسوڵمانان لەزەکات دانانابێ کەمتەرخەم بن یالەزەکات دانافێڵ وفڕبکەن خوازۆربەئاگایەو فێڵ وفڕی لێ ون نابێت، خوای گەورەودانا ڕازی نەبوە هیچ کەس لەبارەی زەکات بەرانەوە قسەبکات خۆی باسی فەرموون وکردونی بەهەشت بەشەوە، هەرکەسێك یەکێك بولەوهەشت تاقمە حەقیەتی زەکات وەرگرتن، ئەگینانەزەکات دەر زەکاتەکەی لەکۆڵ دەکەوێت ونەکابرای زەکات وەرگر ئەوزەکاتەی بۆدروستە بەڵکوئەوزەکات وەرگرتنە شتێکی حەرامەوماڵ خواردنە بەڕێگای ناڕەوا(وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ)البقرە/188 واتە: ماڵی یەکتر بەبێ هۆیەکی شەرعی نەخۆن.

زەکات بەکێ ئەدرێت؟

زەکات کەئەرکێکی گەورەوبەنرخەومایەی زیادبون وفراوان بونی فەڕوبەرەکەتەوهۆی خۆشەویستی وپاك بونەوەی کۆمەڵە لەنەخۆشی ڕژدی وحەسادەت وئەدرێت بەهەشت تاقم.

1. فەقیر: ئەوەیە کەهیچی نەبێت.

2. مسکین: ئەوەیە کەهەیبێت بەڵام بەشی نەکات.

تێ بینی/ هەندێ لەزانایان بەپێچەوانەوە مانای فەقیرومسکین یان کردوە بەهەرحاڵ هەرکام ڕاست بێ هەردووەگرێتەوە بەکورتی زەکات بەوەی کەهیچی نەبێ یابیبێ وبەشی نەکات ئەدرێت، وەهەردووژیانیان دابین ئەکرێت.

3. زەکات کۆکەرەوە، واتەئەوانەی کەئەکرێنەمەئموورولیٚ پرسراوی زەکات کۆکردنەوە بەشێك لەزەکاتیان پیٚ ئەدرێت بابەشی خۆیشیان هەبێت بەومەرجەی لەسەرئەوئیشەیان معاش وەرنەگرن، ئەوەم پیٚ خۆشە کەمعاشیان نەبێت، چونکەئەوەئەبێتە هۆی چەند سودێك وەك دڵسۆزی زەکات کۆکەرەوە چونکە بەشی خۆی تێدایە، هەروەها زەکات کۆکەرەوە لەنیەتی خراپ ڕزگارئەکرێت ئەمەش یارمەتی دانی ئینسانە لەسەرچاکە(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى) المائده/2

4. نۆمسوڵمان زەکاتی پیٚ ئەدرێت بۆئەوەی زیاتر دڵ خۆش ببیٚ بەدینەکەی ودڵنیا بیٚ کەمسوڵمان لەپێشینەی خراپی چاوپۆشیان کردووە وهیچ نیەتێکی خراپیان سەبارەت بەونیە، دەتوانرێت لەوبەشە دانرێت ئەوبیٚ باوەڕانەی کەبەتەماع لەدژایەتی مسوڵمان بەرگری بکریٚ وچاوەڕوانی باوەڕهێنانی بکرێت هەرخوازانایە.

5. بۆئازادکردنی بەندە، بەندەئەوکەسانەبوون کەلەپێش هاتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دا وەکو حەیوان دەفرۆشران وزۆربەیان دیلەکانی شەڕبون، پەڵەیەك بوولەپەڵەڕەشەکانی سەردەمی نەفامی ویەکێك بوو لەهەزاران کۆسپی ڕێگای ئیسلامەتی هەربۆیە ئیسلام ئەم ئیشە ناپەسەندەی بەشێوەیەکی دانایانەولەسەرخۆ وەك باقی خوەناپەسەندەکانی سەردەمی نەفامی چارەسەرکردووچەندرێگای دانابووبۆلەناوبردنی وەك، بەڵێنی پاداشی گەورەبۆئازادکەران وئازادکردنی بەندەی بۆزۆربەی تاوانەکان داناو بەوەشەوەنەوەستابەشێکی دیاری لەزەکات تەرخان کردبۆئازادکردنی بەندەکا بەلاٚم یەکسەر قەدەغەی نەکرد لەبەرچەند هۆیەك، یەکەم: ژمارەیەکی زۆرعادەتیان بەبەندایەتی یەوە گرتبوو کەهەندێکیان لەپاش ئازادی نەیان ئەتوانی بژین ئەبوون بەبارێکی قورس لەسەرگەل.

دوهەم: سەرمایەیەکی زۆربوون بەدەست سەروەت مەندانەوە ئەگەربەزۆرداوای ئازادکردنیان بکرایەدژایەتی توندی ئەکراو زیانی لەسودی زیاتردەبوو چونکە مرۆۋ زۆرماڵی خۆش ئەویٚ وئامادەنیە بەئاسانی دەستی لیٚ هەڵگرێت، بۆزیاترشارەزابوون لەم قسەیەبچۆتەماشای باسی(لەبەرڕژدی زۆرنیە)بکە.

سێیەم: تارێگە دەستی مسوڵمانان نەگیرێت لەموقابەلە بەمیسل دا(المقابلە بالمپل)چونکە باوی ئەوسەردەمە وابووزۆرێك لەدیلەکانی شەڕئەکران بەبەندە، واتە: ئەگەرکافرەکان مسوڵمانەکانیان بگرتایەدەیان توانی بەگوێرەی یاسای سەردەمی نەفامی بیان کەن بەبەندەی خۆیان ووەکوحەیوان کڕین وفرۆشتنیان پیٚ بکەن، جاتائەورێگایەش وەك ڕێگایەکی سیاسی لەدەستی مسوڵماناندا بمێنێتەوە سوپاس بۆخوالەم سەردەمەدا ئەم شێوە بەندایەتیە نەماوە ئەگەرچی سەدان ڕێگای بەندایەتی تازە پەیدابوە وەك بەندایەتی گرۆهی وحزبی فیرقەیی ومەزهەبی هتد.

ئەتوانرێت، ئەوبەشەی زەکات ئەمڕۆ بۆئازادکردنی مسوڵمانەکان لەژێر دەستی ستەمکاران وبیٚ باوەڕاندا بەکاربهێنرێت، هەر خوازانایە.

6. قەرزار، واتەبەشێك لەزەکات ئەدریٚ بەوانەی کەقەرزارن وناتوانن قەرزەکانیان بدەنەوە بەمەرجێك لەسەرشتی حەرام قەرزار نەبوبیٚ یابەچاکی لەوحەرامە توبەی کردبیٚ(واتە ئیسلام مادام داوای قەرزدان ئەکات ئامادەیە لەکاتی نەبونی دەسەڵاتی قەرزارەکەدا تائەوجێگایە کەبۆی بلوێت وبۆهەمیشەیش بەشێکی تایبەتی زەکاتی بۆداناوەوئەوقەرزەئەبژێرێتەوە).

7. موجاهید، واتە، بەشێکی تری زەکات بۆئەوکەسانەیەکەخەریکی هەوڵ وکۆشش وغەزان لەڕێگای خواداوخەریکی پارێزگاری ئاینن چونکە ئەوانە ناتوانن کاروکۆششی تربکەن بۆدابین کردنی ژیانی خۆیان و خێزانیان پێویستە ژیانیان دابین بکرێت تابەخەیاڵی ڕەحەتەوە درێژە بەئیشە پیرۆزەکەی خۆیان بدەن، سەروەت وسامانی موجاهید دەوڵەمەندی ناکات چونکە موجاهید هەمیشەگیانی لەخەتەردایە چ جای ماڵ وسامان. لەم حاڵەتەدا واتەئەگەر هەیبوداوانەکات چاکترە بەلاٚم ئەگەرپیٚ ی درا وەری گرێت بادەوڵەمەندیش بیٚ.

8. ڕێبوار، واتە، تاقمیٚ ترلەزەکات بەران ئەوڕێبوارانەن کەلەڕێگاداخەرجیان پیٚ نەمابێت ودەستیان بەماڵی خۆیان ناگات، بالەماڵیشا دەوڵەمەند بن جائەگەر بەقەرزبیبەن ولەپاشا بیهێننەوە چاکترە چونکە هەیەتی وئیسلامیش لەگەڵ کۆکردنەوەی ماڵدانیەو هێنانەوەی ڕەواترە, ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کەئیسلام ماوە نادات کەس بکەوێتە تەنگیوە مادام ڕێگای هەبێت جاکابرای ڕێبواریش لەویاسایە گوریٚ ناکرێت ولەوتەنگانە ڕزگارئەکرێت هەروەکولەیاسای(تاماڵ لەدەستی دەوڵەمەندداکۆنەبێتەوە)دەرناچێت واتە، لەبەریاسای یەکەم پێی ئەدریٚ وەلەبەریاسای دووەم بەقەرزبێت چاکترە، بەکورتی ئەوانەی کەزەکاتیان پیٚ ئەدرێت بریتین لەوهەشت کەسەی کەخوای گەورەلەم ئایەتەپیرۆزەدا باسیان ئەکات وئەفەرمویٚ :(إِنَّمَا الصَّدَقَاتُ لِلْفُقَرَاءِ وَالْمَسَاكِينِ وَالْعَامِلِينَ عَلَيْهَا وَالْمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمْ وَفِي الرِّقَابِ وَالْغَارِمِينَ وَفِي سَبِيلِ اللَّهِ وَابْنِ السَّبِيلِ فَرِيضَةً مِنَ اللَّهِ وَاللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ)التوبە: 60.

واتە((زەکات بۆفەقیرو مسکین وکۆکەرەوەی زەکات ونۆمسوڵمان وئازادکردنی بەندەکان وقەرزاران وموجاهیدان وڕێبوارانە، ئەمەبڕیارێکی بیٚ ئەم لاولای خوایە، وەخوازاناودانایە.

بۆئاگاداری

زەکات ئەگەربەشێوەیەکی ئیسلامیانە بدرێت نەزەکات دەرتوشی هەڵە ئەبیٚ ونەزەکات وەرگر هەستی کەمی دەکات خوای گەورە داوالەزەکات دەران ئەکات کەوریابن وزەکاتەکەی خۆیان بەمنەت نان وئازاردانی زەکات پێدراو

هەڵنەوەشێننەوەوئەفەرمویٚ(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالأذَى)البقره/264، واته: ئەی خاوەن باوەڕان چاکەکانی خۆتان بەمنەت نان وئازاردان هەڵنەوەشێننەوە. هەروەها ئیسلام پێی خۆش نیه کەزەکات دەرخۆی ڕاستەوخۆئەوزەکاتە بدات بەفەقیروموحتاجەکان بەڵکوکۆکەرەوەی زەکاتی داناوە، تازەکاتەکان کۆکاتەوەو دابەشیان بکات بەسەر زەکات بەراندا ولەم ئیشەیش زەکات کۆکەرەوە بەشی خۆی هەیەوهیچ کامیان ناتوانن منەت بخەنە سەرئەویتریان هەروەها پێغەمبەری دڵسۆزوپایەبەرز(ﷺ)زیاترئەم باسە بۆسەروەتمەندان ڕۆشن ئەکاتەوە وئەفەرمویٚت(هَل تُنصَرُونُ وَتُرزَقُونُ الاٖبِضُعَفَائِكُم)ئەی دەوڵەمەندەکان لەخۆتان بایی نەبن وکەم دەستان وبێ هێزان بەکەم تەماشامەکەن ئایائێوە وادەزانن ئەگەر بێ هێزان وکەم دەستان نەبن خوائاوا بەلێشاوی ڕۆزیتان پێ ئەدات سەرتان ئەخات؟ واتەئەگەربەچاکی سەرچاوەی هێزوڕۆزی خۆتان بزانن وبزانن بەبۆنەی چ کەسانێکەوە پێتان ئەگات ئێوە سوپاسی بێ هێزان وکەم دەستان دەکەن، چونکە خوابەبۆنەی ئەوانەوە سەرتان ئەخات وڕۆزیتان پێ ئەدات. خوێنەری بەڕێز، ئەگەرزەکات بەوشێوەیەکۆبکرێتەوەوجادایەش بکرێت ئیترکام شەرم ئەمێنێ بۆفەقیرو موحتاجان وباقی زەکات بەرانی تر؟ لەگەڵ معاشدا چی کەمە؟

2. چونکە لەم باسەداچەندجار ناوی معاشمان بردپێویستە ئەم ڕاستیەش بڵێین مەبەستی ئێمە معاشێکە لەحکومەتی ئیسلامدا بدرێت ئەگینا معاشی حکومەتانی ئەمڕۆ نەبوونی زۆرچاکترو بێ زیان ترە تابونی لەبەردەیان هۆبەرچاوتریان أ. لەباتی ئەنجامدانی یاسا دەستکردەکانە.

ب. سامانی وڵاتان بەشێوەی دادپەروەرانە دابەش نەکراوە ولەپارەی دەوڵەتاندا بەشی زۆرکەسی تێدایە.

ج. زۆربەی دەرامەتەکان لەڕێگای بێ شەرعیەوە وەك سو وباج وبەرتیل...هتد پەیدائەبن.

د. نالێین حەرامە چونکەبەشێکی حەڵاڵیشی تێدایەوەکوپارەی نەوت وباقی سەرچاوەکانی تری وڵات.

3. وشەی(فی سبیل الله)چونکە لەزۆربەی ئایەتەکانی قورئان وفەرموودەبەنرخەکانی پێغەمبەری مەزن دا(ﷺ)بەمانای غەزا هاتوە بۆیە ئێمەیش وامان لێکدایەوە، ئەگینا(فی سبیل الله)واتەلەڕێگای خودا هەرشتێك خێروخۆشی گشتی تیابێت وتایبەت نەبێ بەکەسێکەوە خوای گەورە ئەوشتە بۆخۆی وبەناوڕێگای خۆی ناوئەبات تاخەڵك چاکتر ئەوئیشە بکەن وەکو دروست کردنی مزگەوت وپرد وجادەوشتی وائەوەندەی هەیە خەبات وتێکۆشان لەڕێگای خوادا گەورەترین وبەنرخ ترین شتە بۆخەڵك بۆیە هەمیشە بەو وشەیەناوئەبرێت وهەرکەوترا زەینی ئینسان بۆئەوەدەچێت چونکەئەگەرجیهاد نەبێت بۆپارێزگاری ئاینی خوا ستەمکاری وداگیرکردن وئازاردان وبەدڕەوشتی هەمووکەسێك وهەمووکون وقوژبنێکی ئەم جیهانە ئەگرێتەوە وەك ئەمڕۆکەئەبیستین وئەبینین.

4. پاراستنی ئابڕوگیانی ئینسان شتێکی زۆرگەورەوپێویستە، ئاشکرایە تائینسانێکی کەم دەست وموحتاج هەبێت خەرجکردنی پارە لەجوان کردنی مزگەوتاندا شتێکی ناڕەوایە بەڵام دروستکردنی جیاوازترەوبەرژەوەندی گشتی لەبەرچاوئەگرێت، ئەوەی پێویستە بزانین ئەوەیە کەدروستکردنی هەزاران مزگەوت ناگات بەڕزگارکردنی ئینسانێك لەمەرگ وشەرمەندەی ئەوەش بزانن کەکەوتنەناو تەنگوچەڵەمەوە گەورەترە لەمەرگ وەزۆرئینسانیش دوچاری ئەوبەڵایە ئەبیٚ بەهۆی کەم دەستی ونەداریەوە،جابرای دەوڵەمەند کیٚ تاوانبارە؟ ئەوماڵە هی خۆتە یاهی خوایە؟ ئەگەربەهی خوای ئەزانیٚ ئەوانیش بەشدارن چونکە بەندەی خوان وخوا خۆی پێویستی کردووە لەسەر تۆبەشیان بدەی.

ئیسلام ئاشتی خوازە

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هەمیشە هەوڵ ئەدات کەناکۆکی لەناوگەلدا لاباوخۆشبەختی بۆهەموان دابین بکات، دیارە لایەنێك لەلایەنەکانی ژیانی مرۆڤ کەئیسلام بەخەمە بۆی وسەرپەرشتی دەکات تاناکۆکی وشەڕو هەرا ڕونەدات مەسئەلەی کڕین وفرۆشتنە. هەرکڕین وفرۆشتنێك کەببێتە هۆی ناکۆکی لەنێوان خەڵکدائیسلام پیٚی رازی نیەئەوانەی کەزیانیان زۆربیٚ، بەهیچ شێوەیەك ماوە بەکڕین وفرۆشتنیان نەدراوە وەکو فرۆشتنی تۆوی حەیوانێکی نێر(عسب الفحل)وئەوبەچکەی ناوسکی حەیوانێك ویاکڕین تاپەیدابونی وفرۆشتن یاکڕین وەختێك دەستت لێداوەیافڕیٚ درا یاتابەردێك فڕەدرا ودومامەڵەیەك مامەڵەداو دەیان شێوەی تر کەبەدرێژی لەپەڕاوە گەورەکاندا باسکراوون چونکە ئەبنە هۆی ناکۆکی وقڕوقاڵە لەناو خەڵکاو بەهیچ شێوەیەك ئەم کڕین وفرۆشتنە ڕەوانیەهەروەهاکەرەسەکانی لۆتی وشتە منالٚ خەڵەتێنەکانیش بەرئەم بەشە ناڕەوایە دەکەون وکڕین و فرۆشتنەکە دانامەزرێت وخۆی لەخۆیەوە هەڵدەوەشێتەوەوپێویستە مسوڵمانان لەوجۆرە کڕین وفرۆشتنانە دوورکەونەوە. بەداخەوەئەمڕۆبازاڕودوکانەکانمان پڕەلەوشتەقەدەغەکراوانەوکابراخۆی بەمسوڵمان ئەزانێت کەچی بەوشتەحەرامانەنانی ماڵ ومناڵی پەیدائەکات، بەخوالەڕۆژی قیامەتداهەرئەومناڵانەت دژت ئەوەستن.

هەروەها کڕین وفرۆشتنێك کەزیانی خەڵکی یاکەسێکی تیابێت بەچاك نازانیٚ ومسوڵمان هەڵئەنیٚ لەسەروازهێنان لێی وەکو ئەوەی کابرایەکی لادێی شتێکی پێویستی خەڵکی شاربهێنێ وکابرای شاری بڵیٚ لای من داینیٚ تابەنرخێکی گرانتر بۆت بفرۆشم(سمسار)ئەم شێوە مامەڵەیە چونکە زیانی زۆرە تاقازانج ئیسلام بەرگری ئەکات وەئەگەر کرا مامەڵەکە دائەمەزرێت وکابرای شاری تاوانبارە هەرلەوجۆرە مامەڵەیە دەرچون لەشار بۆکڕینی ئەوشتانە کەلەدەرەوەی شارەوەدێن تابەنرخێکی کەمتر بیان کڕێت وکابرای کەل وپەل هاوەربخەڵەتێت،

جائەگەرگەیشتەشاروزانی خەڵتاوەبۆی هەیەدەست بەجیٚ ئەومامەڵەیە هەڵوەشێنێتەوەبەڵام ئەگەردەنگی نەکرد مامەڵەکەدائەمەزرێت وکابرای کڕیارتاوانبارەچونکەئیشەکەی پێچەوانەی بڕیاری ئیسلام بووەهەروەها لەم بەشەیەمامەڵە لەسەرمامەڵەوزیادکردنی قیمەتی شت ومەبەستی کڕینی نەبێت هەروەها ناڕەوایە خورماوتریٚ فرۆشتن بەکەسێك کەبزانرێت بۆشەرابییەتی.

کڕین وفرۆشتنی جگەرەناڕەوایە

لەپێشەوە بۆمان دەرکەوت هەرشتێك زیانی هەبێت ئیسلام بەشتێکی ناڕەوای داناوەوتازیانی زیاتر هەبێت بێزراوترونارەواترە، جگەرەتەنهابۆکێشانەوکێشانیشی بێجگەلەزیان شتێکی تری تیانیەبەراوردی لەگەڵ هەرکام لەیاساکانی شت قەدەغەکردانا بکەیت ئەبینی کەجگەرە سەرقافڵەیانە، کەوابیٚ پێویستە لەسەرمسوڵمانان نەك تەنهالەکێشانی بەڵکو لەکڕین وفرۆشتن وکردنی خۆبپارێزن، کابرا ئەگەرخۆیشی نەیخوات بەکڕین وفرۆشتن وکردنەکەی ئەبێت بەشەریکی تاوان ویارمەتی دانە لەسەر تاوان وخوای گەورەش ئەفەرموێت(وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الاثْمِ وَالْعُدْوَانِ)المائدە/ 2 واتەیارمەتی یەکتربدەن لەسەرچاکەوبەرهێزکاری وەیارمەتی یەکترنەدەن لەسەرتاوان ودوژمنایەتی.[9]

بەڵام بەداخەوە ئەوەندەباوەڕەکەمان بیٚ کەڵك ولاوازەلەگەڵ ئەوەدا کەجگەرە بەشتێکی پیس ئەزانین وهەمووشتێکی پیسیش لەڕوانگەی ئیسلامەوە حەرامە کەچی بۆکۆکردنەوەی ماڵ یازیادکرنی ئابڕوئەیچێنین وئەیفرۆشین وئەیکڕین ولەماڵدا بەفەرموو فەرمووبەخەڵکی دەبەخشین...کاکی مسوڵمان کەمیٚ سەرهەڵبڕەوشەرم لەخوابکە بەتاوان ئابڕوپەیدانابیٚ، ئەگەرلەم دنیاش نەبێت تاوان مرۆڤ بیٚ ئابڕودەکات، کۆکردنەوەی سامانیش سنووری هەیە، پێویستە ڕێگای پەیداکردنی حەڵاڵ بێت وزۆریش لەسەریەك کۆنەکرێتەوە(تەماشای باسی –ئاڵتون وزیوئەنبارنەکەیت)بکە.هەروەها تەماشای فەرمودەی(مِن اينٛ اكتٌسبتهُ ومٌن اينٛ انفٌقتٌه)بکە.

خوێنەری بەڕێز، بۆزیاتر شارەزابوون لەبارەی جگەرەوە بچۆنامیلکەی(جگەرەدژی ئازادیە)بخوێنەرەوە لێرەدا لەوەزیاترباسکردنی ناگونجێت.

وەقفکردن

[9] _ کاتیٚ کەئێمە لەکۆمەڵگای ڕانیە ساڵی1989ئەم پەڕاوەم نوسی وبەم شێوەباسی جگەرەم کردلەپێش ئەمیشدا نامیلکەی(جگەرەدژی ئازادیە)مان نوسیبو لەلای هەندێك وابووکەجگەرەبەوشێوەیەش نیە وائێستاکەئەم پەڕاوەبۆچاپی دووهەم ئامادەئەکرێت نەك مسوڵمان کافرانیش دژی جگەرە وەستاون ولەزۆربەی وڵاتانیاندالەچێشخانەکانیانداکەگۆشتی سەگ وبەرازو...هتد ، تێدائەخۆن جگەرەیان تێداقەدەغەکردووە.

وەقف، گیردانی ماڵێکە کەسودی هەبێت لەڕێگای حەڵاڵداوئەسڵی ماڵەکە، بمێنێتەوە. وەقفکردن، نیشانەی باوەڕی ڕاستەبەخوای تاك وتەنیاو هاتنی ڕۆژی قیامەت وەدەستکەوتنەوەی پاداش وبەڵگەی دڵسۆزی وەقفکەرەسەبارەت بەغەیری خۆی، ئاینی پیرۆزی ئیسلام زۆرسورە لەسەر ماڵ بەخشین وپێی خۆشە کەس لەوماڵ بەخشینەکۆتایی نەکات، جائەگەربەخشراوەکە درێژخایەن بێت چاکترە وتابمێنێتەوەوسودی لێ وەرگیرێت خاوەنەکەی والەقازانجابالەسەردنیاش نەمابێت، بەڵێ ئاینی روح پەروەرومرۆڤ ناس وەك دژی عەنبارکردنی سامانەناڵێ بەکابرای خاوەن دەسەڵاتیش بێ منەت بەوئەبێ لێت وەرگیرێت، بەڵکو هەڵی ئەنێ کەخۆی ئەوماڵەببەخشێت وبەڵێنی پاداشتی گەورەی پێ ئەدات کەلای خوا دەبەرانبەرە، کەوابوماڵەکەی خۆی بەهەوانتەنەداوە بەڵکوبەتەمای زیاترە و وایش ئەبێ، چونکە بەڵێنی لەکەسێك وەرگرتووەکەدژی بەڵێنی خۆی ڕەفتار ناکات، بەڵێنی بەوزاتەداوەکەهەمووشت موڵکی ئەوە، وەقف بەشێکە لەوچاکانەی کەپاش مەرگی کابرا دەمێنێ وهەتا ئەوشتەبمێنێ وەکوکابرا مابێ هەرچاکەی بۆئەنوسرێت، لەم بارەوە پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێ(اذامَاتَ ابنُ ادَمَ انقطَعَ عَمَلُهُ الامِن ثَلاثٍ، صَدَقةٍجارية، اوعِلمٍ يُنتَفَعُ بِهِ، او وَلَدٍ صَالحٍ يَدعُولَهُ)واتە هەرکاتێ مرۆڤ مرد، ئیترکردەوەکانی دوای دێت، مەگەربەهۆی سێ شتەوەنەبێت:

1. چاکەیەك کەدرێژ خایەن بێت وەکودروست کردنی مزگەوت وقوتابخانەونەخۆشخانەوڕێگاوپردوبیری ئاو وباغێك، ئەمانە تاهەن چاکەی کابرابەردەوامە.

2. عیلم وزانینێك کەلەپاش مەرگی کابرا خەڵکی سودی لێ وەرگرێت.

3. منالّی چاك وخواناس کەلەپاش مەرگی باوکی دوعای خێری بۆبکات. خوێنەری بەڕێز، وەقف چونکە شتێکی زۆرچاکەوبەسودی خەڵکەڕەوایە کەسەرپەرشتی مسوڵمانان بەشێك لەوزەوی وزاروباغاتانەی کەبەغەنیمەت دەستی مسوڵمانان بکەوێت وەقفی بکات، (سوادوالعراق)یەکێکە لەوزەویەوەقفانەکەسێ بەشەبەناوبانگەکەی کوردستان وشتی زیاتریش ئەگرێتەوە، حەزرەتی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێ)وەقفی کردووە وەکەس ماف زیادلەخۆی نیەوکڕین وفرۆشتنی بۆغەیری دانیشتوانی خۆی ڕەوانیە بۆزیاترشارەزابون لەم مەسئەلە گرنگە تەماشای پەڕاوەگەورەکانی وەکو(تحفة)ی شێخی ئیبنوحەجەربکە، شتێکی زۆرگرنگەوخەڵك زۆربێ ئاگان لێ ی.

بەخشینی هەرشتێك بازۆرکەمیش بێت هەربەکەڵکە بۆبەخشندەکە بەڵام ئەمیش پلەی هەربەرزو هەرەخواری هەیەلاخوارەکەی لەتێ خورمایەکە لاهەرەبەرزەکەیشی بەخشینی خۆشەویسترین ماڵە، خوای گەورە ئەفەرموێ(لَنْ تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّى تُنْفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ وَمَا تُنْفِقُوا مِنْ شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ)ال عمران/92 واتە: ناگەن بەبەرزترین پلەی بەخشین نانەبەخشن لەوشتانە کەخۆشتان ئەوێن وەهەرشتێ ببەخشن بەڕاستی خوائاگای لێ یەتی مسوڵمانە ڕاست

ودڵسۆزەکانی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) ئەڵێن کاتێ کەئەم ئایەتە نازڵ بوو هەروەکو باقی ئایەتە پیرۆزەکانی

ترلەباوەشیان گرت وناوەڕۆکی ئایەتەکەیان بەدڵ وبەگیان قبوڵ کردووئەوانەیان کە بوویان داخوازی ئەم ئایەتەیشیان

بەشێوەیەکی تێروتەواو بەپەلەو بێ وەستان ئەنجام دا، بۆنموونەئەبوتەلحەناوێك کاتێ ئەم ئایەتەی بیست وتی ئەی

پێغەمبەر(ﷺ) خۆشەویسترین ماڵم بیری(حایە)وابەخشیم لەڕێگای خوادا. براوخوشکە مسوڵمانەکان، ئاوابوون

مسوڵمانانی پێشوو بۆیەتوانیان بەماوەیەکی کەم ئاڵای ئەم ئاینەپیرۆزە بەرزکەنەوە لەباتی ستەم ڕق

وقینەودوژمنایەتی دادگەری وخۆشەویستی وبرایەتیو ئاشتی دروست کەن. هیوادارم ئێمەیش ڕێبازەکەی خۆمان

بناسین وپیاوانە لەوڕێگاوە دڵسۆزانەوچالاکانەهەنگاو هەڵگرین بەڵکوپەروەردگاربەزەییبەحاڵمان دابێتەوەوجارێکی

تربەئایین بەرزوبەرێزەکەی بەهێزمان بکاتەوە.

ئیش کردن پاداشتی هەیە

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئیشکردنی بەلاوەزۆربەنرخەوبۆهەموو ئیشێك پاداش دائەنێت وئەفەرموێ (لَيْسَ لِلإنْسَانِ إِلا مَا سَعَى وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى)النجم(39–40)واتەئینسان بێ تەلاش وزەحمەت ماڤ هیچ پاداشی نی وەبەرهەمی

هەمووتەلاش وزەحمەتێکی پیشان ئەدرێت و وونناکرێت.

واتە(ئیسلام ڕازی نیە هیچ کەس بەبێ تەلاش وکۆشش هیچ شتێ وەرگرێت وەهەرکەسێکیش ئیش بکات ئەبێ

پاداشتی پێ بدرێت مەگەر، توانای کاروکۆششی نەبێت.

تێ بینی

بەشی یەکەمی ئەوئایەتەی سەرەوە(لَيْسَ لِلإنْسَانِ إِلا مَا سَعَى)ئەوەمان تێ ئەگەیەنێ هەرکەسێك ئیش نەکات نەخوات

ومانایەکی گشتی وفراوانەولەبەرانبەریەوە وەئایەتی(ثُمَّ رَدَدْنَاهُ أَسْفَلَ سَافِلِينَ (5) إِلا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ فَلَهُمْ أَجْرٌ غَيْرُ مَمْنُونٍ)التين/ 6 ماناکەی بەرتەسك ئەکاتەوە، واتە: هەمووکەس ئەهێنینە خوارەوەبێجگەلەوانەی کەباوەڕیان

هێناوەوئیشی چاکەئەکەن، ئەوانە پاداشتی کاتی گەنجی وبەدەن ساغی وبێ ئیشیان بۆئەنوسرێت،

جاهەروەکوپاداشتی قیامەت دنیاش هەربەوچەشنەیە، ئەوانەی کەژیانی خۆیان لەبەربێ هێزی ولاوازی ونەخۆشی

بۆدابین ناکرێت ئەبێ ژیانیان بۆدابین بکرێت، بەتایبەت خۆراك وپۆشاك وجێگای حەسانەوە.

باوك ئەتوانێت ماڵی کوڕی خۆی بخوات، چونکە پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت(انتَ وَمَالُكَ لابيكَ)واتە خۆت

وماڵەکەت هی باوکتی،بەکورتی پێویستەژیانی هەموومرۆڤێك بەتایبەت پۆشاك وخۆراك وجێگای حەسانەوە دابین

بکرێت وهەرکەسێك توانای ئیشی هەبێ نابێ بەتەمەڵی لێی پاڵ داتەوەوچاوەڕێ بکات. بەشی دووەمی ئایەتەکە(وَأَنَّ

سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى)واته بەڕاستی پاداشتی کۆششەکەی خۆی لەمەولائەبینیٚ وهیچی لیٚ حەشارنادریٚ ودژی هەمووجۆرە دەست بەسەراگرتن وسودبردنێکە(الاستعماروالاستثمار)

چونکەماوەنادات ئیشی کەس بەلاش بێت ووسودی بۆکابرای زەحمەت کێش نەبێت. بۆیە پێغەمبەری پایەدار(ﷺ)زۆرتوڕەیەلەنەدانی حەقی کرێکاروئەفەرمویٚ(ثلاثة أنا خصمُهُم يوم القيامة رَجُلُ أعطى بي ثم غَدَر ورَجُل باع حُراًفأكل ثمنه ورجُل استوفيَ ولم يُعطه اجره)البخاری . واتە:سیٚ کەس هەن کەڕۆژی قیامەت من دژایەتیان لەگەلا ئەکەم ولەدادگای گەورەولەپێش دەم خوادا لەدژیان ئەدووم، یەکەمیان ئەوکەسەیەکەپەیمان بدابەخواو لەپاشان پاشگەزببێتەوە، دووهەمیان ئەوکەسەیە کەمرۆڤێکی ئازادبفرۆشێت پارەکەی بخوات وای بۆئینسان چەندخۆی بیٚ نرخ ئەکات خەلك ئەفرۆشرێت تاخۆی دەولەمەندکات یابۆئەوەی منالی خۆی‌بژیت منالی خەلك هەتیوئەکات، وای ئینسان وەختیٚ لات دا لەبەرنامەکەی خواچەنددرندەیت؟! بەڕاستی ئینسان ئەگەرلەیاسای خوالای دا لەچوارپیٚ لاسار تروبیٚ ئەخلاق ترونەزانترە(أُولَئِكَ كَالأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ)الاعراف/179. ئەگەربیٚ باوەڕێك ئەم قسەیەی لاوانیە باخۆی وەلامی ئەم پرسیارانە بداتەوە، تۆنیت پیاوەکوژیت بۆدەست کەوت؟ یابۆژیانی خۆت ئامادەی لابردنی سەدان ژیان نیت؟ بۆخۆش گوزەرانی منالی خۆت دەیان منالٚ بیٚ سەرپەرشت وهەتیوکەیت؟ئەی بۆئافرینێك دەیان هاونەوعی خۆت دوچاری بەندی خانە ناکەیت؟ تابلێن کوڕی چاکەبەزمانی لوست دەیان کەس نائومێدوگرفتارناکەیت؟ ئەی بۆپارویەك نانی چەورپاسەوانی دوژمنانی ئایین ولاتت ناکەیت؟!

سیٚ هەمیان/ لەمانای فەرمودەکە ئەوکەسەیە کەئینسانێك بەکریٚ بگریٚ وئیشی پیٚ بکات بەلام کرێکەی پیٚ نەدا. ئەوانەی کەوابەخەلك ئیش ئەکەن وبەرهەمی عارەقی ناوچاوانی زەحمەتکێشان بۆخۆیان دەبەن وسودی بێجگە لەخۆیانیان ناوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوانە بەخوێن مژ ئەزانێت وبەتوندی دژی ئەوجۆرە هەلوێستانەیە وماوەنادا بەوخوێنمژانە کەبەئارەزوی خۆیان ئەسپی خۆیان تاودەن وچەند یاسای بۆبەرگری لەوجۆرە ڕەفتارە ناپەسەندانە داناوە:-

یەکەم/ نابیٚ زیان بدەیت وزیانت لیٚ بدرێت(لاچڕر ولاچڕار)الحدیپ بناغەیەکی گشتی شەرعیە.

دووهەم/ زیان ئەبیٚ لابرێت.(اَلضَرَر يُزَالُ)بناغەیەکی گشتی شەرعیە.

سێهەم/ لابردنی زیانیش پێش ئەخرێت لەسەرهێنانی سود.(دَفعُ الضَّرَرِ مُقَدَّمُ على جَلبِ المنفعة). ئەمیش هەروەها بناغەیەکی تری گشتی شەرعیە.

چوارەم/ نەستەم بکەن ونەستەمتان لیٚ بکرێت. (لاتظلِمُون ولا تُظلَمُون)البقرە(279).

ئەم چواریاسایە هەموچەشنە ستەمێك بەتاوان دائەنێت ودژی هەموداگیرکردن وبەهرەکێشی وسوك کردن وبەندایەتی وملهوڕیەکە(الاستعمار والاستپمار والاستحمار والاستعباد والاستبداد).

خوێنەری بەڕێز، ئەوەیە یاسای مرۆۋ پەروەری ئیسلام، کام یاسا هەیە لەوچاکتر لایەنگری چەوساوان بێ ودژی خوێنمژان وستەمکاران؟. جاشتێکی بەڵگەنەویستە کەستەمکاران وحوێنمژان وملهوڕان بەم یاسایەڕازی نابن وبەهەموشێوەیەك هەوڵی ئەوەئەدەن کەناشیرینی بکەن لەبەرچاوی خەڵك تابتوانن لەئاوی لێڵ داڕاوی خۆیان بکەن؟!

مرۆۋ لەخەوی بێ ئاگایی هەڵسە بێ ئەوەی کەبەخۆت بزانی چەندین جار فرۆشراویت، (إِنَّ اللَّهَ لا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّى يُغَيِّرُوا مَا بِأَنْفُسِهِمْ) رعد/11، بەڕاستی ئەڵڵاه، هەرگەلێك چۆن بێت نایگۆڕێت تابۆخۆیان خۆیان نەگۆڕن.

داگیردن(غصب)

ئاینی پیرۆزی ئیسلام ماوەی مولْکیەتی تاکی لەسنورێکی دیاریدا داوە ودژی هەمووچەشنە ستەمێکەو پارێزگاری لەمافی خەڵك بەئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانێ جا ئەگەرکەسێك کەوتە بەرهێرشی ستەمکاران وتەماعی خراپی تێ کرا، ئیسلام بەوکابرا ئەڵێت پارێزگاری لەماڵی خۆت بکە وەئەگەر شەڕیان لەگەڵ کردی شەڕیان لەگەڵ بکە، ئەگەر داگیرکەر کوژرا خوێنی بەزایە چووە وهیچ کەس مافی ئەوەی نیە لەسەری بێتە جواب وەئەگەر کوژرایت شەهیدی واتە: ئیسلام داوا لەخاوەن ماڵەکە ئەکات کەنەترسێ وپارێزگاری مافی خۆی بکات ومیریش لایەنگریەتی وزەحمەتی داگیرکەر بەفیڕۆئەدات وماڵی داگیرکراویش هی خاوەنەکەیەتی جائەگەر ماڵەکە فەوتا لای داگیرکەر ئەوە گران ترین قیمەتی لێ وەر دەگیرێ لەتۆڵەی ماڵ بردن ودروستکردنی نائەمنی داچونکە ئەم ئیشەی داگیر کەر ئەبێتە هۆی بزواندنی هەستی ڕەوشت نزمان وگەل دوچاری ترس ونائاسایشی ژیان ئەکات، خوای گەورەلەبارەی دەستدرێژی وماڵی خەڵك بەناحەق خواردنەوە ئەفەرموێت(وَلا تَأْكُلُوا أَمْوَالَكُمْ بَيْنَكُمْ بِالْبَاطِلِ)188البقره، واتە: ماڵی یەکترمەخۆن بەناڕەوا، داگیرکەر هەرکەسێ ببێ وهەرچی داگیربکات لەماڵ ناموس وعەقڵ وبیروڕا تاوانبارە، ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئەوەی کەدژی مرۆۋ بێت وئاسودەیی وئاسایشی خەڵك تێك بدات بەناڕەوای ئەزانێ وهەرگیز لەگەڵیا نەگونجاوەوناگونجێت وەلەزۆربەی ئایەتە پیرۆزەکانی قورئان وفەرمودە بەنرخەکانی پێغەمبەری مەزندا(ﷺ) ئەم ڕاستیە بەیان کراوە، لێرەدادووفەرمودەی پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەخەینە روتالەم بارەوەچاکتر شارەزابیت.

1. پێغەمبەری دادپەروەر ومرۆۋ دۆست(ﷺ)ئەفەرموێ((انَّ دِمائكُم وَاموالكُم وَاعرَاضَكُم حَرَامُ عَلَيكُم)واتە بەڕاستی خوێنتان وماڵتان وناموستان لەیەکتر حەرامە، لەم فەرمودەدا گیان وماڵ وناموس کۆکراونەتەوەومسوڵمانانی لێ

قەدەغەكراوە ومالَی لەنێوان گیان وناموسدا داناوەكەبەڵگەیە لەسەر گرنگی مالّ لەڕوانگەی ئیسلامەوەوسوری لەسەرپارێزگاری مالَی خەڵك.

2. پێغەمبەری مەزن(ﷺ) ئەفەرموێ(مَن ظَلَمَ قَدرَ شبرٍ مِن ارضٍ طوقَهُ مِن سَبع اَرَضینَ)واتە: ئەوكەسەی كەبەئەندازەی بستێك لەزەوی خەڵك داگیربكات ئەوەلەگەلّ هەرحەوت پارچەكەی زەوی ئەكرێتبەهەڵقەیەك وئەكرێتە ملی لەڕۆژی قیامەتا ودەبێ هەڵیگرێت، دیارەناتوانرێت ولەسزادا ئەمێنێتەوەتاتۆڵەی لیّ ئەكرێتەوە، خوێنەری بەڕێز ئەمە بەڵگەیەكی تربوولەسەرمولْكیەتی تاك لەئیسلامداوەئەگەرئەم مولْكیەتی تاكە بەومەرجانەی ئیسلام دایناوە نەبێت ئابووری وولاّت یالەناوئەچێت، یاهەندێك ئەبن بەملیۆنلەروخەڵكێكی زۆریش ئەبن بەبیّ جێگاوڕێگاوئەبن بەئەڵوات وەكوئەمڕۆلەبەرچاوی یەكەمیان وەكودەوڵەتەشیوعیەكان ودوهەمیان ولاّتەسەرمایەدارەكانی ڕۆژئاوا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاواتی خۆشبەختی وئاسایی خەڵكە وڕێگابەدەست درێژی كردنەسەرمافی خەڵك وداگیركردنی سەروەت وسامانیان نادات، وەبۆپارێزگاری لەمالّ ولەگیان تیژترین وسەخت ترین سزای لەبەرچاوگرتووە، چونكە ئەگەرئەوپارێزگاریە نەبێت لەژیانی مرۆڤدابێجگە لەشەڕو شۆڕو تالاّن وبرۆشتێكی تر وەبەرچاوناكەوێت جائیسلام تەنهابۆپارێزگاری گیان ومالّ یاسای بەهێزوتێروتەواوی داناوەبەڵكوپێشی وایە كەتائەودولایەنە دابین نەكرێت خواپەرستی ڕاست وڕەوان ناكرێت خوای گەورەئەم ڕاستیەی لەسورەتێكی بچوكی قورئاندا بۆباسكردوین وئەفەرموێت(لِإِيلافِ قُرَيْشٍ (1) إِيلافِهِمْ رِحْلَةَ الشِّتَاء وَالصَّيْفِ (2) فَلْيَعْبُدُوا رَبَّ هَذَا الْبَيْتِ (3) الَّذِي أَطْعَمَهُم مِّن جُوعٍ وَآمَنَهُم مِّنْ خَوْفٍ)قریش، واتە: خوالەشكری ئەبرەهەی لەناوبرد لەبەرئولفەتی قوڕەیش، ئولفەتیان بەهاتوچۆی زستانان بۆیەمەن وهاوینان بۆشام واتە، تاڕێزی كەعبە پایەداربیّ وئەوان بتوانن لەوڕیزەكەڵك وەرگرن وبیّ ترس هاتوچۆی خۆیان بكەن ولەكەس نەترسن وپیّ بژێوی خۆیان پەیدابكەن جاكەوابوبالەسوپاسی ئەومیهرەبانیەداخاوەنی ئەومالّەكەخوایە بپەرستن ئەوخوایەی كەلەبرسێتی داخواردەمەنی بۆناردن ولەترسداهێمنی كردنەوە.

خوێنەری بەڕێز، خوای گەورە وخاوەن دەسەلاّت كاتیّ كەباری ئابووری وڕامیاری قوڕیشی دابین كردووەپێیان ئەفەرمویّ كەئیتر ئێوەش دەبیّ بەندایەتی من بكەن وگویّ ڕایەڵی فرمانم بن واتە، ئەركی سەرشانی مسوڵمانە شۆڕشگێڕوتێكۆشەرەكانە دابین كردنی باری ئابووری وڕامیاری خەڵك وهێمن كردنەوەی خەڵك لەترس لەپاشان چاوەڕوانی خوا پەرستی ڕێك وڕەوان لەخەڵك بكەن، ئاشكرایە داگیركەرهەردوولەبەین ئەبات ونرخێك بۆداگیركراودانانێت، ئەگەرلەڕواڵەتا لایەنی ئابوریەكەی چاك بیّ ئەوەفێڵەوكوردواتەنی،(گۆشتی سەری تەڵەیە)چونكەداگیركەرچاوچنۆكە، ئەگەرچاوچنۆك نیە بۆداگیركەرە؟ جا، چاوچنۆك وبەخشندە؟!!كەواتە، دژایەتی

داگیرکەرئیشێکی پیاوانەیەولەبەرژەوەندی هەمووخەڵکە بەگشتی، ئەوەڕێبازی ئیسلامە سەبارەت بەداگیرکەران وداگیرکراوان، دژی یەکەمەولایەنگری دووهەمەوئەوەی کە ئەڵێ وانیەتاقە بەڵگەیەکی نیەچاك ببێ خاترجەم.

(المُسلِم اخُو المُسلِمِ لایَظلِمُهُ ولایُسلِمُهُ)مسوڵمان برای مسوڵمانەونەستەمی لیَ ئەکات، نەئەیداتەدەست ستەمکارەوە.

کڕینەوەی ماڵی هاوبەش(الشفعة)

ئەگەردووکەس یازیاتر لەماڵێکا شەریك بوون وئەکرا بەش کرێت ئەگەر هەرکامیان فرۆشتیان ئەو یان ئەوانی تر ئەتوانن ئەوماڵەبەوقیمەتە هەڵگرنەوەو ئیترفرۆشەر وبکرِ ڕازی بن یانەء چونکەئەم هەڵگرتنەوەکەمترقەپوقاڵ وهەرای تیائەبێ چونکەموڵکیەتی لەبەشێکا کۆترە، بەومەرجەی هەرکەزانی بەپەلەوبێ دواکەوتن ئەومامەڵەیە قەبوڵ کات بۆخۆی، نرخەکەی هەرچەندوهەرچۆن ببێ پێویستەجێ بەجێ ی بکات، بەڵام ئەگەرجیاکرابونەوەوسنورلەنێوانیاندابوئەوەئیتر هاوسێیەوئەومافەی نیە ئەگەرچی چاك وایە کاتی فرۆشتن پێی بوترێت تائەگەرویستی، بیکڕێت وڕێك بکەون تادڵ گران وسەغەڵەت نەبێ وبرایەتیان لاوازنەبێت.

بارمتە(رهن)

یەکێ ترلەوبەڵگانەی کەئەبێتەهۆی دان پێدانانی موڵکیەتی تاك بارمتەیە، ئاینی ئاشتی خوازی ئیسلام بۆدورخستنەوەی خەڵك لەقەپوقاڵودڵ عاجزبوون وپاراستنی ماڵەکانیان وباوەڕکردنیان بەیەکتروبارمەتی یەکتردان بارمتەی بەشتێکی ڕەواداناوە بەم مەرجانەی خوارەوە:-

1. بارمتە بریتی یە لەوەی کەکابرایەك پارەیەکی پێویستەوئەگونجێ باوەڕی پیَ نەکرێت وئەوپارەیەی بەقەرز نەدرێتێ لەبەرئەوە خانویەك یان ئەرزێك یان شتێکی ترکەلەنرخی پارەکەکەمترنەبێت بداتەدەستی خاوەن پارەکە کەبەوئیشەئەوترێت(ڕەهن)وبەوشتەیش کەئەدرێت پێی ئەوترێت(مرهون)بەکابرای خاوەنپارەکەئەوترێت(مرتهن)وبەخاوەن خانووئەرزەکەش ئەوترێت(راهن).

2. ئەوماڵە ڕەهن کراوە هەرهی خاوەنەکەیەتی ولەموڵکی ئەودەرناچێت چونکە پێغەمبەرئازیزمان(ﷺ)ئەفەرموێت(لایُغلَق الرهنُ من صاحبِهِ الَّذی رَهَنَهُ لَهُ غُنمُهُ وعَلَیه غُرمُهُ)واتەڕەهن نابێتە هۆی ئەوەکەماڵەکە لەدەست خاوەنەکەی خۆی دەرچێت سودەکەی هەربۆئەوەهەروەها زیانەکەیشی، واتە ئیجارەی خانووی ڕەهن کراو بۆخاوەنەکەی ئەبێت ونابێ خاوەن پارەکە وەری گرێت چونکە ئەوەئەبێت بەسوخۆری وەئەوخانوودوکان وشتەی ترکەلەڕەهندا بێت وەك سودەکەی بۆخاوەنەکەیەتی هەروەها زیانەکەشی هەرلەسەرخۆیەتی ئەم بارمتەیە

تەنها بۆئەوەیە کەکابرای پارە دەردڵنیا ببێ لەوەی کەپارەکەی نافەوتێ وئەگەرنەیدایەوەقازی ئەتوانێ ماڵەکە

بفرۆشێ بەقیمەتی ئەوکاتەوپارەی خاوەن پارەکەی لێ بداتەوەوهەرچی مایەوەئەبێ بدرێتەوە

بەخاوەنەئەسڵەکەی(الراهن).

3. ئەبێ ئەوڕەهنە بۆشتی حەڵاڵ بێ و ماوەکەیشی دیاربێ.

4. ئەبێ ئەوڕەهن کراوەیش شتێکی حەڵاڵ بێت.

5. ئەبێ ئەوبارمتەیە بدرێتە دەست خاوەن پارەکە.

تێ بینی

ئەگەرئەوشتەبارمتەبراوە ووڵاخی سواری بوو یان حەیوانی شیرداربووئەوەکامیان سودلەسوارییەکەی یان شیرەکەی وەرئەگرن خەرجی حەیوانەکەیش ئەکەوێتە سەریان چونکە پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەفەرموێت: (الَّظهرُ یُرکبُ بنفقته ولَبَنُ الدَّریُشرَبُ بنَفَقَته اذا کان مرهونا وعلي الَّذی یَرکَبُ ویَشرَبُ الَّنفقة). واتە: ولاخی سواری سودی لێ وەرئەگیرێت بەومەرجەی خەرجی بدرێت هەروەهاشیردارشیری ئەخورێتەوە، بەومەرجەی خەرجی بدرێت ئەگەربارمتەبو وەئەوخەرجیەش لەسەرئەوکەسەیەکەسواری ئەبێ وشیری ئەخواتەوە، ئیترلێرەدائەگەرخاوەن پارەکەیش بێت نابێ بەسوخۆری‌چونکە خەرجی بۆحەیوانەکە ئەکات هەرلەم بارەوە بناغەیەکی فیقهی هەیەئەڵێ(الغُنمُ بالغُرمِ)سودبەبۆنەی زیانە.

بەڵێ ئیسلام ئەوبەشەیەشی ماوەپێداوە تاکەس ماڵی نەفەوتێت وبەهەردم نەڕوات.

وون بوون

دروستە کرێ دانان بۆکەسێك کەبەدوای شتێکی ون بوودابنێرێت، جائەگەرشتەکەی هێنایەوە بۆخاوەنەکەی ئەبێ کرێ کەی پێ بدرێت، ئەبێ ئەوکرێ یەلەپێشدا ڕۆشن کرێتەوەتالەپاشا قەپوقاڵی لەسەرنەبێت.[10] وەلەبەرنیزاع وهەراوبەزم هەندێ مامەڵە لەڕوانگەی ئیسلامەوە بەناڕەواوحەرام باس کراون وەئەگەر کەسێك بڵێ من ئەم جۆرە مامەڵانە ئەکەم ونیزاع لەگەڵ هیچ کەسیشاناکەم،یەکەم بڕیارێکی گومانیەو دووەم یاسای گشتی بەتاکێك هەڵ ناوەشێتەوە*.

---

[10] – ئەم باسە لەپەڕاوەفیهقیەکاندا بەناو(جعالە)وەبەدرێژی باس کراوە.

* تەماشای باسی (ئیسلام ئاشتی خوازە بکە لەوێدا هەندێ لەومامەڵە قەدەغانە باس کراوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوا لەخەڵك ئەکات کەیەکتریان خۆش بوێ وسودوقازانجی یەکتریان بوێ ولەمامەڵەدا لێ بوردنیان هەبێت، پێغەمبەری مەزن(ﷺ)لەم بارەوەئەفەرموێت(رَحِمَ اللهُ عَبداً سَمحاً اذا باعَ واذا اشتري واذا اقتضي)واتە، ڕەحمەتی خوا لەوبەندەبێت کەلێ بوردنی هەبێت لەکاتی فرۆشتن وکڕین وداواکردنی قەرزدا.

ئەگەرچی ئیسلام ڕێگای چەندوچۆنی داوە لەمامەڵەدا بەڵام ناگاتە پلەی ئەوڕەحمەتەلەوزبانەپاکەوە، ئاشکرایە ئەگەر ئەم لێ بوردنەهەبێت کۆمەڵ لەگەلێك ڕەوشتی ناڕەواوناپەسەند دوورئەکەوێتەوە بەڵام ڕکەی زۆرو دڵ وزبان پیسی خەڵك ئەبێتە هۆی درۆکردن وسوێندی ناڕەوا خواردن کەدووخوی ناپەسەندو ناڕەوان، لێرەدا نموونەی مسوڵمانێك لەناوکۆمەڵێکی ڕاستەقینەی ئیسلامتان بۆباس ئەکەم، هیوادارم کۆمەڵە دنیا پەرس وبێ ڕەحمەکەی ئەمڕۆمان ئاوڕێك لەخۆیان بدەنەوەو وتەماشای مسوڵمانی ڕاست وئیسلامیەتەکەی خۆیان بکەن، جارێك مسوڵمانێکی دوکانداری کراس فرۆش کەدووجۆرکراسی ئەبێ یەکێکیان بەچوارسەددرهەم وئەوی تریان بەدووسەد درهەم دەبێ، جارێك بۆمزگەوت ئەچێت کوڕێکی لەسەردوکانەکە ئەبێ ویەکێ لەکراسەدوسەد درهەمەکە ئەدا بەچوارسەددرهەم بەکابرایەك وکابرا ڕازی ئەبێ وئەچێت، خاوەن دوکان لەمزگەوت دێتە دەروچاوی بەکابرای کراس کڕ دەکەوێت وکراسەکە ئەناسێتەوەولێ ی ئەپرسێت بەچەندت کڕیوە کابرا ئەڵێ بەچوارسەد درهەم، ئەڵێ کاکە ئەوکراسە دووسەد درهەمە، خەڵەتاوی، وەرەلەگەڵم بابیبەینەوە ئەڵێ کاکە لەلای خۆمان شەش سەد درهەم ئەکات، ئەڵێ کاکە وەرە لەگەڵم بابیبەینەوە کابرا ئەباتە سەردوکانەکەی خۆی وتوڕەئەبێت لەکوڕەکەی کەبۆچی کراسی دووسەد درهەمت بەچوارسەد درهەم فرۆشتووە؟ کابرا ئەڵێ کاکە من خۆم ڕازی بوم، مسوڵمانە دوکاندارەکە دوسەد درهەمەکەی پێ ئەداتەوەوئەڵێ، کاکە تۆڕازیت من ڕازی نیم، چونکە من بۆخۆم ئەوەندەی پێ نادەم، جاچۆن بەوپارەزۆرە بیدەم بەتۆ؟

خوێنەری بەڕێز، ئەوەیەکۆمەڵی کوسوڵمانی ڕاست، کەلاپەڕەکانی مێژوو هەزاران شتیان لەم بابەتە تۆمارکردووە، چونکە ئەوان بەڕاستی مسوڵمان بوون نەبەتەسکەرە وەك ئەمڕۆی ئێمە ئەوان ڕەحمەتی پێغەمبەری مەزنیان نەئەگۆڕیەوە بەهەموودنیاو ئامادەبوون بۆئیش وڕەفتارکردن بەهەموفەرمودەکانی وئیشی هەریەکەیان مانای ئیسلام بوو کەڕەفتاری ئەومسوڵمانە دوکاندارە بەشێك بوولەوفەرمودەیەکە پێغەمبەری خوا(ﷺ)ئەفەرموێت(لایُؤمنُ أحَدُکم حتیَّ یُحِبَّ لاخیهِ مایُحِبُّ لِنفسهِ)واتە، هیچ کامتان باوەڕتان نیە تائەوەی بۆبراکەتان پێ ی خۆش بێ، ئەوەبێ کەبۆخۆتان پێتان خۆشە. ئاشکرایە هیچ کەس زیانی بۆخۆی پێ خۆش نیە جاچۆن پێ ی خۆشە بۆمسوڵمانان؟ هەروەها هەموکەسێك بۆخۆی سودی پێ خۆشە هەروایش بۆهەموو مسوڵمانان سودی پێ خۆشبێ.

براوخوشکە مسوڵمانەکان تەماشای هەرگۆشەیەك لەگۆشەکانی ژیان بکەیت ئەبینی ئاینی پیرۆزی ئیسلام هیچ گۆشەیەك لەگۆشەکانی ژیانی ئینسانی لەبیرنەچوەوبۆهەموولایەنێکی یاسایەکی تێروتەواوی بۆداناوە، ئەم شتانەی کەئێمە لێرەداباسمان کردن تەنها بیرخستنەوەیەکەوهیچی تر، ئەگینا هەرباسێك لەوباسە کورتەی ئێمە لەدەیان لاپەڕەداجێگای نابێتەوەئەگەربەتەواوی باس کرێت ئێمە لێرەدا مەبەستمان ڕۆش نکردنەوەی لاوەمسوڵمانەکانە وپییشاندانی هەڵەوغەڵەتی هەڵخەڵەتاوان، ئەوانەی کەعاشقی بەرنامەی سەرمایەداری ڕۆژئاوایابەرنامەی کۆمۆنیستی ڕۆژهەڵات بوون!!کەهەردوکیان لەڕوانگەی ئیسلامەوە دژی مرۆڤایەتی وهەستی ئازادی خوازی وگەشەو پێ گەیاندنی ڕۆحی برایەتی ویەکسانین.

بەڕێزان لێرەدا لەبەرکەمی بەرهەمی بێ بەرهەمان خواحافیزی لەکەم بەرهەمان ئەکەین وبەرەو سفرەوخوانی بەرهەمداران ڕوئەکەین ولەبەربێ سوپاسیان زۆری بەرهەمیان لەقاوئەدەین جابابەرهەمدران چاك بزانن(ئەگەر کەڵەشێریش نەبێت ڕۆژهەردەبێتەوە).

تائێرە بۆمان دەرکەوت کەموڵکیەتی تاك(فرد) شتێکی پێویستە بەومەرجانەی کەباس کران، لێرە بەدواوە لەسەرهاوبەشی دەدویین.

زەوی بۆهەمووئینسانە:

ئەم زەوی وئاسمان وهەوروباوباران وکان ودەریایانە هەموودروست کراوی خوای خاوەن دەسەڵات ودانان وئێمەیش بەندەی ئەوزاتەین ولەوانەداهەمووهاوبەشین خوای گەورەئەفەرموێت(هُوَ الَّذِي خَلَقَ لَكُمْ مَا فِي الأَرْضِ جَمِيعًا)البقرە/29، واتە: خوائەوزاتەیەکەئەوەی ناوزەوی دروستکردووەبۆهەمووتان، ئەم ئایەتە پیرۆزە هەمووئینسانەکان ئەکات بەشەریك لەدروستکراوەکانی خوداوڕازی نیەهەندێ دەستی بەسەردابگرێت وهەندێك لەبرسیاقورتەی سکیان بێت خوای گەورە لەئایەتێکی تراجوانتر ئەم ڕاستیە ڕۆشن ئەکاتەوەو ئەفەرموێ(كَيْ لا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الأَغْنِيَاءِ مِنْكُمْ)الحشر/7، واتە: دەسکەوتتان دابەشبکەن تالەدەستدەوڵەمەندەکانتاندا کۆنەبێتەو، بەم شێوەیە دەردەکەوێت کەئیسلام بەسەرمایەداری ڕازی نیە، هەروەکو بەکۆمۆنیستی ڕازی نیە، بەڵکو خاوەنی بەرنامەیەکی مام ناوەندی یە(وَكَذَلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا)البقرە/143، واتە: وەهەروەها ئێوەمان کردوەبەگەلێکی مام ناوەندی، ئەمەبووبەڵگەی یەکەم.

بەڵگەی دووەم لەسەرناڕەزایی ئیسلام بەسەرمایەداری، دابەش کردنی کەلەپورەوگەڕانەوەی زیادەکەیەبۆماڵی گشتی.

بەڵگەی سێیەم، بێزاری ئیسلامەلەکۆکردنەوەوعەنبارکردنی سەروەت وسامان.

بەڵگەی چوارەم، مانای ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کەخوای گەورە ئەفەرموێت(وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ)النحل/71.

ڕەوشت وباوی خوا لەم بونەوەرەدا وایەکەئینسانەکان تاقی بکاتەوە تاڕۆژی دوایی کەس بەهانەی نەبێت بۆنموونە، هەندێك فەقیرئەکات تاکابرا خۆی بۆخۆی دەرکەوێت کەئایالەم حاڵەتی کەم دەستی ونەبونیەدا ئەرکەکانی سەرشانی خۆی سەبارەت بەخەڵك وخوابەڕاستی وبێ فێڵ وفڕ ئەنجام ئەدات یاهەرخەریکی فێڵ وفڕودرۆوخیانەتەبۆخۆڕزگارکردن لەوحاڵەتە کەم دەستیەو باوەڕی بەوتاقیکردنەوە نیەوپێ ی وایە بەوشێوەیە ئەتوانێ خۆی لەوباروددۆخەرزگارکات وهیچ شتێکی تربێجگەلەئیش وکاری خۆی لەئارادانیەوەهەندێك دەوڵەمەندئەکات دیسان ئەویش بۆتاقیکردنەوەیەتابزانرێت بەوماڵەچی گۆڕان کارییەك هاتوەبەسەربیروڕاوهەڵس وکەوتیاوچۆنی خەرج ئەکات؟ کەوابووبەرزکردنەوەی خەڵك بەهۆی ڕزق وڕۆزییەوەونزم کردنەوەیان تەنها بۆتاقیکردنەوەیەوهیچی تر، ئەگیناتاڕۆژێك تەمەنیان مابێ هەردوو هەرئەژین وەئەگەرماوەی ژیانیشیان نەمێنێ هەردووهەرئەمرن، واتە: نەنەبونی سامان تەمەنی کورت کردن وەنەبونی سامان عومری درێژکردن، نەبونی سامان بەڵگەی خۆشەویستیە، نەنەبونی نیشانەی ناخۆشەویستی یەلای خوا، خوای گەورەئەم بۆچونەڕۆشن ئەکاتەوەوئەفەرموێت(فَأَمَّا الانْسَانُ إِذَا مَا ابْتَلاهُ رَبُّهُ فَأَكْرَمَهُ وَنَعَّمَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَكْرَمَنِ (15) وَأَمَّا إِذَا مَا ابْتَلاهُ فَقَدَرَ عَلَيْهِ رِزْقَهُ فَيَقُولُ رَبِّي أَهَانَنِ (16) كَلَّا بَلْ لا تُكْرِمُونَ الْيَتِيمَ (17) وَلا تَحَاضُّونَ عَلَى طَعَامِ الْمِسْكِينِ (18) وَتَأْكُلُونَ التُّرَاثَ أَكْلاً لَمًّا (19) وَتُحِبُّونَ الْمَالَ حُبًّا جَمًّا)الفجر/15–20.

واتە، کاتێك کەخوائینسانی تاقیکردەوەبەم ڕەنگەڕێزی گرت وبەهرەی بەسەرا ڕشت ئەڵێ، خواڕێزی لێ گرتووم، وەئەگەرکاتێك تاقیکردنەوە بەم ڕەنگەکەڕۆزی لێ گرتەوە ئەڵێ، پەروەردگارم ڕیسوای کردم، نەءوانیە کەتێ گەیشتوی بەڵکو ئێوەڕێزی هەتیوان ناگرن ویەکترهەڵنانێن لەسەرخواردەمەنی دان وبەخێوکردنی هەژاران وکەلەپورئەخۆن بەبێ تەماشاکردنی حەقی حەقداران وماڵتان خۆش ئەوێ بەخۆشەویستیەکی زۆروهەرلەبیری ئەوەدان، بەشێوەیەك کەیاسای ئەم بونەوەرەتان بەخەیاڵدا نایەت وهیچ کات لەبیری بەندایەتی خواو خزمەتی خەڵکانین، ئینجا تەماشای مانای ئایەتی پێشووبکەکەخوادەفەرموێت(وَاللَّهُ فَضَّلَ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ فِي الرِّزْقِ فَمَا الَّذِينَ فُضِّلُوا بِرَادِّي رِزْقِهِمْ عَلَى مَا مَلَكَتْ أَيْمَانُهُمْ فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ)واتەخوائەوزاتەیە کەهەندێکتان لەهەندێکتان جیائەکاتەوە بەهۆی ڕۆزی یەوە(لەبەرئەوتاقیکردنەوەی کەوترا)لەگەڵ ئەوەدا کەئێمە ڕۆزیمان پێداوەکەچی هیچ نادات بەژێردەستەکانی خۆی، ئەوانەکەنیعمەتەکانی ئێمە کردونی بەبەندەی تائەوان لەوماڵەداوەکو یەك بن، دیارە ئەم

مرۆڤە لەتاقیکردنەوەدا دەرنەچووە، چونکە وائەزانێ کەخۆی خاوەنی نیعمەتەکەیەوشایستەیە، بۆیە هەیەتی،

بۆیەخوای گەورەبەتوڕەییەوەئەفەرموێت(أَفَبِنِعْمَةِ اللَّهِ يَجْحَدُونَ)؟ ئایائێوە دان بەنیعمەتەکانی خودانانێن؟

ئەگەروانیەبۆخەڵکی تربەهاوبەشی خۆتان نازانن؟ ئەی بۆئاوڕلەبێنەوەیان نادەنەوەوائەزانن هی خۆتانە؟ بەڕاستی

بۆچونەکەتان زۆرهەڵەیە، ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەگەرچی مانای تری لێ دراوەتەوە بەڵام خۆناکرێ ئەم مانیایە بشارێتەو.

لەم ئایەتەپیرۆزەوە دەرئەکەوێت کەهەمووخەڵك لەبەهرەکانی زەوی دا شەریکن(فَهُمْ فِيهِ سَوَاءٌ).

بەڵگەی پێنجەم/ لەسەرهاوبەش بوونی ئینسانەکان لەسەروەت وساماندا ئەم ئایەتەیەکەخوای گەورە

ئەفەرموێت(يَسْأَلُونَكَ مَاذَا يُنْفِقُونَ قُلِ الْعَفْوَ)البقره/ 219، واتە: پرسیارت لێ ئەکەن ئەی موحەمەد(ﷺ)کەچ شتێك

ببەخشن؟ بڵێ، ئەوەی زیادەیەلەخۆتان بیبەخشن. پرسیاری ئەوان لەچەشنی شتەکانە. بەڵام گرنگ ئەوەنیە کەچ

شتێك بێت، گرنگ ئەوشتەیەکەزیادە لەخۆت، وەسنووری ئەم زیادەیەش لەباسی ئاڵتون وزیوعەنبارنەکەیت لەمانای

ئەوفەرمودەدا کەپێغەمبەر(ﷺ)ئەفەرموێت: (یاابن ادمٌ انَّك ان تبزُل الفچلٌ خیرٌلكٌ..)دا، باسمان کرد کەماوەی پێویست

ساڵێکە بەومەرجە کەخەڵك زۆرلەتەنگانەدا نەبن ئەگینا حەزرەتی عومەر(ڕەزای خوای لێ بێ)ساڵەگرانیەك فەرمووی

هەرکەسێك تێری سکی خۆی هەیە، نیوەی بخوات، نیوەکەی تربەوکەسانەبدات کەنیوەتێریان نیە.

بەڵگەی شەشەم/ لەسەرهاوبەشی ئینسان لەسەروەت وسامانی زەوی دا هێرشی توندوتیژی ئیسلامە بۆسەرماڵ

پەرستان وکۆکەرەوانی ماڵ کەلەم سورەتەداخوای گەورەهەڕەشەیان لێ ئەکات وئەفەرموێت(بسم الله الرحمن الرحیم)(

وَيْلٌ لِّكُلِّ هُمَزَةٍ لُّمَزَةٍ (1) الَّذِي جَمَعَ مَالاً وَعَدَّدَهُ (2) يَحْسَبُ أَنَّ مَالَهُ أَخْلَدَهُ (3) كَلاَّ لَيُنبَذَنَّ فِي الْحُطَمَةِ (4) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْحُطَمَةُ

(5) نَارُ اللَّهِ الْمُوقَدَةُ (6) الَّتِي تَطَّلِعُ عَلَى الأَفْئِدَةِ (7) إِنَّهَا عَلَيْهِم مُّؤْصَدَةٌ (8) فِي عَمَدٍ مُّمَدَّدَةٍ)سورەتی همزە.

واتە، وای جەهەنم بۆهەمووتانەوتەشەدەرێك کەهەمیشەخەریکی کۆکردنەوەی ماڵەوهەرخەریکی ژماردنیەتی،

وائەزانێ کەئەوماڵەئەیهێڵێتەوەلەدنیاویادی قیامەتی لەبیربردووەتەوەوبەڵکوهەمووئاواتێکی بەدەستهێنانی ماڵ

وکۆکردنەوەیەتی، وائەزانێت کەمەرگ نیەو حیساب وکیتابێك لەئارادانیە، بەخەیاڵی خۆیان ئازادانە ئەژین بێ ئاگان

لەوەی کەخۆیان کردووە بەبەندەی ئەوماڵ وسامانەوبۆکۆکردنەوەوپاراستنی هەموشتێکی خۆیان لەناوئەبەن

هەرلەژێیری و ڕەوشتەوهەمووگیان ودین بۆیە پێغەمبەری پایەبەرزیش(ﷺ)لەم جۆرەکەسانەتورەیەوئەفەرموێ (بِئسَ

عَبدُالدينار، بِئسَ عَبدُالدرهَمِ)پیسەبەندەی دینارو، پیسەبەندەی درهەم، خۆشویستنی ماڵ وکۆکردنەوەی وعەنبارکردنی

ئەوەندەناشیرینە بۆیەخوای گەورە بەتوندی دەم کوتیان ئەکاتەوەوئەفەرموێ(کلاّ)واتە، نەکەن شتی وا، جابادڵنیابن

کەبەبۆنەی ئەوکرداروڕەفتارە ناشیرین وناپەسەندەتانەوە، ئەخرێنەناوهاڕێنەرەوەتۆئەی (موحومەد)نازانی

ئەوهاڕەڕەچیە؟ ئاگرێکی هەڵگرێنراوی خوایە ئەدات بەسەردڵەکاندا کەکەنگای ئەوڕەفتاروهەڵوێستەپیسانەیە، ئەودڵانەی کەهەمیشە لەبیرکۆکردنەوەی سەروەت وساماندا بوون وایان ئەزانی کەئەوسەروەتەلەهاتنی ئەوڕۆژەولەمردن دوریان ئەخاتەوە!!

نەخێر ئاواتیان نەهاتەدی ومردن وخرانەناوئاگری هەڵگیرساوی هێزودەسەڵاتی خوابەبۆنەی ئاگری هەناسەی بێ دەسەڵات وهەتیوان وبێ سەرپەرستانێك کەئەوان ئەیان دین و گوێ یان پێ نەئەدان وئەوئاگرەدا ئەخرێت لەسەریان ولەناوکۆڵەکەیەکی ئاگردا تەتەرپێچ ئەکرێن.

بەڵگەی حەوتەم/ لەسەربێزاری ئیسلام سەبارەت بەشاردنەوەوعەنبارکردنی ماڵ وبەڵگەی هاوبەشی ئینسانەکان لەسامانی زەوی دا ئەم ئایەتە پیرۆزەیە کەخوای گەورە ئەفەرموێت(فَوَيْلٌ لِلْمُصَلِّينَ (4) الَّذِينَ هُمْ عَنْ صَلاتِهِمْ سَاهُونَ (5) الَّذِينَ هُمْ يُرَاءُونَ (6) وَيَمْنَعُونَ الْمَاعُونَ (7)الماعون4-7، وای جەهەنەم وسزابۆئەونوێژکەرانەی کەنوێژەکانیان دوائەخەن وەئەوانەی کەواڕووپامای دەکەن وەئەوانەی کەشتی پێویستی خەڵکیان لاهەیەولێیان ئەشارنەوەوپێیان نادەن ئەم ئایەتە پیرۆزە هەمووشتێکی پێویست ئەگرێتەوەهەرلەدەرزیەکەوە بگرە هەتا سەیارەیەك وەئەگەرهەموومرۆڤەکان هاوبەش نین چۆن ئەوسزاگەورەیەی بۆدانراوە؟ ئەگەرهەربەخشین وخێربێت کەئیشێکی سوننەتە، لەسەروازهێنان لەسوننەت تۆڵەوسزانیەکەوابوولابردنی پێویستی موحتاجان فەرزەو وازهێنانی تاوانەوهۆی ڕق وقینی خواوسزایە، وەمادام فرمانی خوالەسەرئەوهاوبەشەیەهیچ کەس خاوەنی ئیختیارنیە(وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ وَلا مُؤْمِنَةٍ إِذَا قَضَى اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَمْرًا أَنْ يَكُونَ لَهُمُ الْخِيَرَةُ)الاحزاب/36، واتە، بۆهیچ پیاوێکی خاوەن باوەڕوبۆهیچ ژنێکی خاوەن باوەڕ ئارەزۆکاریەك نیە وەختێك خواوپێغەمبەرەکەی(ﷺ)بڕیاریان دا، جاچۆن کەسێك خۆی بەمسوڵمان بژمێرێت وکۆشکوتەلاربڕازێنێتەوەوگەورەترین بوغازەی هەبێت وبەنرخترین سەیارەی لەژێرپێدا بێت بەڵام برامسوڵمانە دراوسێکەی نانی شەویشی نەبێت؟؟!

بەڵگەی هەشتەم/ لەسەربێزاری ئیسلام لەکۆکردنەوەی سامان وبەڵگەیەلەسەرهاوبەشی خەڵك لەهەمووکان وسامانی سەرزەوی ئەم فەرمودانەی پێغەمبەری مەزنە(ﷺ):

یەکەم/ (انَّ في المالِ حقٌّ سوى الزكاةِ)واتە، لەماڵدابێجگە لەزەکات مافی ترهەیە.

دووەم/ پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت(لیسَ لابنِ ادمَ حقٌّ في سوی هذه الخِصالِ بَیتُ یَسکُنُهُ وثَوبُ یُواري عَورتهُ وَجَلفُ الخُبزِ والماء).*

سێیەم/ فەرمودەی پێغەمبەری مرۆڤ پەروەرودڵسۆزە(ﷺ)سەبارەت بەئەشعەریەکان، کاتێ کەخواردنیان کەم ئەبووەوە لەغەزایالەماڵ، هەمووخۆراکیەکانی خۆیان کۆئەکردەوەولەپاشاوەکیەك لەنێوان خۆیاندا بەشیان ئەکرد(فَهُم مِني وأنا مِنهُم)ئەوان لەمنن ومنیش لەوانم.

چوارەم/ هاوبەش کردنی پێغەمبەری مەزن(ﷺ) لەنێوان کۆچەریەکان ویارمەتی دەرەکاندا(المهاجروالانصار).

ئەوەبووپێغەمبەرویارەکۆچەریەکانی کاتێ چوونە مەدینە هیچ سەروەت وسامانێکیان پێ نەبوو، پێغەمبەر(ﷺ) هەرکۆچەریەکی دانا بەبرای یارمەتی دەرێك ولەماڵیان کردنی بەشەریك، جابچن هەمولاپەڕەکانی مێژووهەڵدەنەوە بزانن بێجگە لەئیسلام لەکام ڕێبازویاسایەکی تردا شتی واکراوە دەی ئەوانەی کەلاڤ هاوبەشی(اشتراکی)لێ ئەدەن ئەگەر ڕاست ئەکەن ومەبەستێکی تایبەتی تریان نیە بۆناکەونە شوێن ڕێبازەکەی پێغەمبەرویارەبەوەفاکانی؟!!

بۆبەقسەی ئەم وئەو(ئەخلەتێن)وکام ڕێبازێك ئاواهاوبەشەیەکی پاك وخاوێنی بۆخەڵك دابین کردوە؟؟

پێنجەم/ فەرمودەی دژی ماڵ شاردنەوەی ئەوکەسەیەکەماڵ هەڵئەگرێ بۆگرانی(بِئسَ العَبدُ المُحتَکِر)پیسەئەوبەندەیەکەماڵ هەڵئەگرێ تابەگرانی بیفرۆشێت چونکە خەڵکیش لەوماڵەدا هاوبەشن وپێویستە لەکاتی پێویستی خەڵکا بفرۆشێت، ئەگەر بەپێچەوانەوە جولایەوە تاوانبارەومیری ئەتوانێ بەزۆربەنرخی ڕۆژ بفرۆشێت.

شەشەم/ پێغەمبەری مەزن(ﷺ)ئەفەرموێت:(والله لایؤمن... ثلاثاً..الذی یَشبَعُ وجارُهُ جائعٌ)واتە، بەخواقەسەم باوەڕیان نیە(سێ جار)ئەوانەی کەتێرئەخۆن وهاوسێکەیان برسیانەجائەگەرهاوبەش نین بۆچی وایە؟

خوێنەری بەڕێز، لەم بارەوە دەیان ئایەتی قورئان وسەدان فەرمودەی تری پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ)هەیە کەلێرەدا زیاتر ناگونجێت.

ئیسلام کەس بێ منەت ناکات ومنەتیش لەکەس قبوول ناکات

ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی کۆکردنەوەی ماڵ وعەنبارکردن ونەبەخشینە، دژی کاروکۆشش وپەیداکردنی پێ بژیوی نیە، چونکە خوای گەورە ئەم هەمووکان وسەرچاوانەی کەلەم زەویەدایە بۆئێمەی داناوەو خۆی ئیحتیاجی بەئاڵتون

---

* لەباسی(ئاڵتون زیو....)مانای ئەم فەرمودە کراوە..

وزیوشوشەو ئاسن ومس و.. هتدنیە. کەوابووهەوڵ وکۆشش لەڕێگای دروستەوە بۆوەدەست هێنانی سەروەتی حەلاڵ نەك تاوان نیە، بەڵکو ئەویش بەشێکە لەخواپەرستی(العبادة)چونکەبەشێکە لەیاسای ئیسلام.

ئەنجام دانی هەربەشێکی ئەویاسایەش بەندایەتی خوای گەورەیە، ئەوەتەپێغەمبەری ئیسلام(ﷺ)ئەفەرموێ: گەورەترین چاکە ئەولوقمەخۆراکەیەکەئەیدەن بەهاوسەرەکەتان، خۆخەرجی هاوسەرپێویستە لەسەر پیاوکەچی ئەوخەرجیەیش هەرچاکەوئیحسانەوپاداشتی هەیەلەڕۆژی دوایدا، ئاینی پیرۆزی ئیسلام کاروکۆششی هیچ کەسێك زایە ناکات بەڵکوسوپاسی تێکۆشەران وزەحمەت کێشان ئەکات وڕێزیان بۆدائەنێت، وەهەمووتەلاش وکۆششکی خاوەن باوەڕان بەچاکەئەنوسرێت هەرچاکەیەکیش دەبەرانبەرتاحەوت سەدبەرانبەرتاهەزاروچوارسەدبەرانبەر پاداش ئەدرێتەوە، خوای خاوەن کەرەم وئیحسان ئەفەرموێت(مَنْ جاء بالحَسَنةِ فَلَهُ عَشرُ أمثالِها)واتە، هەرکەسێك چاکەیەك بکات تادەبەرانبەرپاداشتی پێ ئەدرێتەوە وەهیچ چاکەیەك لەم دەبەرانبەرە کەمترنیە، دیارە ئەگەرچاکەیەك لەڕێگای گەورەترابکرێت، وەك چاکەکردن لەڕێگای بەرزکردنەوەی ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلامدا خوای گەورە لەحەوتسەدبەرانبەرەوە تاهەزاروچوارسەدبەرانبەرپاداش ئەداتەوە لەوەیش زیاتری ئەکات بۆکەسانێك کەبەدڵێکی خاوەن ترولەماڵێکی پاکترولەجێگایەکی چاکتراولەکاتێکی پێویست تربدرێت بۆدامەزراندن وبەهێزکردنی ئاینەبەرزوپیرۆزەکەی خوا وەك ئەفەرموێت(مَثَلُ الَّذِينَ يُنْفِقُونَ أَمْوَالَهُمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ كَمَثَلِ حَبَّةٍ أَنْبَتَتْ سَبْعَ سَنَابِلَ فِي كُلِّ سُنْبُلَةٍ مِائَةُ حَبَّةٍ وَاللَّهُ يُضَاعِفُ لِمَنْ يَشَاءُ وَاللَّهُ وَاسِعٌ عَلِيمٌ)البقره/261.

واتە، وێنەی ئەوکەسانەی کەماڵیان لەڕێگای خودائەبەخشن وەکودانەوێڵەیەك وایە کەحەوت گوڵ سەوزکات ولەناوهەرگوڵێك داسەد دنك هەبێت وەخوائەمەش دووبەرانبەرئەکاتەوەبۆکەسێك کەبیەوێت وبەڕاستی بەخششەکانی فراوانەوپێشەکی خۆی ئەیان بەخشێ بەخەڵك ولەپاشا لێیان ئەکڕێتەوە وەزانایەوچاك ئەزانێ چی ئەبەخشن وچۆن ئەیبەخشن.

خوێنەری بەڕێز، ئاینی پیرۆزی ئیسلام یاساوڕێبازی ئەوزانایەکەخۆمان وکردارەکانمان دروست ئەکات وهەمووشتێك کەپێویستمان بێت لەم زەویەدادایناوەبۆمان پاداشتیشمان پێ ئەدالەسەرکاروکۆششەڕەواکانمان ودووبارەش پاداشی دەبەرانبەر تاهەزاروچوارسەدبەرانبەروزیاتریشمان پێ ئەدات لەسەرچاکەکانمان وئەوزاتە کەهەمووئەوچاکەلەگەڵ ئێمەدا دەکات ڕازی نیە کەئێمەلەبەخشین وچاکەدا منەت بخەینەسەرکەس چونکە هەمووئەونیعمەتانەهی خوایەوهەمووچاکەیەکیش پاداش ئەداتەوەولەولایشەوەهەمووئینسانەکان تیاشەریکن بەوشێوەیەی کەله(موڵکیەتی تاك وزەوی بۆهەمووئینسانە)دابا سمانکرد، کەواتەزۆر ڕەوایەماوەنەدرێت بەخاوەن سامان زیادلەوپاداشەگەورەی

کەخوابۆی داناون منەتێکی تربخاتەسەرکەم دەستان، لەلایەکی ترەوەئەومنەت نانەیان، نیشانەی سپڵەیی ونمەك نەناسی کابرایەوەیان نیشانەی بێ ڕەحمی ودڵ ڕەقی یەسەبارەت بەکەم دەستان وبێ نەوایان وەیان بەڵگەیەلەسەرهەردوکیان کەئەوانەدووڕەوشتی ناڕەواونا پەسەندن وئیسلام زۆربێزارەلێ یان بۆیەئەگەرهەرکەسێك شتێکی بەخشی ومنەتی نایەسەرکابرای پێ بەخشراوی یائازاری داچاکەکەی لەناوئەبرێت وهیچ پاداشتێکی لەلای خودانابێت، خوای گەورە لەم بارەوە ئەفەرموێت(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لا تُبْطِلُوا صَدَقَاتِكُمْ بِالْمَنِّ وَالأذَى كَالَّذِي يُنْفِقُ مَالَهُ رِئَاءَ النَّاسِ وَلا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الاخِرِ فَمَثَلُهُ كَمَثَلِ صَفْوَانٍ عَلَيْهِ تُرَابٌ فَأَصَابَهُ وَابِلٌ فَتَرَكَهُ صَلْدًا لا يَقْدِرُونَ عَلَى شَيْءٍ مِمَّا كَسَبُوا وَاللَّهُ لايَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ)البقره/264.

واتە، ئەی خاوەن باوەڕان چاکەکانی خۆتان هەڵنەوەشێننەوەبەمنەت نان وئازاردان وەکوئەوکەسەی کەماڵەکەی لەبەر ڕوپامایی ئەبەخشێت وباوەڕی بەخواوبەڕۆژی دوایی نیە، وێنەی ئەوکابرایەو چاکەکەی وەکوبەردێکی ساف وایەوخۆڵێکی ووشکی بەسەرەوە بێ ولێزمەبارانێك لێیداوچاك بەردەکە بشۆرێ وخاکەکەتەفروتونابکات وهیچ کەس نەتوانێت ئەوخاکە کۆکاتەوە(هەرئاوەهائەوانیش)ناتوانن شتێك لەوڕەنج وچاکەی کەکردویانەدەست خۆیان بخەن وچاکەکەیان بێ هودە ئەڕوات وهەناسەی ساردی بێ نەوایان وچەوساوان ومنەت ئەسەر نراوانی ئازاردراواوگاڵتەپێ کراوان ولێزمەفرمێسکی چاوەکانیان ئەوچاکە، ناچاکە، ئەشۆرێتەوە، خاوەن چاکەکەبێجگەلەڕەنجە ڕۆی وشەرمەساری ڕۆژی دوایی هیچی تری بۆنامێنێتەوە وەئەوڕەفتارە ناشیرین وناڕەوایە بەڵگەی کوفری نیعمەت وبێ باوەڕیەتی بەخوابۆیە خوای گەورە لەئاخری ئایەتەکەوەئەفەرموێت(والله لایهدی القوم الکافرین)وەخواڕێنمونی گەلی کافران ناکات.

خوێنەری بەڕێز، چاکەی بێباوەڕان وەك درەختێکی تەڕەکەڕیشەکانی ببڕێت ولەجێگایەك دا وەکودرەختێکی نێژراوبکوتێنرێ بەزەوی دابۆماوەیەکی کەم شێوەی درەختێکی سەوزبوودەداولەپاشا ووشك دەبێ وئەتلێتەوەوکەڵکی سەوزی وسێبەری نامێنێ جاکردەوەی بێباوەڕانیش هەربەوشێوەیەوبێجگەلەناوی دنیایی کەئەویش لەچاوقیامەتدا وەکوچاوتروکاندنێکیش نیەهیچی تری بۆنامێنێ. وەخوایش ستەم لەکەس ناکات، ئەمانەتەنیابۆدنیایان کردوەولەدنیاشدا سوپاس یان ئەکرێت(انَّماالاعمالُ بالنیات).

خوای گەورە خاوەنی ئەوهەمووفەڕوخێرەیە، ڕێنماوڕەهبەرانی یەك لەدوای یەکی بۆناردوون وڕێگای خۆشی وخۆشبەختی لەڕێگای گومڕاهی وسەرلێ شێواوی بۆجیا کردونەتەوەودوای لەنمایندەوڕەوانەکراوانی کردوەکەخزمەتی خەڵك بکەن وڕێگای هەمووچاکەیەکیان پیشان بدەن ولەهەمووهەڵەوناڕاەواییەك دووریان

خەنەوومنەت نەخەنەسەرخەڵك وپێیان بڵێن(ان أجرى الاعلى اللهِ)پاداشم ناوێ مەگەرلەلای خوا. واتە، ئیسلام

نەمنەت ئەنێت ونەمنەت لەکەس قبولْ ئەکات. بەڵام خاوەنی ئایین: کەخوایە خاوەن دەسەڵاتەوەهەمووشت هی

ئەوەوبێ یارمەتی ئەوهیچ شتێك ناکرێت ونابێت زۆربەجێ یەکەمنەت بختاتەسەرخەڵك وداوای بەندایەتیان لێ بکات

چونکەلەڕاستیائەوبەندایەتیەش هەربۆبەرژەوەندی وسودی خەڵکەئەگینا هیچ شتێکی ئێمە سودیان زیان

بەخواناگەیەنێت وخوابێ نیازەلەخەڵك کەوابوومنەتی خوارەواوشایستەیەومنەتی ئێمە زۆرناڕەواونابەجێ

یەچونکەلەڕاستیا ئێمەخاوەنی گیانمان نین چ جای سەروەت وسامان، بۆیەهەریارمەتی وچاکەیەك منەتی بەدواوە

بێت نەکردنی چاکترە(قَولُ مَعروفٌ خيرٌ مِن صَدَقةٍ يَتبَعُهاأذي واللهُ غنيٌّ حَليمٌ)واتە، قسەیەکی چاك باشترە لەچاکەیەك

کەمنەت وئازاردانی بەدواوەبێت وەخوابەحەوسەڵەیەوکەم دەستان نائومێدنەبن وسەروەتمەندانیش

بەوڕەفتارەناپەسەندەی خۆیان وماوەدانی خوابەوان وتۆڵە لێ نەسەندنیان بەزویی بالەخۆبایی ودڵخۆش نەبن،

وتراوەخوادێرگێرەوسەختگیر،

براوخوشکەهاودین وهاوزوبانەکانم، تەماشاکەن بزانن بێجگە لەئیسلام کام یاساوڕێبازێك وادڵسۆزانەئامۆژگاری

خەڵك ئەکات ولەبیری ڕێزوکەرامەتی خەڵکایە؟ کامەیە ئەوپارت وکۆمەڵانەی کەوارەهبەرەکانیان هیچیان لەخەڵك

نەویێت ومنەت نەکەن بەسەر خەڵکاجگەلەئیسلام؟

بەخشین و وەرگرتن کەی پەسەندە؟

سەروەت مەندانی خواپەرست وچاکەکاربۆئەوەی چاکەکەیان پەسەندبێ وجێگای ڕەزامەندی خوابێت، پێویستەئەم

خاڵانەی خوارەوە لەبەرچاوبگرن:

1. منەت نەخەنەسەرکەم دەستان.

2. ئازاری چاکەلەگەڵ کراوەکان نەدەن.

3. چاکەکان بەشێوەیەکی نهێنی ئەنجام بدەن بەڵام ئەگەرلەوانەبووکەخەڵکی ترچاوی لێ بکات بەئاشکرایی قەیناکا بەڵکو واچاکترە.

4. بەخششەکەشتێکی بەقیمەت بێت لەوانە نەبێت ئەگەر بەخۆیان بدرێت ڕویان نەبێ وەری گرن لەبەربێ قیمەتی شتەکە.

5. بایارمەتیەکەیان تەنیا لەبەرڕەزامەندی خوابێت وهەرلەوچاوەڕوانی پاداش بکەن.

6. ئەویارمەتیە بەپێویستی سەرشانی خۆیان بزانن وبەلایانەوەگران نەبێت.

7. کەم دەستان وبیٰ نەوایان بەهاوبەشی سەروەت وسامانی خۆیانیان دانێن وەئەوان بەهۆی زیادبوونی ڕۆزی خۆیان بزانن.

8. لەنزیکترین کەسانی موحتاجی خۆیانەوە دەست پیٰ بکەن ئینجادورتر.

9. لەماڵ سەرف کردن ویارمەتی دانی بیٰ نەوایاندا لەکەم دەستی نەترسن پێغەمبەری ئازیزمان(ﷺ)سوێندئەخوات وئەفەرمویٰ: ماڵ بەچاکە کەم ناکاتەوە.

10. باسی چاکەکانیان نەکەن مەگەربۆئامۆژگاری بێت.

ئەی سەروەت مەندی خاوەن باوەڕ، ئەوەیەڕێگای پاك وخاوێن بۆبەخشینەکەت وبەوشێوەیە ئەتوانیت خواوخەڵك لەخۆت ڕازی بکەیت وژیانی ڕۆژی دوایی خۆت لەم ژیانە خۆشتربکەیت، ئەم ژیانەتەنهابۆتاقیکردنەوەیەوەهەوڵ دەلەوتاقیکردنەوەداسەرکەویت. جابزانەکە پێغەمبەر(ﷺ)ئەفەرمویێت(اللهُمَّ أعطِ مُنفقاًخلَفاً، اللهُمَ أعطِ مُمسكاً تَلفاً). مانەکەی لەپاشدا دیٚت پێویستەکەم دەستان وبیٰ نەوایان ئەم چەندخاڵەی خوارەوەلەبەرچاوبگرن تابەربیٰ نمەکان نەکەون، چونکە ئیسلام مرۆڤی بیٰ نمەکی خۆش ناویٰ وئەفەرمویێت(مٌن لَم یٌشکُرِالناسٌ لَم یٌشکُرِالله)واتە، ئەوکەسەی کەسوپاسی خەڵك نەکات ئەوەسوپاسی خوایش ناکات.

1. هەرشتێکیان پیٰ بدرێت بەکەمی مەزانن چونکەهیچ یارمەتیەك لەزەرە کەمترنیەوخوائەفەرمویێت(فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ). هەرکەس بەئەندازەی زەرەیەك چاکەبکات دەی بینێتەوە.

2. دوعاونزای زۆربکات بۆئەوبەخشندەیەوهیچ نەبێت بەدوعای خێرپاداشی بداتەوە.

3. سوودوبەرژەوەندی ئەوبەخشندانە بپارێزن وشتی زۆربە نرخیان لیٰ وەرنەگرن بەتایبەت ئەگەرزەکات بووبەڵکوشتی مام ناوەندیان وەرگرن لەوشتانەدا کەجیاوازی تیاهەبێت.

4. کاتیٰ کەپێویستیان نەما ئەبێت زەکات وەرنەگرن ئەگیناتاوان بارن وکابرای زەکات دەریش ئەگەربزانیٰ بیٰ نیازن زەکاتەکەیان لەمل ناکەویٰ چونە بەجێگای پێویستی نەدراوە.

5. کەم دەستان وبیٰ نەوایان تائەوجێگایەی کەبۆیان ئەکرێت ئەبیٰ هەوڵ و تەقەلاٰی بەرزکردنەوەی ڕادەی ژیانی خۆیان بدەن وهەوڵ دەن ئەوانیش لەئاییندەیەکی نزیك دا خاوەن بەخشش بن چونکەبەخشندەخێری زۆرتری دەست ئەکەوێت لەلەگیرندە(اليَدُ العُليَا خيرُ مِنَ اليَدِ السُّفلي).

6. باسی چاکەی چاکەکاران بکەن وسوپاسیان بکەن.

7. عیزەتی نەفسیان هەبێت وخۆیان لەچاوچنۆکی ودنیاپەرستی بپارێزن وبەتەمای یارمەتی خەڵك نەبن وكاتێ پێیان درا وەریگرن.

8. تائەوجێگایە کەبۆیان ئەلوێت پاداشی چاکەکاران بدەنەوە.

براوخوشکەکانی سەروەتمەندوکەم دەستان وبێ نەوایانی خۆشەویست ئەگەرهەردوولا ئەومەرجانەی کەباسمان کرد لەبەرچاویان گرن بەڕاستی بەخۆشی وخۆشبەختی ئەژیت وسێبەری برایەتی و یەکێتی ویەکسانی هەمووگەل داگیرئەکات وهەمووزەلامێکی ئەوگەلەلەفێنکی ئەوسێبەرەدابەجوانی ئەحەسێتەوەولەئێش وژانەکانی دنیا فرە ئارام ئەگرێت وئەتوانن نموونەیەك بن بۆگەلانی تری جیهان وماماۆستایەك بن وەکوجاری جاران بۆخەڵك وبەورەفتارە بەنرخانەتان جیهانی سێیەم وبێ دادگەری وملهوڕی ودیکتاتۆری ڕۆشن کەنەوەوسەدان گەلی بێ نەواو ژێر دەست وستەم لێکراوی تر لەئێوەدەرس وەرگرن بەڵام ئەگەر هەروەکوئەمڕۆوابن ئەبێ هەمیشە ژێر چەپۆك وکۆڵ هەڵگروبارکێش بن بۆهەمووستەمکاران و ملهوڕان ولەخوا بێ خەبەران، زۆر جێگای داخە لەم چەرخەدا کەچەرخی زانینەگەلی بەتەسکەرە مسوڵمانی ئێمە هێشتاسەر لەهیچ دەرناکات وبەهەموبایەك خەرمانی خۆی شەن ئەکات بێ ئەوەبیرلەئامانج وپاشەڕۆژی خۆی بکاتەوە.

لەبەرڕژدی زۆرنیە

خوای گەورە دروستکەری مرۆڤ وهەست وخواستەکانیەتی ومرۆڤ چاك ئەناسێت و هەمووئاشکراو پەنهانیەکانی مرۆڤی لەلازۆر ڕونەئەگەرخۆشەویستی ماڵی لەناودڵدا دانەئەنامرۆڤ بەتەمەڵی پاڵی لێ ئەدایەوەوزەویش ئاوەدان نەئەکرایەوە، ئەوهەموونیعمەتە گەورە ولەژمارەنەهاتوی خوایش نەئەناسران وسودیان لێ وەرنەئەگیرا وگەلێکیان بێ کەڵك ئەمایەوە، ئاشکرایە خوای گەورە زەوی بۆمرۆڤ دروستکردوەوپێویستە لەسەری کەئاوەدانی کاتەوە، کەواتەپەروەردگاریش بۆتەواوکردنی نیعمەتەکانی بەسەرمرۆڤ دا ووزەوئەسبابی سودلێ وەرگرتنی پێداوەوخۆشەویستی گەلێك شتی لەناودڵیا ڕواندووەیەکێك لەوانە ماڵ ویستنە قورئان ئەوڕاستیەمان بۆڕوون ئەکاتەوەوئەفەرموێت: (زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ مِنَ النِّسَاءِ وَالْبَنِينَ وَالْقَنَاطِيرِ الْمُقَنْطَرَةِ مِنَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ وَالْخَيْلِ الْمُسَوَّمَةِ وَالأَنْعَامِ وَالْحَرْثِ ذَلِكَ مَتَاعُ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَاللَّهُ عِنْدَهُ حُسْنُ الْمَآبِ)ال عمران: 14، واتە: جوانکراوەبۆمرۆڤ خۆشەویستی ئارەزوەکان لەژنان وکوڕان وکۆمەڵەسەروەتی زۆری ئاڵتون وزیووئەسپی تالیمی وچوارپێ یان(مەڕوبزنووشتروگاو)کێڵگە، ئەمانەکەل وپەلی ژیانی دنیان وەلەلای خوایەلەڕۆژی قیامەتا جوانترین وشیرینترین جێگا. لەم ئایەتە پیرۆزەوە بۆمان دەرکەوت کەئیسلام سەرکوتی ئارەزوەکان ناکات بەڵکوبەپێچەوانەوە ئارەزووەکان

تیژئەکاتەوەو هەڵیان ئەنێت کەهەریەکەیان بەشی خۆی لەڕێگای خۆیەوە پەیدابکات وبەکاری بهێنێ، دەی

ئاشکرایەکەخوای خاوەن دەسەلات وزاناناگاداره بەسەرئەوەدا ئەگەرئیجازەی بێ سنوور بەهەرلایەنێك بەلایەنەكانی

مرۆڤ بدرێت، نەك دنیائاوەدان ناكرێتەوە بەڵكو لەبەین ئەبرێ و وێران ئەكرێت، بۆیە زانای كاربەجێ بۆهەموو

ئارەزوخواستەكانی مرۆڤ یاسایەكی تایبەتی بۆداناوەوسنووری بۆدیاری كردوەوڕازی نیە لەوسنوره لاداوسەرلەخۆی

وخەڵكیش تێك بدات چونكە ئەودروستكەرەودروستكراوی خۆی چاك ئەناسێت. بۆنموونە، خۆشەویستی ماڵ لەدڵی

مرۆڤدا ناسرێتەوەوماوەیشی پێ نادات كەبەئارەزەی خۆی چی ویست وابكاوەهەمووسودەكانی ڕواڵەتی خۆی بێ

لەبەرچاوگرتنی زیانی ئەم وئەودابین بكات، بەڵكوڕێگای پەیداكردنی بۆدیاری كردوەونابێ لەوڕێگایەبترازێت

وەماوەی داوە كەخاوەنی ماڵ بێت بەومەرجانەی كەلەپێشەوە باسمان كردوئەڵێ خەرج بكەبەومەرجەنەگاتە هەڵە

خەرجی وزیادەڕەوی(وَكُلُوا وَاشْرَبُوا وَلا تُسْرِفُوا إِنَّهُ لا يُحِبُّ الْمُسْرِفِينَ)الاعراف/ 31، واته: بخۆن وبخۆنەوەوزیادەڕەوی

مەكەن بەڕاستی خودا زیادڕەوانی خۆش ناوێت، هەروەهاماوەی ماڵكۆكردنەوەی پێداوەبەلام چی وتاچەندێك و بێ

سنورەنیە(ئەمانە هەمویان لەباسەكانی پێشوودارون كراونەتەوە، جارێكی ترسەرلەوباسانەبدەوسنورەكانیانبناسە).

براوخوشكی مسوڵمان، ئاینی مرۆڤ پەروەری ئیسلام یاسای خوای زاناو كاربەجێ یەوهەموبریارەكانی

لەسەربناغەی ژیری ومرۆڤ دۆستی وبۆسودوبەرژەوەندی هەمووئینسانەكان دانراوە نەك بۆچینێك یاگەلێك یازبان

ورەنگێك، وەكولەباسی زەوی بۆهەمووئینسانەدا باسمان كرد ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی كۆكردنەوەوعەنبارکردنی

ماڵەوبێزاره لەورەفتاره ناپەسەندو بێ بەزەییانەو هەڕەشەی سزاو ئاگری جەهەنەمی لێ كردون وەلەچەند

بارودۆخێكی تایبەتی دا نەبێت وەكونەدانی زەكات یائیحتیاجی زۆری خەڵك ومیری نەتوانێت بەسەریانا بگات

وچەندوێنەی تركەلەپەڕاوە فیقهیەگەورەكاندا بەدرێژی باس كراون بەزۆرماڵی سەروەت مەندان هەموویابەشێكی

بەسودی گشتی وەرناگیرێت وخوداخۆی ئەزانێ لەناوئەودروست كراوەی خۆیداولەبەرڕەزامەندی خواوسودی خەڵك

فیدای ئەكات وچاولەهەمووخۆشی وخۆشگوزەرانێكی خۆی ئەپۆشێ وچی لەتوانا بێت كۆتایی ناكات، چونكەخۆی

وسامانەكەیشی بەهی خوائەزانێ ولەگەڵ ئەوەشدا هێشتا هەرلەخوائەترسێت(وَالَّذِينَ يُؤْتُونَ مَا آتَوْا وَقُلُوبُهُمْ وَجِلَةٌ أَنَّهُمْ إِلَى

رَبِّهِمْ رَاجِعُونَ)المؤمنون/60.

واتە، ئەوانەی كەهەمووئیشێكی چاك ئەكەن وهێشتا دڵیان ئەترسێت چونكەئەزانن دووبارە ئەگەڕێنەوە بۆلای

خواوحیسابی هەمووشتێكیان لەگەڵ ئەكرێت، كەمی واهەیە ئابەوشێوە ڕەفتاربكەن و(ئەبوبەكر)ئاسایی بكەونەماڵی

خۆیان وبەچەپ وبەڕاستا لەڕێگای ئایین وڕزگاری چەوساواندا بڵاوبكاتەوە خوای گەورەودادگەر ئەزانێ كەزۆربەی

هەرە زۆری بەندەکانی بەوشێوە ڕەفتارناکەن ولەکۆکردنەوەودانانی لەسەریەك زۆرسورن وئامادەنین لەسودی گشتی داخەرجی بکەن بۆیەئەفەرموێت(إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى)اللیل/ 4، واتە: بەڕاستی کۆششی ئێوەچەندەهاجۆرە، هەندێك ئامادەیە ماڵ وگیانی لەڕێگای خوادافیدای بکات وهەندێك دژی خواو ئایین خۆی لەناوئەدا هەندێك ئەگەرئیشی چاکیان بۆهەوڵ نەکەوێ ژیانیان پێ خەسارەوهەندێك ئەگەرداوای چاکەیان لێ بکرێت پێ یان خەسارە، هەندێك بۆبەرژەوەندی خەڵك گیان وماڵ دائەنێن وهوندێك بۆسودی خۆیان هەزاران گیان وماڵ لەناوئەبەن بەڕاستی(إِنَّ سَعْيَكُمْ لَشَتَّى).

خوێنەری بەڕێز، خوای میهرەبانوخاوەن نیعمەت ئەوەندە بەلوتفەتاقیکردنەوەی مرۆڤ تا پلەیەك ئەباوزۆرتەنگ بەمرۆڤ هەڵناچنێ چونکە خوانایەوێ خەڵك لەیاساکەی لاداوتاقیکردنەوەی تەنیا بۆپاڵفتەکردنی دۆستەکانیەتی تانەیەڵێ مرۆڤی گەندەڵ وناپاك لەوریزەدا خۆیان بشارنەوە، تەنانەت ئەوەندەتەنگی ناکات هێشتا هەندێ مرۆڤی گەندەڵی پشووردرێژی لەناودائەمێنێتەوە، ئەوەتەوڕەیی خۆی لەعەنبارکردن دەرئەبڕێ وبەڵێنی سزای ڕۆژی قیامەتی یان پێ ئەدا ئەگەربەوڕەفتارە ناپەسەندەدرێژە بدەن، بەلاَم زۆریان لێ ناکات بۆکەم کردنەوەی سەروەتەکانیان چونکەچاك دروستکراوی خۆی ئەناسێ و ئەزانێ ئەگەرزۆری لێ بکات لەژێر بار لائەچێت وگوێ بەیاسای ئیسلام نادات وخۆی دوچاری سەرگەردانی وماڵ وێرانی دنیاوقیامەت ئەکات ئەگینا ئیسلام هیچ کات لەگەڵ سەرمایەداریدا دانوی ناکوڵێت، جاباڵەوانەی کەخۆیان بەمسوڵمان ئەزانن وهەمیشە خەریکی ماڵ کۆکردنەوەو عەنبارکردنن باتەماشای ئەم ئایەتە پیرۆزانە بکەن کەخوائەفەرموێت: (إِنَّمَا الْحَيَاةُ الدُّنْيَا لَعِبٌ وَلَهْوٌ وَإِنْ تُؤْمِنُوا وَتَتَّقُوا يُؤْتِكُمْ أُجُورَكُمْ وَلَا يَسْأَلْكُمْ أَمْوَالَكُمْ (36) إِنْ يَسْأَلْكُمُوهَا فَيُحْفِكُمْ تَبْخَلُوا وَيُخْرِجْ أَضْغَانَكُمْ (37) هَاأَنْتُمْ هَؤُلَاءِ تُدْعَوْنَ لِتُنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمِنْكُمْ مَنْ يَبْخَلُ وَمَنْ يَبْخَلْ فَإِنَّمَا يَبْخَلُ عَنْ نَفْسِهِ وَاللَّهُ الْغَنِيُّ وَأَنْتُمُ الْفُقَرَاءُ وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ (38)) محمد/36-38.

براوخوشکە مسوڵمانەکان بابەرلەوەی مانای ئەم ئایەتانەبکەین بابزانین ئەم ئایەتانە کەی هاتنە خوارو ڕویان لەچ کەسانێکەولەکێ تورەن، ئەم ئایەتە پیرۆزانە لەشاری مەدینەدا هاتنەخوارورویان لەومسوڵمانانەکرد کەنیوەی ماڵەکەی خۆیان دابووبەکۆچەریەکانی مەککەوتەنانەت هی وایان هەبووکەخاوەنی دووژن بووبەهاوڕێ کۆچەریەکەی ئەوت: (تەماشای ژنەکانی من بکەکامیانت ئەوێ تامن تەلاقی بدەم بۆت)ئاشکرایەهاوەڵەکۆچەرییەکان و شاگردانی یەکەم قوتابخانەی پێغەمبەرخاوەنی چەندین نەریت وخوی پەسەندبون وبۆخۆشی وڕابواردن وئاسودەیی خۆیان ماوەیان بەخۆیان نەئەدا کەئەوشتە بەنرخانە لەبرا موسڵمانەیارمەتی دەرەکانیان وەرگرن. ئەم ئایەتە پیرۆزانە ڕوئەکەنە ئەومسوڵمانانەوئەفەرموێت: ژیانی دنیا ئەوەندە گرنگ نیەکەئێوە ئەوسەروەت وسامانە زۆرەی بۆکۆئەکەنەوەوژیانی

دنیا گاڵتەوگەمەیەکەوزیاترنیەوکۆتایی پێ دێت، ئەگەرباوەڕبهێنن وخۆتان لەڕق وتوڕەیی خوابپارێزن، خواپاداشتان ئەداتەوە وخوا داوای ماڵتان لێ ناکات وماڵی ئێوەی ناوێ وبێ نیازە لەماڵەکانتان، ئەگەرداواتان لێ بکات وزۆرتان لێ بکات ڕژدی ئەکەن ورق وقینی ناودڵی خۆتان سەبارەت بەئایین ئاشکرا ئەکەن چونکەئەوەندەماڵتان خۆش ئەوێ وهەوڵی کۆکردنەوەوعەنبارکردنی ئەدەن ئەگەرداوای بەخشینی ماڵتان لێ بکرێ ولەوبارەوەزۆرتان لێ بکرێت لەژێر باردەرئەچن وگوێ بەیاسای ئیسلام نادەن، – بەڵام نەئەبوو وابن ئەوەبوو ئێوە بانگ کران بۆئەوەی ماڵ سەرف بکەن لەڕێگای خوادا، هەندێکتان ڕژدی تان کرد، هەرکەسێ ڕژدی بکات زیانی بەخۆی گەیاندوە، وەخوا بێ نیازەو ئێوە موحتاجن، وەئەگەرلەئایین پاشگەزئەبنەوەخوائێوەی ناوێ وگەلێکی تردێنێتە سەرکارکەئەوان وەکوئێوەنەبن.

بەڵکوئەوان خاوەن باوەڕو لەخواترس وماڵ سەرف کەربن لەڕێگای بەرزوبەهێزکردنی ڕێبازەکەی خوداودوربن لەڕژدی وبەخیلی، هەروەها قورئان ڕووبەڕووبەموسوڵمانانە ئەکات وئەفەرموێت: (وَأَنْفِقُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَلَا تُلْقُوا بِأَيْدِيكُمْ إِلَى التَّهْلُكَةِ وَأَحْسِنُوا إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُحْسِنِينَ)البقرە/195، واتە، لەخەیاڵی ماڵ کۆکردنەوەوسەروەت وسامان نانەوەیەکدا نەبن بەڵکو ماڵ سەرف بکەن لەڕێکای خوداو بەخیلی وڕژدی نەکەن وبەدەستی خۆتان خۆتان نەخەنەتەنگ وچەڵەمەی قیامەت وژیانی دنیاوە چونکەجیهادو تێکۆشان لەڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایین ودامەزراندنی پێویستی بەماڵ هەیە، ئەگەرماڵ سەرف نەکرێت لەڕێگای ئاییندا ئەوەئاینەکەتان بۆسەقامگیرنابێت ولەدنیادالەونیعمەتەگەورەبێ بەش ئەبن ولەڕۆژی دواییشدادووچاری سزای سەخت ئەبن کەوابووخۆتان نەخەنەناوئەوئێش وئازارەوە بەهۆی ڕژدیتانەوە، چاکەبکەن، چاکەبەڕاستی خواچاکەکارانی خۆش ئەوێت. لەم ئایەتەپیرۆزەدا دەرکەوت کەخۆگرتنەوە لەسەرف کردنی ماڵ لەڕێگای خواداو عەنبارکردنی سەروەت وسامان وگوێ نەدان بەئایین نەك خۆشبەختی ناهێنێت بەڵکو بەپێچەوانەوەشەرمەندەیی وسەرشۆڕی هەردووجیهانی بەدواوەیە.

براوخوشکەمسوڵمانەکان، هیوادارین بەچاکی ئاینەپیرۆزەکەی خۆتان بناسن وئەرکی سەرشانی خۆتان سەبارەت بەوئاینەئەنجام بدەن چونکە ناسینی بێ کردەوە، هیچ دەردێك دەوا ناکات وەکو ئەوەوایە کابرایەك سەری ئێش وبکات وبزانێ کەئەسپرین باشە بۆسەرئێشەوهەربڵێ ئەسپرین باشە. ئەسپرین باشە، ئایاچاك ئەبێتەوە؟ بەڵام ئەگەربێ دەنگ ئەسپرینەکە بخوات سودی لێ وەرناگرێت؟ واتەکردارمەرجی ڕاستی بیروڕایە نەقسەی ڕوت، جائەگەرلەئیسلام دا سەروەت وسامانی عەنبارکراو بەزۆرلەخاوەنەکەی نەسەنراوە لەبەرئەوەنەبوە کەئیسلام بەوعەنبارکردنە ڕازی بوبێت بەڵکولەبەرئەوسیفەتەیە کەکەم کەس ئەتوانێ بەسەریازاڵ بێت، ئەگەرزۆربخرێتەکار سەرمایەداران لەباتی سوپاسی نیعمەتەکانی خواویارمەتی ئاینە پیرۆزەکەی ئیسلام بدەن زۆربەیان ئەبن

بەسەدلەڕێگای بڵاوکردنەوەی ئایین داوبەوماڵ وسەروەتەیان هەزاران کەم دەست وبیٚ نەوائەخەڵەتێنن وئەیان کەن

بەداردەستی خۆیان وپارێزگاری سامانەکانی خۆیانیان پیٚ ئەکەن کەحەزرەتی عومەر(ڕەزای خوای لیٚ بیٚ)یەکەم

قوربانی ئەم بەرنامە ڕاستەبۆبەدەست شازادەوماڵ پەرستانی ئەوسەردەمەچونکەیەکەم کەس بووکەهەوڵی دا ئەم

بەرنامەیەبەشێوەیەکی گشتی بەڕێوەببات. * کوردواتەنی(لەعاقڵان ئیشارەتێك).

براوخوشکەمسوڵمانەکان تەماشایەکی ئەومسوڵمانەبکەن کەئەوچەندئایەتە پیرۆزانە ڕویان لیٚ کردون وتوڕەیە

لەسەرهەڵوێستی هەندێکیان سەبارەت بەئایین وبەرنامەی ئابوری. جائینجا ئەزانی کەئەمڕۆئێمەلەچ قۆناغێکداین

ئایاڕەوایە خۆمان بەمسوڵمان ناوببەین؟ ئەمڕۆهەمووسەروەتمەندانمان بەوسامانەی کەخواپیٚ ی داون سەرخۆشن

وبێجگەلەخۆیان کەس نابینن وبێجگەلەبەرژەوەندی خۆیان

بەرژەوەندی هیچ کەسێکی تریان لەبەرچاونیە، بەڵکو بەدووکۆشك وچەندین سەیارەوهەزاران دینار هەرتێرنابن

هەمیشە خەریکی سوێندی درۆخواردن وفێڵ وفڕن تابتوانن شتێکی تری لیٚ زیاد کەن وئەگەریارمەتیەکیان لیٚ

داواکرێت یاهەرخۆیانی لیٚ کەڕئەکەن

وەیابەشێوەیەکی وائەویارمەتیە ئەدەن کەگیرندە بێجگەلەشەرمەزاری هیچی تری دەست ناکەوێت، ئەگەرئامۆژگاریش

بکرێن قاروون ئاسایی ئەڵێت(قَالَ إِنَّمَا أُوتِيتُهُ عَلَى عِلْمٍ عِنْدِي أَوَلَمْ يَعْلَمْ أَنَّ اللَّهَ قَدْ أَهْلَكَ مِنْ قَبْلِهِ مِنَ الْقُرُونِ مَنْ هُوَ أَشَدُّ مِنْهُ قُوَّةً

وَأَكْثَرُ جَمْعًا وَلا يُسْأَلُ عَنْ ذُنُوبِهِمُ الْمُجْرِمُونَ)القصص/78.

واتە، بێجگەلەزانیاری خۆم هیچ شتێك ئەوماڵەی بەمن نەداوەومنەتی کەسم بەسەرەوە نی یە، ئایاهەرئاوەها

بیرئەکاتەوە؟ ئایانازانێت خوالەپێش ئەوداچەندین گەلی لەوبەهێزتروسامان زۆرتری لەناوبردووە؟ تاوان باران ئەوەندە

ناسراوودیارین بەرەوسزای جەهەنەم بەڕیٚ ئەکرێن وپرسیاری تاوانەکانیان تازەلیٚ ناکرێت.

ساماندارانی ئەمڕۆی ئێمە بەدەیان کۆشك وسەیارەوموغازەی گەورە هەرناڵێن بەسەولەگەڵ ئەوەشدا
لەملاولایانەوەچەندین براوخوشکی مسوڵمانی خۆیان ئەبینن کەبەنانی شەویٚ موحتاجن زۆرجاردوکەڵی هەناسەی
هەناوی لەبرسا سوتاویان تێکەڵاوی دووکەڵی گۆشتی برژاوی ئەوان ئەبێت وجارێکیش نەیان توانی ئەودوکەڵەلەیەك
جیاکەنەوەوئاورێك بەلای ئەوانیشا بدەنەوەوقازانجی چەندرۆژێکی تەمەنیان پێشکەش بەوبراوخوشکەبیٚ نەواوکەم
دەستانەیان بکەن وەلەباتی یارمەتی دانیان کۆشکەکانیان ماڵە بچکۆلەکانی ئەوانیان بیٚ پەردەکردووە ڕێگای هەوای
پاکیشیان لیٚ گرتوون!! لەهەمووسەیرترئەوەیە کەلافی برایەتی ویەکێتی لیٚ ئەدەن!!برا، ئەگەربرایەتی وابیٚ ئەی

---

* هەمان کردار پێغەمبەری مەون(ﷺ) لەکاتی هاتنی بۆمەدینەدا لەناوئەوکۆمەڵە پاك وخاوێنەدا ئەنجامی دابەڵام لەبەرکەمی مانەوەی پێغەمبەروپەیدابونی نۆمسوڵمان ئەوبەرنامەیەلەوکۆمەڵە زیاتر تیٚ نەپەڕیوەو ئەوبڕیارەی حەزرەتی عومەردرێژەدان بوبەوسیاسەتەبەڵام ناکام کرابەپیلانێکی سیٚ قۆڵی(ئاگرپەرس وجولەکەومنافقەکان)

دوژمنایەتی چۆنە؟ برائیسلام بەپرچ وریش ومێزەرەی مەلاوشاڵی مام حاجی وتەزبیحی سەدانەوریزی ئەوەڵی جەماعەت و وورتە وورتی لێوان نیە، ئیسلام کردەوەیە، کردەوە، وەك پێغەمبەرمان(ﷺ)ئەفەرموێت(ان الله لاينظُرُ الي صُوَرِكُم وأجسادكُم ولكن يَنظُرُ الي قُلُوبِكُم وأعمالِكُم) واتەخوا تەماشای وێنەولەشتان ناکات بەڵکوتەماشای دڵەکانتان وکردەوەکانتان ئەکات. ئەی خاوەن سەروەتان چاك بزانن لادانی زۆربەی بێ نەوایان وکەم دەستان لەئایین ونەبون، یاکەمی تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی ئیسلام هۆی زۆرگرنگی ئێوەن بەوڕەفتارەتان برام بۆئەترسیت لەسەرفکردنی سەروەتەکەت؟ مەگەرنازانی خوابەڵێنی داوەکەجێگای خاڵی پڕبکاتەوە (بنی ادَمَ أنفق أُنفق عَليك)ئەی کوڕانی ئادەم ببەخشن تاببەخشرێ پێتان. هەروەهافریشتەکان هەموویەیانیەك دوعای خێربۆبەخشندەکان ئەکەن ونزای شەڕ لەڕژدی وبەخیلەکان ئەکەن وئەڵێن(اللّهم أعط مُنفِقا خَلفاً اللّهم اعط مَمسِكا تَلفاً) خوایە ببەخشەبەوانەی کەئەبەخشن وبفەوتێنەماڵی ئەوانەی کەنابەخشن.ئەی خاوەن باوەڕان ئەوسەروەت وسامانەکەخوا بەئێوەی داوەئەگەربەدڵێکی خاوێنەوەوبەبیروڕایەکی ڕاستەوەببەخشن سودێکی زۆرگەورە وگرنگتان دەست ئەکەوێت و خوالەتاوانەکانتان خۆش ئەبێت(إِنْ تُقْرِضُوا اللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَاعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ وَاللَّهُ شَكُورٌ حَلِيمٌ)التغابن/17.

واتە، ئەگەرئێوەقەرزی جوان بدەن بەخوا، خوائەوچاکەیەزل ئەکات ولەتاوانەکانتان چاوپۆشی ئەکاوبەڕاستی خوا سوپاسی چاکەکاران ئەکات وبەحەوسەڵەیە. واتە ئەگەرزۆرپاداشتان نەدی نائومێد نەبن ودڵنیابن کەخوا ڕێزتان لێ ئەگرێ وچاکەی ئێوەی لەبیرناچێت وچاوەڕوانی لەمرۆڤیش ئەکات کەخۆگروبەحەوسەڵەبن.

خوێنەری بەڕێز، جاتەماشای بەخشندەیی وکەرەمی خوای گەورەوزانابکە، ئەوهەموونیعمەتانە کەخوابەمرۆڤی داوە هەرلەلەش وچاووتەمەن وژیری وەبگرەتاسەروەت وسامان هی خۆیەتی وبەئەمانەت بەمرۆڤی بەخشیون و ئەفەرموێ : سەرفی بکە تابیروباوەڕەکەت بەسەلامەتی بمێنێتەوە سەرفی بکە تامن سوپاست بکەم، سەرفی بکە تابەڵگەبێت لەسەرسوپاسی تۆبۆمن. من کەهەمووئەونیعمەتانەم بەتۆداوەکەچی تۆلاساری ونالەباری پێ ئەکەیت، من هێشتاهەرخۆئەگرم تاکاتی دیاری وبەحەوسەڵەم تابەڵکوپێش هاتنی کاتی دیاری لەوڕەفتارانەی خۆت پەشیمان ببیتەوەولەڕێگای خواپەرستی وخزمەت بەخەڵکی خواداهەنگاوهەڵگریت وخواوخەڵکت لەخۆت ڕازی کەیت، زۆرکەس بوون لەپێش بوندا بەڵێنیان ئەداوسوێندیان ئەخواردئەگەربێت وخواماڵیان پێ بدا زۆربەچاکی لەوماڵە ئیش ئەکەن ولەهیچ چاکەیەك کۆتایی ناکەن بەڵام کاتێ خواسەروەتی بەسەرداڕژادن بەڵێن وسوێندەکانی خۆیان نەبردەسەرو چونەڕیزی دووروەکانەوە(وَمِنْهُمْ مَنْ عَاهَدَ اللَّهَ لَئِنْ آتَانَا مِنْ فَضْلِهِ لَنَصَّدَّقَنَّ وَلَنَكُونَنَّ مِنَ الصَّالِحِينَ (75) فَلَمَّا آتَاهُمْ مِنْ فَضْلِهِ بَخِلُوا بِهِ وَتَوَلَّوْا وَهُمْ مُعْرِضُونَ (76) فَأَعْقَبَهُمْ نِفَاقًا فِي قُلُوبِهِمْ إِلَى يَوْمِ يَلْقَوْنَهُ بِمَا أَخْلَفُوا اللَّهَ مَا وَعَدُوهُ وَبِمَا كَانُوا يَكْذِبُونَ (77) أَلَمْ يَعْلَمُوا أَنَّ اللَّهَ يَعْلَمُ سِرَّهُمْ وَنَجْوَاهُمْ وَأَنَّ اللَّهَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ) توبە،75-78.

واتەلەناومسوڵماناندا هەندێك هەبووون کەپەیمانیان بەخودائەداوئەیان وت ئەگەربێت وخوالەنیعمەتەکانی خۆی برژێنێت بەسەرماندا و دەوڵەمەندمان بکات ئێمەیش پیاوی چاك ئەبین، بەڵام وەختێك خوادەوڵەمەندی کردن پەیمانەکانی خۆیان شکاند ورژدورەزیل بوون ولەیاسای ئیسلام پاشگەزبونەوەجالەبەرئەوبێ وەفایی ورژدەی وئەودرۆیانەی کە کردیان دوودڵی ودڵەڕاوکێ بووبەبەشیان تائەوڕۆژەی ئەگەنەخزمەتی خوا، ئایانازانن کەخوانهێنی وچفەی ئەوان ئەزانێت؟؟ وەبەڕاستی خوازانەری نهێنیەکانە– هیوادارین کەبرامسوڵمانەکانمان ئاوڕێك لەخۆیان بدەن ونەچنەئەوڕیزەوە(اللهم ربنا اتنا في الدنيا حَسَنةً وفي الاخرة حَسَنة وقنا عَابَ النَّار)امین.

باوەڕ گرنگترین پاسەوانی ئابوورییە

سەرچاوەی هەمووژییریەك وبەردی بناغەی هەمووخۆش بەختیەك ترسان لەخوایە، ئەوکەسەی کەباوەڕی بەخوای خاوەن دەسەڵات وزاناودانا هەبێت و بزانێ کەڕۆژێ دێت کەلەبەردەم خوادا هەمووکردارەکانی ئەخرێتەڕووهیچ ون نابێت مەگەرخواخۆی چاوپۆشی لێ بکات ناتوانێت لەیاسای ئەوزاتەلادات، لادات باکەسیشی لەگەڵانەبێ ولەشەوێکی

زۆرتاریکیشابێت، چونکەئەزانیٚ ئەوزاتەنەك تەنیا ئاگای لیٚ یەتی بەڵکو خترورەکانی ناوی دڵی ئەودروستیان ئەکات ئیتر چۆن دەتوانێت خۆی یان کردارەکانی لەوزاتەبشارێتەوە؟ وەیادژی یاساکەی ئەو ڕەفتاربکات؟ واتەئیسلام سەرەڕای یاسای تۆڵەوسزای دنیابۆتاوانباران لەوباوەڕەدایە کەئەویاسایەبەتەنیایی ناتوانێت خەڵکی لەتاوان و ڕەوشتی ناپەسەندبگێڕێتەوە لەم بارەوەئەوەندەشتەکەڕونەهیچ پێویست بەبەڵگەناکات، تەنها یەك ڕۆژ گۆڤارو ڕۆژنامەکانی جیهان تەماشاکەیت وسەرنجیٚ لەتاوانەکان بدەیت لەگەڵ ئەوهەموویاسای گەورە وگرانانەی دەستکردی مرۆڤ وئەوهەمووچاودێری کەروپۆلیسانەدابۆت ئاشکرا ئەبێت کەلێدان وزیندان وتۆڵەسەندنەوەی ڕووت وبەرگری توندوتیژ ناتوانێت بەتەواوی ئەمن وئاسایش بۆخەڵکی دەستەبەرکات وڕێگای تاوانەکان بگریٚ، ئەوتاقانەڕێبازەی کەهەمووکەس وەکویەك تەماشاکات وکەس لەدەستی دەرنەچێت و نەپاداش ونەتۆڵەی کەسی لەبیرنەچێتەوە تەنیاڕێبازی ئیسلامە وبەس(بۆزیاتر شارەزابوون لەم بارەوە تەماشای نامیلکەی(کیٚ یاسامان بۆدانیٚ؟) بکە.

چونکە ئیسلام بناغەکەی لەسەربیروباوەڕ بەخوای گەورەوخاوەن دەسەلاَت دانراوە، ئەوخوایەی کەهیچی لیٚ ون نابێت نەگەورەونەبچوك نەوتەونەکردارونە ئاشکراو نەنهینی(عَالِمِ الْغَيْبِ لا يَعْزُبُ عَنْهُ مِثْقَالُ ذَرَّةٍ فِي السَّمَوَاتِ وَلا فِي الأَرْضِ وَلا أَصْغَرُ مِنْ ذَلِكَ وَلا أَكْبَرُ إِلا فِي كِتَابٍ مُبِينٍ)سبأ/3

واتە، خوا زانەری هەموشتەشاراوەکانەوبەئەندازەی زەرەیەکوبچوکترلەزەرەوگەورەترلەزەرەی لەناوئاسمانان ولەناوزەویدا لیٚ ون نابێت وچیچ شتێکی لیٚ حەشارنادرێت مەگەرلەپەراوی ڕون کەرەوەی ڕاست وناڕاستدا تۆمارکرابێت ئاشکرایەئەوکەسەی کەباوەڕی ئاوای بەوزاتەخاوەن دەسەلاَتەهەبیٚ وباوەڕی بەڕۆژی قیامەت وپاداشت وسزای ئەوڕۆژە نەبڕاوە هەبێت نەك خۆی تاوان ناکات بەڵکوئەگەرزۆریشی لیٚ بکرێت تائەوجێگایە کەئیختیاری لەدەست خۆیدا هەبێت هەرتاوان ناکات. چونکەئەزانیٚ هەرهێزودەسەلاَتیٚ زۆرلەوبکات هەرکەس وهەرچۆن ببێت هێشتا لەبەردەم هێزوتوانایی خوادا هەرلاوازوبیٚ دەسەلاَتە وەئەگەرخاوەنی هێزودەسەلاَتیش بێت ئەزانیٚ کەئەوهێزودەسەلاَتەی ئەمانەتن وهەروەخت خوائارەزوی لیٚ بێت خۆیش ودەسەلاَتەکەیشی ئەباتەوە، ئیترهیچ کات خۆی لیٚ بایی نابێت ولەهەرپلەومەقامێکی بەرزو لەهەرجێگایەکدا هەبێت نەك دژایەتی ئایین ناکات بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوهێزودەسەلاَتەی خۆی لەخزمەت ئایین ڕێبازە ئاشتی خوازەکەی ئیسلامدا بەکارئەهێنیٚ لەبەرئەوپلەومەقامەی کە بەئەمانەت داویەنی پیٚ ی وزیاترهەست بەبەرپرسی ئەکاو زیاتر هەوڵ ئەدات خوالەخۆی ڕازی کات وەئەگەردووچاری هەڵەوتاوانێکیش بیٚ هەوڵ دەدات بەکردارێکی باش وبەندایەتی دڵسۆزانەو بیٚ خەوش وخاڵ بیسرێتەوە چونکە ئەزانیٚ پەروەردگاری زۆرمیهرەبان وبەخشندەیەو فەرمویەتی(إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ)هود/114، بەڕاستی چاکەکان خراپەکان لائەبەن.

جا، ئەوانەی کەخۆیان ڕژدوڕەزیل بن بەچ ڕوویەکەوە داوای بەخشش لەخوا ئەکەن؟!! خوێنەری بەڕێز، سزاو تۆڵەی ڕۆژی دوایی ودەرنەچون لەژێردەستی خوداوسزای ڕۆژانی هەرگیز دوانەهات وئەبێتە هۆی گەڕانەوەی مرۆڤ لەتاوان واتە، لەکڕین وفرۆشتن دا ئەوەی کەمایەی نارەزایی خوابێت، ئەنجامی نادات وەلەبەخشین ومالٚ سەرف کردنیشاهەروائەبێت ئاشکرایەکەخاوەن باوەڕی وانەسوخۆرە نەخیانەت کارە نەفێڵ بازە نەقازانج وسودی خۆی پێش قازانج وسودی خەڵك ئەخات، نەماڵ بەشێوەی ناڕەوا وەکوقوماروشەراب وتلیاك وجگەرەوباقی شتەحەرامەکانی ترسەرف ئەکات ونەهەڵە خەرج ئەبێت وەنەڕژدوبەخیل وپیسکە نەماڵ بەهەردم سەرف ئەکات ونەبەندەی ماڵ وعەنبارکەرئەبێت، جائەگەرهەمووگەلان وابێت چی هەیە لەوەچاکتربێت؟ بەڕاستی ئەوانەی کەخوابەچاکی ئەناسن وئەزانن کەهەمیشە لەگەڵیاندایەو بەچاوتروکاندن لێیان بیٚ ئاگانابیٚ(وَهُوَ مَعَكُمْ أَيْنَمَا كُنتُمْ)الحديد/4، ناتوانن بەدەستی ئەنقەست تاوان بکەن ودرێژەی پیٚ بدەن واتە، باوەڕبەخواو بەڕۆژی دوایی گەورەترین هاندەروپاڵنەری مرۆڤەبۆچاکەکردن وهیچ چاکەیەك بەکەم نازانیٚ ودەستی بەسەرهەرچاکەیەکدا گەیشت نایبوێرێت، هەرلەلابردنی دڕکێك لەسەر ڕێگادا هەتابەش کردنی ماڵەکەی لەگەڵ خەڵکاودڵنیایە کەئیشەکانی بەزایەناچێت وپاداشتی

هەمووچاکەکانی وەرئەگرێتەوە(وَمَا يَفْعَلُوا مِنْ خَيْرٍ فَلَنْ يُكْفَرُوهُ وَاللَّهُ عَلِيمٌ بِالْمُتَّقِينَ) ال عمران/115،واتە، هیچ چاکەیەکتان پێ شێل ناکرێت وەخوائەزانێ کامانە لەخوا ئەترسن وهیچی لێ پەنهان نابێ.

بەڵێ، خاوەن باوەڕی ڕاست بەهۆی ئەوبیروباوەڕەوەئارام ئارام هەنگاوەکانی هەڵئەگرێ وئەوەی لەتوانای دابێت لەئیشی چاك وخزمەت بەخەڵك کۆتایی ناکات وئەڵێ(رَبَّنَا وَلا تَحْمِلْ عَلَيْنَا إِصْرًا كَمَا حَمَلْتَهُ عَلَى الَّذِينَ مِنْ قَبْلِنَا رَبَّنَا وَلا تُحَمِّلْنَا مَا لا طَاقَةَ لَنَا بِهِ وَاعْفُ عَنَّا وَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا أَنْتَ مَوْلَانَا فَانْصُرْنَا عَلَى الْقَوْمِ الْكَافِرِينَ) 286/البقرە. خوای ئێمەپێمان هەڵمەگرەئەوشتەی کەلەتواناماندانەبێت وچاوپۆشیمان لێ بکەولێمان خۆش ببەوبەزەییت بێت پێماندا، تۆدۆست وسەرپەرشتی ئێمەیت وسەرمان بخەبەسەرگەلی کافراندا.

وصلی الله علی قائدنامحمدواله اجمعین

15/ڕەمەزانی/1408ك

پوختەی قسەکانمان

براوخوشکە مسوڵمانەکانم، ئەم چەندخاڵەی خوارەوە پوختەی قسەکانمانە:

1. ئیسلام زەوی بەموڵکی خوادائەنێ وهەمووخەڵکیش بەبەندەی خوائەزانێت بەبێ جیاوازی.

2. ئیسلام هەمووشتێکی ڕەوای بەلاوەپێویستەونابێ بۆهیچ شتێکی پێویست خەڵك ماتەڵ بکرێت.

3. ئیسلام بێجگەلەپاداشی دنیایی وسوپاس، پاداشی چەندبەرانبەری هەیەبۆچاکەکاران لە ڕۆژی دواییدا.

4.ئیسلام بێجگەلەتۆڵەوسزای لەدنیادا سزای قیامەتیشی هەیە بۆتاوانباران واتە، هیچ کەس ناتوانێت لەدەست یاسادانەر دەرچێت وەك یاسا دەستکردەکان نیە کەبەفرت وفێڵ خۆتی لێ دەربازبکەیت.

5. ئیسلام دان بەموڵکیەتی تاك دائەنێ وبەهۆیەکی گرنگی پێشکەوتن وئاوەدانی زەوی ئەزانێت بەپێچەوانەی شیوعیەت.

6. لەیاسای ئیسلامدا ئەبێ هەمووکەس بەبێ جیاوازی، خۆراك وپۆشاك وماڵی هەبێت.

7. هەرکەسێك توانای ئیشی ڕەوای هەبێت ئەبێ ئیش بکات.

8. هەرکەسێك توانای ئیشی نەبێت ئەبێ لاخواروی خۆراك وپۆشاك وماڵی هەبێت.

9. کرێ بەگوێرەی جۆروسودی ئیشە.

10. ئیسلام دژی سەرمایەدارییەوبەهێواش ومرۆڤ ناسانە بۆنەهێشتنی هەنگاوهەڵئەگرێت.

11. ئیسلام بیروباوەڕ بەخواوبەڕۆژی دوایی بەگرنگترین هۆی دابین کردنی ئابووری ئەزانێت.

12. ئیسلام بێجگەلەبیروباوەڕ ڕەوشتیش بەهۆیەکی تری پێشکەوتنی باری ئابووری ئەزانێ، ئەم دووخاڵە تەنها لەیاسا ئاسمانیەکاندا هەیەوئیسلام سەرقافڵەیانە.

13. لەئیسلامدا هەموویاساوڵ وچاودێریە میریەکان بۆدابین کردنی ژیانی خەڵك بەکارئەهێنرێت، جاکێ یاسایەکی لەئیسلام چاکترشارەزایە، باپیشانی داولەگەڵ ئیسلامدا بەراوردی کات ئێمە تەنیا ئیسلام بەدڵسۆزوداشتیاری خەڵك ئەزانین وهەموویاسادەستکردەکان تاقیکرانەوە هیچ کامیان بێجگەلەسەرگەردانی وڕۆژڕەشی ئینسان شتێکی تریان بۆخەڵك نەهێناونایشی هێنن.ئەم ڕێبازە زیاترلەهەزارسال تەجروبەی فەرمانڕەوای هەیەولەهەرسەردەمێکداچاکتردەستی پێوەگیرابێت خەڵکی بەختەوەرتربووە، دەی مرۆڤ ئەگەرنەخەڵەتاوی فریونەدراوی بۆبۆئەم یاسایەوهێنانەوەکایەی هەوڵ نادەیت ژیرانەیەك کەم بیربکەرەوەوبزانەتۆبۆچی خەریکی وسودوزیانی چەندە.

خوێنەری بەڕێز، ئەمەکورتەباسێك بوو سەبارەت بەئابوری لەئیسلامدا وڕێگای چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی، جائێنجاسەرنجێکیش بدەلەبەرنامەخوێنمژەکەی سەرمایەداران وبەرنامە بێ سەروبەرەکەی کۆمۆنیستی کەلەیەکەمیاندا مرۆڤ کراوە بەبەندەی پارەوسەروەت ولەدووهەمیاندا کراوە بەبەندەی سك وناولنگی بەڵام ئیسلام

سەروەت وسامانی بۆیەپێ خۆشە چونکەبەهۆیەکی گرنگی ئەزانێ بۆخزمەتی ئاین وگیان وژیری وناموس هەرکاتێك سەروەت وسامان زیانێك بەیەکێك لەوانە بگەیەنێت ئەوسەروەت وسامانەی بەلاوەبێ نرخە، واتەئیسلام سەروەت وسامان بەخزمەتکاری مرۆڤ دائەنێت، هەرچەندیەکێکە لەوپێنج شتانەی کەئایین تەنیا بۆئەوانەدانراوە ئەمما لەدوای هەموویانەوەیە واتە، ئایین، گیان، ژیری، وەچە(نسل)ومالْ.

بەلاْم لەمەکتەبەکانی تردا، ئەوانەی کەئەمرۆ رۆلْەی مسولْمانیان لەرێبازی خوالادواوەوبەرەوئەملاوئەولامان ئەبەن وبارمان پێ ئەکێشن لەبەرخاتری سامان، یان سك تێرکردن نەئایین باوی هەیەونەگیان نرخی بۆدائەنرێت ونەژیری رێزی هەیەونەباسێ لەناموس هەیە!!بەلْکوهەموویان فیدای سامان وسك کراون، پێم نالْێی، مرۆڤ وەختێك ئایین وگیان وژیری وناموسی پێشێل کرائیتر چ مافێکی تری هەیە؟؟!!ئەگەرئایینت نەداوەبەپارەیان سك تێرکردن چۆن دژی ئاینت ئیش ئەکەیت؟! وەئەگەرژیریت پێشێل نەکراوە چۆن رێبازی دژی خۆت هەلْدەبژێریت وەیان بەپارەی خۆت وعارەقی ناوچاوانت خۆت بێ عقلْ ئەکەیت؟!وەئەگەرناموست پێشێل نەکراوەبۆچی لەکاتی ناوبردنی ناموسدا زۆرتورەومۆنیت؟! وەئەگەرناموسی خۆت بەرەلاْئەکەیت بەناوی ئازادی یەوە چۆن ناموسی خەلْك ئەپارێزیت؟؟!! وەئەگەر هیچکام لەمانەش دەرك ناکەیت هەوالْ پرسی ژیری کەیت چاکترە!!

بەهیوایین هەموومرۆڤەکان مرۆڤایەتی خۆیان بدۆزنەوەوپیاوانە دەستی برایەتی ودۆستایەتی بەیەکتربدەن ویەك دلْ ویەك گیان ویەك ئایین بۆسەرفەرازی گەلەکەمان تێکۆشن تائەم گەلەستەمە لێ کراووچەوساوەمان بەخۆشی وخۆشبەختی هەردووجیهان بگات(وَلَوْ أَنَّ أَهْلَ الْقُرَى آمَنُوا وَاتَّقَوْا لَفَتَحْنَا عَلَيْهِمْ بَرَكَاتٍ مِنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ وَلَكِنْ كَذَّبُوا فَأَخَذْنَاهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ)الاعراف/96.

واتە: ئەگەرخەلْکی وولاتان باوەریان بهێنایەولەخوابترسانایە ئەرژابەسەریاندا فەروبەرەکەتی ئاسمان زەوی بەلاْم ئەوان بێ باوەربوون بەرێبازەکەی خوابۆیە خواگرتنی وتۆلْەی کردارەکانیانی لێ سەندنەوە، براینە زۆرچاك لەم ئایەتەگەورەوپیرۆزەوردبنەوە چونکەبۆتەمێ کردنی ئێمە هاتووە جائەگەر روکەینەوە ئایینەکەی خوادلْنیابن کەژیانی هەردووجیهانمان چاك ئەبێت ئەگینا حالْمان لەئێستاچاکترنابێت وهەمیشە خۆزگە بەپارئەبەین؟!ئەوەش چاك بزانن کەخواهیچ زیانێك ناکات لەدژایەتی کردنی خەلْك بۆئایین بەلْکوهەرخەلْك خۆی زیانی پێ ئەگات وسەرئەنجامیش ئەبێ بگەرێتەوەبۆپێشگای خوابۆحیساب وەکوخۆی ئەفەرموێت(إِنَّ إِلَيْنَا إِيَابَهُمْ (25) ثُمَّ إِنَّ عَلَيْنَا حِسَابَهُمْ)الغاشیە/25-26، واتە: بەراستی بۆلای ئێمەئەگەرێنەوەولەپاشائێمە موحاسەبەیان ئەکەین، براوخوشکی کوردم پێشینەوتویانە، حەق رەقەیان حەق تالْە، هیوادارم نەرەقی قسەکانم بتان تارێنێ ونەتالْیەکەی بتان گێجێنێ دۆست ئەوەیەبتان گرێنێ ودوژمن ئەوەیەبتان کەنێنێ ئیتر بەخواتان ئەسپێرم.

والسلام علیکم ورحمە الله

عبدالقادر تەوحیدی

کۆمەلْگای رانیە